# FLASHBACK

FLASHBACK

# فلاشباك

ئەزموون

لە دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەوە

2001-1997

ستیڤان شەمزینی

ناوی کتێب: فلاشباك
بابەت: ئەزموون
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: سکای دیزاین
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ: ٢٠١٧
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی

## پێشەکی

خوێندنەوەی ئەزموونی تاکە کەسێك، بەتەنێ خوێندنەوەی رۆمانی و بیۆگرافی کەسایەتییەك نییە، بەڵکو لەو رێگەیەوە بە زەمەن و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان و تێرمی بیرکردنەوەی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراوش ئاشنا دەبین، بە مانایەکی تر ئەشێ بتوانین زۆر هەڵهێنجانی فکریی و سۆسیۆلۆژیی لە خوێندنەوەی ئەزموونی کەسێکەوە دەستبخەین. لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە ئەزموونانە یارمەتی باشی توێژەران دەدا بۆ ناسینەوەی قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی نزیك. ئەوەی من نوسیوومە بۆ ئەوکاتە تەنیا رەشکردنەوەی لاپەڕە بوو لەلایەن گەنجێکی پڕ حەماسەوە بۆ کاروچالاکی رۆشنبیریی تەنانەت بۆ شۆڕشیش، بەڵام بۆ ئێستا ئەشێ ماددەی خاوبێ بۆ لێکۆڵەران بە مەبەستی ناسینەوەی شەقڵی نەوەی یەکەمی دوای راپەڕین. لە پەنا ئەمەشدا بۆ دیاریکردنی ئاستی گەنجانی ئەو زەمەنە، جیا لەمەش تێگەیشتن لە خەون و خەیاڵاتی گەنجانی ئەو ماوە دیاریکراوە.

ئەوەی من لە دەفتەری رۆژانەی خۆمدا تۆمارم کردووە، زۆر لەمە زیاترن کە لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەون، بەڵام هەوڵمداوە چەند بەشێك هەڵبژێرم، تاکو بگاتە بەردەمی

خوێنەر، لەبەرئەوەی هەموو بەشەکان پێکەوە دەبوونە درێژدادڕییەکی ناپێویست و هاوکاتیش هەموویان شایانی بڵاوکردنەوە نین. لێرەدا خۆم بە ئەنقەست پەڕاوێزم بۆ ناوی کەسایەتی و هەندێ ڕووداو دانەناوە، چوونکە ناخوازم وەك بابەتێکی مێژوویی سەیری بکرێ، بە قەدەرئەوەی بۆم گرنگە وەك ئەزموونێك لێی بڕوانرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سیاقی مێژوویی نووسراوەکان و ئاستی ڕۆشنبیریی و تەمەنی نووسەرکە ئەوسا خوێنەرێك بووە یان لە سەرەتای پرۆسەی نووسیندا بووە.

پێم خۆشە خوێنەری کوردیش ئاشنا بێت بەم جۆرە کتێبانە، بە تەنیا مێژووی ڕووت وەك پانۆرامای ڕووداوە گەورەکان، دەبێتە حکایەتێکی خۆش و بابەتی شەوچەرە، بەڵام ئەم تەرزە نووسینانە تایپێکی ترن کە خوێنەر فێری بیرکردنەوە و تێڕامان دەکەن، بە دیوێکی تریشدا ئەزموونی نەوەی ئێمە ڕەوانتر دەگاتە نەوەی دواتر و ئێستاش. دەتوانم کارەکەم ناوبنێم نووسینەوەی وردە مێژوو، گرنگ ئەوەیە توێژەری زرنگ پەیدا بن، بتوانن کەشفی بەهای گرنگ بکەن لەم ئەزموونە تاکەکەسییەوە، سیمای نەوەیەکی پێ بناسنەوە کە ناومناوە نەوەی بەدبەختییەکان، چوونکە ئێمە نەوەیەك بووین لە نێو کورەی شەڕی ناوخۆ و ئابڵوقەی ئابووریدا ژیانمان لێ تاڵ کرابوو، هەستمان بە پووچی هەموو شتێك دەکرد، لە پێش هەموو شتێکیشەوە ژیانمان بە پووچ

دەزانی.

بەهەرحاڵ ئەمە ئەزموونی منە، دڵنیام هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی ترم ئەزموونی دەوڵەمەندتریشیان هەیە، بەڵام من سەردەقی کارەکەم شکاند بی ترس ورارایی، بێ دەستکاریی و ئیزافەکاریی، یادداشتەکانی رۆژانەی خۆمم خستە بەرچاوی خوێنەران. هیوادارم هەوڵەکەم کۆتا کار نەبێت لەو نێوەندەدا، بەڵکو ببێتە جۆرێك لە هاندان بۆ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم ئەزموونی خۆیان بنووسنەوە یان ئەگەرشتێکی هاوشێوەی ئەمەی منیان هەیە، بڵاوی بکەنەوە، چوونکە وەك هێمام بۆ کرد ئەمە بە تەنیا ئەزموونی کەسێك نابێ ئەو کاتەی بگاتە دەستی خوێنەران، بەڵکو دەبێتە بابەتێك کە مێژوو و ئەدگاری نەوەیەکی کلۆڵی پێ دەناسرێتەوە. بایەخەکەشی زیاتر بۆ توێژەرانی کۆمەڵناسییە کە دەبێتە ژێدەرێکی بەپێز بۆ لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکانیان. رەنگبێ زۆر سوودی تری هەبێ بۆ لێکۆڵەرانی تر، کە لەوانەیە ئێستا بە هۆشی مندا نەیەت. گرنگ ئەوەیە کارەکەم خستۆتە بەردەم خوێنەران، ئیدی لەوە بەدوا چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت نازانم.

**ستیڤان شەمزینی**

ئەڵمانیا - فێبریوەی ٢٠١٧

هەواڵنامەی کتێب

# -١٠-

ئەمڕۆ هەست بە ماندووبوون دەکەم، هەم جەستە و هەم دەروون و مێشکم ماندوون. دوێنێ مەراسیمی یادی دامەزراندنی حزب لە سەهۆڵەکە بەڕێوە چوو. کارکردنمان بۆ سەرکەوتنی ئاهەنگەکە زۆر ماندووی کردین. ئەگەرچی لە ناوەڕۆکی وتارە سواوەکان زۆر بێزار بووم، بەڵام هێشتا ئەم چرا کزە بە تاقانەترین تروسکە دەبینم. ناسیۆنالیزم و دین، دەستیان ناوەتە قوڕقوڕاگەی مرۆڤی کوردەوە، هەردوو ڕەوتی کوردایەتی و ئیسلامی، لە خوێن و کابووس و فرمێسک زیاتر، شتێکی دیکەیان بۆ کۆمەڵگە پێ نەبووە و نییە. لەم سۆنگەوە کۆمۆنیزم تاکە ڕێگا چارەیە. ڕەنگە ئەم وتەزایە لە خۆیدا تاکڕەهەند و دۆگمایانە بێتە پێش چاو، بەڵام واقیعی حاڵیشە.

دوای تەواوبوونی مەراسیمەکە، لەگەڵ هاوڕێیان «نەورۆز جەزا، سروود خالید، ئاسۆ عوسمان» جەدەلێکی زۆرمان کرد. ئاسۆ و سروود لە سەنگەری داکۆکیدان لەم سیاسەتەی ئێستای حزب، نەورۆز و من، ڕەخنە لەم شێوازە

لە تێفکرین و کارکردنی سیاسیی دەگرین. ئەگەرکاربەم شێوەیە بڕوات، حزب دەبێتە دەزگایەکی مردوو و بەرهەمهێنی لۆمپنیزمی سیاسیی. ئەوەی من تەرحم کرد، دیدێکە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی روانگەی «لوی ئاڵتۆسێر»، ئەوەی ئەوانیش داکۆکیی لێدەکەن بە تەنێ جووینەوە و دووبارەکردنەوەی تێزەکانی هاوڕێ «مەنسوور حیکمەت»ە.

برادەران وا دەزانن لە سیاسەت بێزارم، نا مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە، ئەنگڵس وتەنی «دوورکەوتنەوەی هەمیشەیی لە سیاسەت کارێکی مەحاڵە، تەنانەت هەموو رۆژنامە لایەنگرەکانی دابڕان لە سیاسەتیش، خۆی لە خۆیدا سەرقاڵی سیاسەتن». تەنێ لەم نۆرمە لە کاری حزبایەتی بێزارم، لەوە دڵنیام ئەم مۆدیلە سەمەرێکی نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەکێکم لەو کادرانەی زۆر چالاکانە کاردەکەم، چوون ئومێدێکی بچووکم هەیە حزب بتوانێت بگەڕێتەوە سەرریتمێکی عەقلانی و سیاسیانەترکە پێویستە ئەم شێوازە وشك و ئەرسەدۆکسییەتەی خۆی بگۆڕێت. بێزاریشم لەوجۆرە ئەدەبیاتەی قسەی پێ ئەکەین، پێویستە ئیش بۆگۆڕینی ئەوزمانە بکەین.

ئەگەرچی گفتوگۆکە گەرم و دوورو درێژ بوو، بەڵام لێی هەڵاتم، لەبەرئەوەی بێزارو خەمۆك بووم، چوونکە هەر دوێنێ وەك هەمیشە دڵی دلبەرم ئێشاند و ئازارم دا. کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی دوێنێ بڕیارمدا بوو ئەم کۆپلە شیعرەی

«بەکر عەلی» کە دەڵێ «حەزم ئەکرد بەرلەوەی بڕۆمەوە .. نازدارەکەم لە پێکێکدا بتخۆمەوە» پێشکەش بە مەعشوق بکەم، زۆری نەبرد لەبەر غیرە و هەستی ئەوەی خیانەت لە عەشقەکەی دەکەم، شەڕێکمان قەوماند دەبێت لە مێژوودا بە کتێبێك بنووسرێتەوە «ئەو چرکانەی دنیایان هەژاند». منیش لە داخدا بە دلبەرم وت ئیتر برۆ بۆ هەمیشە لێم دووربە. پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد، بەردەوام ئەو دێڕە شیعرەی «نالی» وەڵامی هەموو داخوازییەکێتی.

گوتم قوربانی تۆ من بم، گوتی قوربانی تۆ سەگ بێ
گوتم شیشەی دڵم ناوێ، گوتی بۆچیمە؟ مەکسوورە

بەراستی زۆر قورس بوو ئەو دێڕانە، ئەو بە من بڵێ بە قوربانت بم، منیش لە بری ئەوەی خۆم بکەمەوە بە قوربانی، بەوپەڕی دڵڕەقییەوە بڵێم سەگ قوربانی تۆ بێت و نامەوێ بێمە ناو دڵی شکاوی تۆوە!!. ئاخر من کێم ئەوەندە لە خۆبایم؟. هەست دەکەم نەزعەیەکی سادیستانەی ترسناکم تێدایە، بە تایبەت بەرانبەر بە یار. خۆم بە خۆم بم.

١٩٩٧-٧-٢٢

# -٢٠-

چەند هەفتە پێش ئەمڕۆ، كاتێك چوومە پێشانگايەكى تايبەتى هونەرمەندى شێوەكار «محەمەد عارف» لە هۆڵى مۆزەخانە، كۆمەڵێك تابلۆى هونەريى ئاست بەرز سەرنجيان راكێشام، يەكێك لە تابلۆكان بووە ئيلهامبەخشى چيرۆكێك، هەنووكە دەمەوێت چيرۆكەكە بنووسم. ناوەڕۆكەكەى باس لەوە دەكات وێنەكێشێك تابلۆى ئافرەتێك دەكێشێت بە جوانترين شێوە و رووخسارەوە، بەڵام پاش ماوەيەك لە قاڵبوونەوە و تێڕامان لە خودى تابلۆكە، هونەرمەندى وێنەكێش بڕياردەدات بە دواى ئەوژنەى ناوتابلۆكەدا بگەڕێ لە زەمينى واقيعدا و ئەو كەسە بدۆزێتەوە لە ئەندێشەيدا سكێچى كردووە، هەرچەند دەگەڕێ ناگات بەو كەسەى لە پۆرترێتەكەيدا وێنەى كێشاوە، بۆيە نائومێد دەبێت. مەبەستى من لەم چيرۆكە ئەوەيە هەرگيز مرۆڤ ناگاتە ئەو وێنە خەياڵييەى خۆى لە مێشكيدا بۆ ئافرەتێك كێشاويەتى كە بڕيارە ببێتە عاشقى يان هاوسەرى يان نيوەكەى ترى.

خەسڵەتی منیش لە چیرۆکدا وایە، بەردەوام حەزم بە کۆتایی تراجیدیی و پڕنائومێدیی هەیە.

کاتێك بیرم لە نووسینی ئەم چیرۆکە دەکردەوە و هێڵکارییەکانیم لە مێشکی خۆمدا دەکێشا، نقومی ناو دنیای «کاروان عوسمان» بووم، چەند گۆرانییەکم بۆ چەندین جار دووبارە کردەوە، بەڵام گۆرانی «بهێنە بەرچاو موڵك نەبێت» زۆر دڵگیرە لای من، بەتایبەت گۆرانییەکە ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی هەیە و بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**بهێنە پێش چاو موڵك نەبێ**
**ئاسانە ئەگەرتێفکری**
**هیچی موڵکی هیچ کەس نەبێ**
**سەرسەریشمان تا چاوبڕێ**
**غەیری ئاسمان چیدی نەبێ**
**ڕەنگە بڵێی خەیاڵات ئەکەم**
**بەڵام هەرمن نیم وا ئەڵێم....**

من تازە زانیومە، «کاروان عوسمان» سەرباری خڵتەی بیروڕای ناسیۆنالیستی، کەسێکی سۆسیالیست و چەپ بووە، ئەمە هێندەی تر وابەستەی کردم بە دنیای هونەریی ئەو هونەرمەندەوە، هەرچەندە دەسڵەمێمەوە لەوەی ئایا بە ڕاستی ئەو هونەرمەندە پیاوکوژ بوو؟، بەڵام ئەو تۆمەتەش هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە دنیایەکی هونەریی تایبەتی هەیە، لەم ڕووەوە تێزی «ڕۆلان بارت» کە بەرهەم و ژیانی تایبەتی

خاوەن بەرهەم جودا دەكاتەوە، لای من زۆر گرنكی هەيە. ئەوەی بۆ من گرنگە هونەرە نەك ژيانی تايبەتی هونەرمەند.

بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ دەمەوێ پەلە بكەم، لە نووسينی ئەو چيرۆكە، بەڵام كتێبێكی «كرباسی» بە ناوی «تەورات و ئيمپرياليەت» لە بەردەستمە و دەمەوێ زۆر بە زوويی تەواوی بكەم. ئەمەش دوای ئەوە هات كتێبە نايابەكەی «ئيدوار سەعيد»م بە ناونيشانی «الصور المپقف» دوو جار خوێندەوە. دەبێت ئێستا كاتەكە بدەم بە نووسينی چيرۆكەكە، چوونكە وا بڕيارە هاوڕێيەكی حزبی شيوعی لە ديمەشقەوە هەموو بەرگەكانی «احياوعلوم الدين»ی «غەزالی»م بۆ پەيدا بكات و بۆم بنێرێ، ئەوسا بواری نووسينم كەم دەبێتەوە، چوونكە ئەو كتێبە چەند بەرگێكە و بابەتەكانی پەيوەستە بە بنەماكانی شەريعەتی ئيسلامەوە، ئەوەش تموحی منە كە دەمەوێ لە ئيسلام شارەزا بم، چوونكە لانيكەم بۆ ئەمڕۆ زانيارييە ئاينييەكان بۆ كەسانی وەك ئێمەی چەپڕەو گرنگی خۆی هەيە.

١٩٩٧-٨-٢٥

# -٣-

ئێستا کاتژمێر حەوتی ئێوارەیە. دەستم داوەتە پێنووس و لاپەڕەیەکی تر لەم تۆماری رۆژانەیە رەش دەکەمەوە. ئەمڕۆ لە خولێکی دوو مانگی موزیك تەواوبووم، ئەم خولە لەلایەن مامۆستای موزیك «هێمن حەمەجەزا» سەرپەرشتی دەکرا، شتی نوێ لە تیۆریی و پراکتیکی فێربووم، نوارو کرۆش و دەبڵ کرۆش ئەو زاراوانەن ئێستا لە هەموو زاراوەیەکی تر زێدەتر بەکاریدەهێنم، بڕیارم نەداوە ببمە موزیسیانێك کە بەشێوەیە تەقلیدییەکە بەشداریی لە دروستکردنی گۆرانییەکدا بکەم، نا من موزیکی رووتم دەوێ، چوونکە لە «نیتشە»وە فێربووم بەهۆی موزیکەوە خۆم لە مەرگێك رزگاربکەم کە هەقیقەت دەیهێنێت، موزیك رزگارکەرە، ئیدی نازانم چ «ڤاگنەر»ێك وەهای لە من کردووە، پەیوەست بم بە موزیکەوە؟، ئاخر من چەندین جارڕۆحی ونبووی خۆمم لە پارچە موزیکێکی کلاسیکی یان سیمفۆنییەکی «بیتهۆڤن یاخۆ «مۆزارت»دا دۆزیوەتەوە، دڵم هەمیشە لە

پێدەشتی ئاوازەکاندا لێ بەجێماوە. ئەوە مۆسیقایە کە ناهێڵێ مردووانە ژیان بکەم.

ئەورۆ لە دنیای «نیتشە» قووتارم نابێت، بیر لە شاکارە گەورەکەی دەکەمەوە «زەردەشت وا دەڵێت!» ئەم گوزارشتە زۆربەتوندیی رایگرتووم کە دەڵێ «لەناوهەموو نووسراوەکاندا تەنیا ئەوانەم خۆشدەوێ بە خوێن نووسراونەتەوە، بە خوێنی خۆت بنووسە، ئەوسا دەزانی خوێن گیانە». دیسانەوە لەسەر چەمکی «مەرگی خوا» دەوەستم، چوونکە «نیتشە» مەبەستی لە وتەزای «خوا مرد» ئەو جیهانبینییە پیرۆزکراوەی مۆدێرنە بوو کە وەك ئاینێك خۆی دەنواند، پاشان سەرسام دەبم بە رۆحە یاخیگەرەکەی و لەوانەشە ئەوەی منی کۆمۆنیست بۆناوجیهانی ئەم فەیلەسووفە ئەنتی مارکسییە رابکێشێت، ئەورۆحە ئەریستۆکراتییە بێ هەست دەکەم لە خۆمدا زۆربە زەقی رەنگیداوەتەوە. من خڵتەی ئەو رۆحە بەرچاوی لێڵ کردووم، تەنانەت زیاترلە هەرشتێك بۆ رەگە ئەریستۆکراتییەکەی خۆم دەگەڕێمەوە و هەمیشە وەك چەکێکی شانازیی و منەت بە خەڵکی دەفرۆشمەوە. من هێشتا ئەم پارادۆکسەم لەخۆمدا چارە نەکردووە، ئەرێ چەپێکی شێلگیرورادیکاڵ و دنیای نیتشە ورۆحی ئەریستۆکراتی چی پێکیانەوە دەبەستێتەوە؟.

کاتژمێر ٥:٣٠ لەگەڵ برادەران باسی کارێکی شانۆیمان کرد، تا پێشکەشی ئەو گەنجانەی بکەن دێنە هۆڵی میدیا،

رام وایە «هاملێت» شانۆگەرییەکە زۆر دڵگیرە، هاوڕێیانی تر باس لە«رۆمیۆ و جولێت» دەکەن، بە مەرجی ئەوە سەرم لەقاند بۆ ئەو شانۆگەرییە، رۆڵی «رۆمیۆ» بە خۆم بدرێت. تەنانەت بیرم لە دەستنیشانکردنی «جولێت»یش کردۆتەوە!، هەرچەند رای سەرەکی من ئەوەیە شانۆگەرییەکی یاخیگەرانە نمایش بکەین، لێ نامەوێ بیروڕا رادیکاڵییەکانی منی تێدا رەنگ بداتەوە، بەڵام دۆخی ئێستا سەردەمی راچەنین و یاخیبوون و رێنسانسی نەوەی نوێیە. بڕوا دەکەم دەتوانین تابۆکان بشکێنین. دەتوانین شۆڕشی ١٩٦٨ی قوتابیانی فەرەنسا و دروشمی «با قەدەغەکردن قەدەغە بکرێت» و چەپاندنی سێکسی و سەرکوتی رامیاریی و گرێی ئۆدیبی تاکی کورد و سادیزم و هەرەسی ئاکاریی دەسەڵاتی سیاسیی پێکەوە بکەینە هەوێنی کارێکی شانۆیی!! من ئێستا دەمەوێ سبەی ئەوتەرحە بۆ هاوڕێیان بکەم، بە توانای سادەی خۆشم شان دەدەمە بەر نووسینی تێکستێکی لەو جۆرە تاکو دواتر وەك بەرهەمێکی شانۆیی نمایشی بکەین. ئەمە لە ئێستاوە پرۆژەی منە.

١٩٩٧-٩-١

# -٤-

ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکمان لە هۆڵی «میدیا» ئەنجامدا، «بورهان ئەحمەد، کوردۆ» لە کۆبوونەوەکە بەشدار بوون. بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کرد، لەسەرپێشکەشکردنی شانۆگەرییەك بۆ ئەو گەنجانەی دێنە میدیا. پێشنیاری من بۆ شانۆگەرییەك کە دەمێکە بیری لێدەکەمەوە، شکستی هێنا. بڕیاردرا «ڕۆمیۆ و جولێت»ی شکسپیرپێشکەش بکەین و ئەوەی پەسەند کرا ئەوەبوو من ڕۆڵی «ڕۆمیۆ» ببینم. کاك فەرەیدوون حەسەن بەسەر گفتوگۆکەدا هات و سەیرێکی کردم، بە زەردەخەنەوە وتی «ئەم گەنجە جوان و چاو سەوزە بە ڕاستی ڕۆمیۆیە، بەڵام هیوادارم جولێت بەو جۆرە بدۆزنەوە کە وەك چۆن ئەم ئەتوانێ ڕۆمیۆ بێت، ئەویش جولێت بێت».

دوو کاتژمێر پێش ئێستا لە خوێندنەوەی دەقی شانۆیی «ڕۆمیۆ و جولێت» بوومەوە، لە ڕۆڵەکەی خۆم دەترسم، بەڵام ئیرادەم هەیە بتوانم سەرکەوتووانە ئەدای ئەو

کارەکتەرە عاشقە بکەم. بە گشتیی حەزم لە تراجیدیا هەیە، لەبەرئەوەی هەموو چرکەساتە سۆفت و خۆشەکانی ژیان بە تراجیدیای گەورە گەورە گەمارۆ دراون، هەموو ساتە شادەکانمان لە کۆتادا مەحکومن بە تراجیدیا. بەدەر لەمە هەست بە گۆڕانێك ئەکەم لە خۆمدا لە چەشنی ئەو گۆڕانەی بەسەر کالیگۆلادا دێ لە شانۆمانەی «کالیگۆلا»ی ئەلبێر کامۆ، کە مێژووی ئەو شانۆنامەیە بۆ کۆتایی سییەکان دەگەڕێتەوە. بۆیە زۆربەی جار هاوڕێکانم هەست بەوە دەکەن کەمدوو بووم، زیاتر بەسەر خۆمدا دەتەقمەوە و شتێك لە ناخەوە دەمخوات، لەم دۆخەدا رستەیەکم لە «الغریب»ی کامۆ بیر دێتەوە کە دەڵێ «لەبەرئەوەی شتێکی گرنگم نییە بۆ باسکردن، بەم هۆیە هەمیشە بێدەنگم».

من کەسێکی چەپڕەوم، نامۆییەکانم پەیوەندیی بەهێزیان هەیە لەگەڵ دیدە مارکسییەکەم لە روانین بۆ دنیا. هاوکاتیش ئیدراکێکی زۆرم هەیە، هەمیشە دەمەوێ شتێك بگۆڕێت، کەچی هیچ ناگۆڕێ، هەموو شت لە شوێنی خۆیدا مراوەحە دەکات. مارکس لە تێزەکان دەربارەی فویەرباخ دەڵێت «فەیلەسووفەکان بەشێوەی جۆراوجۆر دنیایان شی کردەوە، بەڵام قسە لەسەر گۆڕینێتی». ئێمە دەمانەوێ دنیا بگۆڕین، گۆڕینی دنیا بووە بە ئەرکێك لەسەرشانی ئێمەی چەپی مارکسی، ئەو بەشدارییەشم لەهونەردا تەنیا بەشێکە لە هەرەوەزییەك بۆ پێشخستنی هۆشیاریی خەڵك،

خەڵكێك كە هێشتا مەحكوومە بە مەفهومە كلاسیكییەكانی ناسیۆنالیزم و لە دیسپۆتیزمی ئاینی و خێڵ نەیتوانیوە دەرباز بێت. ئەگەرچی لای هاوڕێكانم هونەر بۆ هونەرە، لای نەوەی پێشووش هونەر بۆ جەماوەرە، بەڵام وەك خۆم لە نێوەندی ئەو دووجۆرە دنیابینییە راوەستاوم. ئەوەش هەربە وتن ئاسانە. لەبەرئەوەی ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕی دوو گۆشەنیگا و دوو تێڕوانینی دژبە یەك بووە لە دێرینەوە تاكو ئەمێستا.

ئێستا دوو بەرنامەم هەیە كە دوای نووسینی ئەم چەند دێڕە پەنای بۆ دەبەم، یەكێكیان لە هۆڵی «میدیا» سەیری فیلمێكی «تاركۆفسكی» دەكەم، كە ئەم ناوە تازە ئاشنایە بە ئێمە وكەچی ئەستێرەیەكی گەورەی بواری سینەمایە. دوێنێش سەیری فیلمێكی دیكەم كرد كە «نیكولاس كەیچ وڕۆبن دی نیرۆ» هەردووكیان رۆڵی تێدا دەبینن. جیا لەوەش ژمارەیەكی نوێ «ژمارە ٦»ی گۆڤاری «هانا»م لە سویدەوە بەدەست گەیشتووە ونووسینێكی «حەمەسەعید حەسەن»ی تێدایە بەناوی «كتێبێكی بەخوێن نووسراو» لە پێشدا ئەمە دەخوێنمەوە و پاشا دێمە سەرنووسینەكانی دیكە.

١٩٩٧-٩-٢

## -٥-

ئەمرۆ ٢٨-١٠-١٩٩٧ دوای ٢١ رۆژ حەپسکردن، لە زیندانی ئاسایشی سلێمانی هاتمە دەرەوە. ٢١ رۆژ لەو شوێنە، ئەزموونێکی زۆری بۆ من دروستکرد. جگەرە و کهولم لێبڕا بوو، پێموابوو ئەوە نارەحەتترین شت بوو بۆ من. لەوێ وەك زیندانی جەنگ مامەڵەم لەگەڵ دەکرا، لە ناو دەرزەنێك پیاوکوژ و هەتیوباز و دەرمانفرۆش و عەرەب و دزدا زیندان بووم، هەموو زیندانییەکان بە «مامۆستا» بانگیان دەکردم، رەنگە ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە بێت قاتم لەبەرە و بۆینباخم بەستووە، یان بەهۆی شێوازی قسەکردنەوە بێت کە زۆر زاراوەی قورسی سیاسیی و فەلسەفی بۆ ئەو هەژارانە تیایە کە لێی تێناگەن.

بیر لەوە دەکەمەوە زیندان ناخۆشترین شوێنە، هاوڕێ «فەهد» دێتە یادم کە چۆن ئەم شوێنە نەفرەتییە نەیتوانی چۆکی پێ دابدا؟. یان هەزارەها ئازادیخوازی ئەم دنیایە کە ساڵهای ساڵ لە زینداندا بوون وزیندانیان کردە قوتابخانەی خۆڕاگریی و شۆڕشگێڕیی. هەرچەندە من دژی تاقیکردنەوەی

هەواڵنامەی کتێب

ئینسانەکانم لەسەرمەبنای ئازایەتی و ترسنۆکی، بەڵام دەمەوێ ئازابم، ئەشزانم ئەوە ناسیۆنالیزمە پاڵەوانی دەوێ، بەڵام ئەمەوێ بەرانبەربە ئازارو ئەشکەنجەی ئەم دەزگایە پاڵەوان بم. چوونکە ئەوان رقی زۆریان لە خودی خۆم و کۆمۆنیزمە، تەنانەت دوێنێ پێش بەربوونم ویستیان بە کەفالەتی وازهێنان لە کاری سیاسیی ئازادم بکەن، بەڵام وتم ئەمەوێ هەرلە ژوورەوە بم نەك تەسلیمی داوای ئێوە بم. کە ئەمزانی مانەوە لە زیندان زیاترسوورم ئەکات لەسەر بیروڕاکانم.

ناخۆشترین شت لەوسێ هەفتەیەدا ئەوەبوو، کە داوای قەڵەم و کاغەزم ئەکرد، بە تووڕەییەوە وتیان لە یەکێتی نووسەران میوان نیت، ئێرە ئاسایشە کە تێیدا پشتی زۆرکەسی لە سکی نەرمترکراوە. ئەو شەڕە دەروونییە، لە ئەشکەنجەدانەکان بە سوێتربوو. ئاخرمن لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی سیاسیی دەستگیرکراوم، چۆن وا مامەڵەم لەگەڵ ئەکرێ؟ بەڵام نەگبەتی ئەم رۆژهەڵاتی نێوینە ئەوەیە دەزگا ئاسایشەکانی بە دەست کۆمەڵێ پیاوکوژ و نیمچە مافیاوەیە. کە نەك سڵ لە سوکایەتی و ئەشکەنجەدان ناکەنەوە، بەڵکو تیرۆری سیاسیی لایان لە قاوەخواردنەوە ئاسانترە. ئینجا خۆش ئەوەیە حزبەکانیان مەکتەبی تایبەتی حزبییان هەیە بە ناوی «مەکتەبی مافی مرۆڤ»!!. زاراوەی «مافی مرۆڤ» دروشمێکە کە زۆرترین

تاوانی لەژێردا کراوە لەهەموو دنیادا.

ناخۆشییەکی تری ئەوە بوو، کە کۆمەڵێ لە ئەفسەرەکان ئەیانووت خۆ ئێمەش مارکسی و چەپین!!. جارێك منیش وتم ئێوە کە خۆتان بە لینین ئەزانن، ئەدی خۆ من «تزار»ی قەیسەری رووس نیم، چی دەکەم لە کونجی زیندانی ئێوە؟. هەروام وتی، جەلادێکی سوورفل بە کێبڵ بەربووە گیانم، هاواریان ئەکرد بەسەرما ئێوە کۆمەڵێ منداڵەورتکەن، رۆژێ وەك سەگ هەمووتان ئەتۆپێنین.! منیش بێعارتر بووم لەوان ئەمووت ئەگەر منداڵەورتکەین، بۆ لێمان ئەترسن؟. کابرایەکی تێکسمڕاوبە دەنگێکی نەرم وتی ئێوە زیرەکن بەڵام زۆر دەمدرێژن. دواتر زانیم کە ئەو پیاوە پلەدارێکی دەزگای ئاسایشی یەکێتییە. ئێستا هاتوومەتە دەرەوە لەبەر خۆمەوە ئەڵێم باشە قەڵەم و دەفتەریشیان بهێنابایە چیم ئەنووسی؟ خۆ من «ئەنتۆنیۆ گرامشی» نیم لە زیندانەوە فۆرمۆڵەی زۆر بنەمای مارکسییەتم بکردایە!. هەر دوو دێڕی بێسەروبەرم ئەنووسی ئیتر بۆ خۆم گەیاندە قامچی؟. ئەم یاخیبوونەم ترسناکە.

١٩٩٧-١٠-٢٨

# -٦-

ئەمڕۆ ڕۆژێکی ناخۆشە، تەلەفزیۆنەکان تەنیا بۆنی مەرگ و باروووت و خوێنیان لێدێت، ختووکەی هەستە ساناتۆسییەکانمان ئەدەن. هەموو شتێك بۆنی شەڕی گرتووە، شەڕێك کە ئێستا ناوێرم بڵێم ناڕەوایە چوونکە بە تۆمەتی خیانەت بە میقسەڵە ژەنگاوییەکەی شۆڕش سەرم لە لاشە دەکەنەوە. بڕیارمداوە وەك هەموو ڕۆژەکانی تر سەرخۆش بم و خۆم بێئاگا بکەم لەم کۆمەڵگەیە کە سەرچۆپی و خەنەبەندانییەتی بۆ ئەوکوشتارە بێمانایەی لەسەردەسەلاٌت لە کوردستان هەیە. کارەباش نییە، بۆیە دەچم بۆ هۆڵی میدیا، دەخوێنمەوە و گوێ لە پارچە مۆسیقای «مۆنامۆر» دەگرم. دوێنی لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «الحب فى الزمن كوليرا» ی گارسیا مارکیزبوومەوە، لەوانەیە ئەمڕۆ شتێك لە گوڵە بەدەکانی «بۆدلێر» بخوێنمەوە. دوای ئەوەش ئەڕۆم بۆ باڕی «نزار» لە خوار چایخانەی شەعب، چاوەڕوانی برادەرێکیش ئەکەم بە ڕێکەوت بیبینم و پێکەوە دوو پێك بۆ خەمی قووڵی نیشتمان هەڵدەین.

ئەگەرچی پارتی بیست رۆژێك پێش ئێستا، لەلایەن خۆیەوە شەڕی راگرت، بەڵام هێشتا لە بواری کرداریدا، هیچ هەنگاوێك بۆ ئاشتی نییە. پێموایە هەردوولا ماندووبوون لە شەڕ، رەنگە جۆرە رێککەوتنێك بهێننە دی بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هەردوولا. لەبەرئەوەی شەڕەکە وەك ئەوە نییە لە راگەیاندنەکانەوە باسی لێوە ئەکرێ، چوونکە چەند وردە رۆشنبیرێك وا بۆی چوون و پێیانوایە کە دوای ۳۱ی ئاب و پێکهێنانی بەرەی ئەنتی پارتی «هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان» هیچ ئومێدێك بۆ پێکەوەهەڵکردن و گەڕانەوە بۆ هاوپەیمانی نێوان یەکێتی و پارتی نەماوە بەو جۆرەی لەکاتی «بەرەی کوردستانی»دا هەبوو. لێدوانەکانی مەسعود بارزانیش کە وتبووی «دەستی خۆم ئەبڕم گەرجارێکی دیکە دەست بخەمەوە دەستی تاڵەبانی» تەنیا قسەیەکی عاتیفییە و باهۆزی بەرژەوەندییەکان رایدەماڵێ.

لایەنی دووەمی پرۆسێسەکە ئەوەیە، ئەو شەڕەی نزیکەی سێ ساڵە و هەشت مانگە بەردەوامە لە پای چی؟ ئەو هەموو خوێنە لە بەرژەوەندیی کێ؟. لەوە تێناگەم ئەو خەڵکە چۆن بڕوایان کرد کە شەڕەکە دەستبەسەراگرتنی پارەی گومرگی برایم خەلیلە لەلایەن پارتییەوە؟ خۆ شەستەکان وزەمەنی مەلایی و جەلالی گومرگ لە ئارادا نەبوو. ئەی شەڕی هەکاری و پاکتاوی هەشتاکان بۆ چی بوو؟؟! نەخێر ئەمە شەڕی دەسەڵاتە و مافی خەڵك تەنیا ناونیشانێکە بۆ

بەردەوامی و رەوایيدان بە کۆنەپەرستترین شەڕی باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی. لەلای پارتیشەوە ئەوەی لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنی «گوڵان»ەوە ئەوترێ تەنیا درۆ و پاساوداتاشین و سەفسەتەیە. ناوزەدکردنی تاڵەبانی بە شەیتان و شاگردی «مەکیاڤیلی» تەنیا هەوڵێکی پووچە بۆ مودمینکردنی شەڕکەر و جەماوەری حزبەکەیان.

کە ساڵی ١٩٩٢ هەموو شتێك لە نێوان پارتی و یەکێتی فیفتی فیفتی دابەشکرا، ئێمەی کۆمۆنیستەکان وتمان کوا ماف وئازادیی خەڵك؟ لە بادینان هاوڕێ نەزیر عومەر «ئارام» و لە سلێمانیش «بەکر عەلی»یان تیرۆر کردین!! ئەو زەمەنە کە وەزارەتی دارایی بە دەست یەکێتی و کاك «دارۆ»وە بوو، بۆ باسی برایم خەلیل نەبوو؟ ئەوسا کە داهاتی کوردستانیان وەك برا بەش دەکرد بۆچی پارتی نەیدەووت جەلال تاڵەبانی پیلانگێڕی ئەکا؟ دیمەنەکە ئاشکرایە، شەڕەکە شەڕی بەرژەوەندییەکانە، کەی بەرژەوەندییەکانیان کەوتە ئاشتی وڵات ئەکەن بە ماستی مەیو.. سیاسەت قێزەونە و مەڵێن شێت بووی گەر بڵێم دوور نییە رۆژێ بێتە پێشەوە دووبارە برابەشی داهات و دارایی کۆمەڵگە دابدۆشن و قاقاش لێدەن بۆ ئەو «کەر»انەی خۆیان لە شەڕی ناوخۆدا بە کوشتن داوە.

١٩٩٧-١٢-٢٠

# -٧-

ئەم چرکەیە، کاتژمێر ٧:٤٥ خولەکی شەوە، ئەوە دوا جگەرەی پاکەتی دووەمی ئەمڕۆیە دەیکێشم، واتە لە بەیانییەوە تا ئێستا ئەمە ٤٠ جگەرە بکێشم، تازە ئەم جۆرە جگەرەیە دەکێشم، ناوی «کۆنگرێس»ە، ئەم دوکەڵە وەك چرۆکی دڵم وایە. هەردوو دووکەڵەکەم خۆش ئەوێ. دوو سێ پێکیشم خواردۆتەوە و مێشکم کەمێك ئاڵۆزە، خەیاڵاتی سەیر سەیر بەناو ئەو دنیا قووڵەی مێشکمدا هاتوچۆ دەکات، خەونم هەیە و ئەم وڵاتەش هی ئەوە نییە هیچ خەونێکت هەبێت، لە وڵاتی جەهلی هەزارساڵە و نغرۆی کەلتووری خێڵ و چەك و خوێن، خەونبینین بە تایبەت ئەو جۆرە خەونانەی ئێمە هەمانە، تابۆ و سنوور شکاندن و درز خستنە عەرشی خودایە.

خەڵکی ئەم وڵاتە، کۆیلەی پارە و ورگیانن، مێشکیان فەرامۆش کردووە، عەقڵ ئەسیرێکی هەمیشەیی زیندانی ئاین و خێڵ و ناسیۆنالیزمی پاشکەوتووی کوردە. پارە خوایەکی نوێیە و زۆرترین بەندەی هەیە. «مارکس» لە زمانی

«شکسپیر»ەوە وەسفی پارە دەکات بەوەی «خوایەکی روون و ئاشکرایە و قەحپەیەکی گشتیی و جیهانییە». سەیری ئەو بازاڕە بکەن، هەرچی دەبینیت هەررا دەکات، هەراوهوریایە، پاڵەپەستۆ و قەرەباڵغییە، هەمووی بە دووی فلسدا را دەکات. ئەرێ بۆ کەسێك هەیە بزانێت پارە خوا نییە؟ بۆ کەسێك هەیە بزانێت پارە بۆ خۆشی خۆی سەرف بکات؟. وەك هەمیشە باوکم دەیووت «زۆربەی پارەدارەکان لەگەڵ پاسەوانی بانکەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە».

کێشەکەم هەر ئەوە نییە دوژمنایەتییەکی عەقڵانیم هەیە لەگەڵ کۆمەڵگە، بەڵکو کێشەیەکی تریشم هەیە کە عاشقم، ئەم کۆمەڵگەیە سەرباری ئەوە عەقڵانی نییە، هەستەکی و عاتیفی و عیرفانیش نییە. هیچ شتێك هێندەی سۆز و عەشق لەم وڵاتە هێڵی سووری بەدەوردا نەکێشراوە، کۆمەڵگەیەك رشانەوەی لە عەشق بێت، هەر بۆ ئەوە باشە وێرانی بکەیت. هەر بۆ ئەوە باشە یەك شەق لە دابونەریتەکانی هەڵبدەیت و بیخەیتە ناو زەبالەی خۆڵەوە. «هۆبز» دەیووت «مرۆڤ گورگە بۆ برای مرۆڤی خۆی». ئەمە کتومت ئەو دۆخەیە لە کوردستان بوونی هەیە، مرۆڤ دەبینی تەنیا جانەوەرێکە بۆ خواردنی برا مرۆڤەکەی. ئای خودا تۆبڵێی لە مرۆڤ دڕندەتر چ ئاژەڵێك بێ؟.

عاشقم و کێشەی عەشقم هەیە، وەك پێویست نیم لەگەڵ مەعشوقەکەم، زوو زوو دڵی دەشکێنم، کە لێشم دوور دەکەوێتەوە، وەك «نزار قەبانی» لە شیعری «بەلقیس»دا

دەڵێ «بەلقیس، لێم ون مەبە.. لەبەرئەوەی دوای تۆ.. خۆر کەنارەکان رووناك ناکاتەوە». لە حاڵێکدام نەدەتوانم دەستبەرداری عەشق بم و نەدەتوانم دڵی مەعشوق رابگرم، پەرەگرافێکی رۆمانی «ساتێ مەرگ.. ساتێ عەشق»ی ریمارك، بۆ ئێستای من زۆر گونجاوە. مەبەستم لەم پەرەگرافەیە «زۆر دڵتەنگم، ئەوەندە مەراقم هەیە پێدەچێ بمکوژێت.. بریا توانام هەبووایە لە یادت بکەم، ئەوکات بە سۆزێکی پووچ و بێ نرخەوە دەڕۆیشتم، هەرگیز هەستم بەخۆم نەدەکرد، لەو بەختەوەرییە رەشەدا دەژیام کە دیوە نەیارەکەی خۆشبەختییە». هەناسەکانم خەریکە ئەمخنکێنن، خەونەکانم ئازاری چاوم ئەدەن.

عاشقێکی فاشیلم، بۆیە خەریکە دەبمە شاعیرێکی باش، عاشقێکی فاشیلم بۆیە خەریکە دەبمە مەیخۆرێکی باش، عاشقێکی فاشیلم بۆیە خەریکە دەبمە عارفێکی باش، عاشقێکی فاشیلم بۆیە خەریکە دەبمە بێ نەوایەکی شار. هیچ شتێك نییە پێوەی بنازم، تەنیا ئەوە نەبێت رۆژێك لە رۆژان توانیم دڵی جوانێکی ئەفسانەیی بەدەستبهێنم، لە کاتێکدا خەریکە لە دۆزەخی دڵڕەقیمدا دەیسووتێنم. نازانم چی دەڵێم، بەڵام ئەوەی دەیڵێم هەقیقەتی خۆمە، وەڵێ لەسەرهەقیقەت، وتەکەی ئۆسکار وایڵد بەبیر دەهێنمەوە کە دەڵێ «ئەندێشە لای شاعیر هەقیقەتە، هەقیقەتیش هیچ شتێك نییە».

١٩٩٧-١٢-٢٥

# -٨-

دیسان ئەمڕۆش، بە ڕەشبینییەوە لە خەو رادەچڵەکم، دەستم خستۆتە ژێرچەناگەم و سەرم بەسەرکتێبێکدا شۆڕ کردۆتەوە، دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەمە چ سوودێکی هەیە؟. ئیرەیی بەوانە دەبەم کە مردوون. چوون مەرگ بۆ رۆژگارێکی پڕکوێرەوەریی وەك ئەمڕۆ کە تەمی شەڕئاسمانی گرتووە رزگارەکە. مەرگ رزگارەکە. هەرچەند بیردەکەمەوە، هۆیەك نابینم، وەك ئەو خەڵکە گەشبین بم، ئامرازێك بۆ گەشبینی شك نابەم، جگە لە درۆ. «کۆڵن وڵسن» باس لە داڕووخانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ دەکات و پێیوایە هەموو شتێك بەرەو خاڵی پایانی خۆی دەڕوات. ئیدی هەموو شتێك لە کۆتایدایە. دڵنیام رۆژێکی دوورنییە کە مرۆڤ لەسەر زەوی وەك دەیناسۆرەکان ئینقرازدەکات. بەڵام لە پاش چی؟. لە پاش ئەوەی گەردوون وێران دەکات، وەك درێغیشی نەکردووە.

تۆسەیری ئەم دنیا پووچە بکە، سامانی ١٣٠ کەس لە ئەمەریکا، هەموو کیشوەری ئەفەریقای پێ دەکڕدرێت!.

سەیر بکە ساڵانە رۆژئاوای لانکەی هیومانیزم و لیبرالییەت و بازاڕی ئازاد، سەدەها هەزار تۆن دانەوێڵە و گەنم، نغرۆی ئۆقیانووس دەکات، کەچی لە رواندا و تانزانیا و کیشوەری رەش، مرۆڤ لە بێ نانی دەمرێت لە برساندا. تۆ سەیری «شەپۆلی سێیەمی ژیاری مرۆڤایەتی»یەکەی تۆفلەرو «کۆتایی مێژوو»ەکەی فۆکۆیاما بکەن، چۆن دنیای لە ئاشوبێك هەڵکێشاوە لە ئەفسانەی «بابلی»شدا نموونەی نەبینراوە. ئەمە ئەو رۆژگارەیە «نزارقەبانی» باسی دەکات، کە برسییەکان ددانیان لە مانگی چواردە گیر کردووە، چوونکە شێوەی لە نان دەچێت.

بە بڕوای من، دەسەڵات لە پشتی گەشبینییەوەیە، گەشبینەکان بیانەوێ و نەیانەوێ خزمەتکاری سیستمی کۆن و داڕزیوی حکوومەتەکانن. ئێستا من لە حاڵێکدام کە «ئەدگار ئالان پۆ» هەمیشە دەیووتەوە «پڕاوپڕم لە ئازار و ترس و پووچی». من لێوانلێوم لە نهێلیزم. خەڵك چۆن بیر ئەکاتەوە با بیکاتەوە، چوونکە رقم لەو شتانەیە کە زۆرینەی خەڵك بڕوایان پێیەتی و پیادەی دەکەن، من ئەنتی کەلتووری باڵادەستم، رقم لەو مێگەلییەیە کە بەرهەمی ناسیۆنالیزمی شوانکارەی کوردە. من رقم لەوژیانەشە کە بەشایی و هەلهەلە دێیتە ناوی و بەشین و رۆ رۆ لێی دەردەچی، وەك «حەسار»ەکەی «شێرزاد حەسەن»، «من بە هەلهەلەی شایی هاتمە ناو حەسار، بەڵام دەبینن بە وەلوەلەی شین لێی

دەچمە دەرێ». ئای خودایە لە جوانی «حەسارو سەگەکانی باوکم».

چەند سەختە ئێمە لە وڵاتێکدا مەحکوم کراوین بە ژیان خوێنی پەپوولەی تیا دەڕژێ و سەرچۆپی مەرگی ناسکیی تیا دەگیرێ، کەچی لەولاوە خێڵی جنۆکە فەرشی سوور لەبەرپێیان رادەخرێ!. ئەوەتا من بەو تەمەنە کورتەی هەمە هێندەی هەزار ساڵ ئازارم بینیوە و وام لێهاتووە لە رووی دەروونییەوە بوومەتە کەسێکی ماسۆشی، چێژ لە ئازارو خەمەکانم وەرئەگرم چوونکە خەم و ئازار پانتایی ژیانمی داگیر کردووە. خەمی من بۆ نان نییە، ئەگەرچی خەمی نان هێشتا خەمی زۆرینەی کۆمەڵگەیە، خەمی من کلۆمدانی خەون بینینە. خەونی من، لوتکەی ئازادییە نەك قەفەزی ئاسنینی کەلتور و ئاین و سیاسەت و دەسەڵات. لەبەر خۆمەوە وڕێنە ئەکەم وەك چۆن خولە شێت وڕێنەکانی خۆی لەسەر کارتۆنە جگەرە ئەنووسێ و بڵاویان ئەکاتەوە، فرمێسك ئەڕژم و فرمێسکم بەم جۆرە تەوزیف کردووە لە وڕێنەیەکما:

پرسیاری ئەوە مەکە بۆچی فرمێسك دەڕێژیت؟

پرسیاری ئەوە بکە بۆچی فرمێسك ناڕێژیت؟.

١٥-١-١٩٩٨

**سلێمانی - سەهۆڵەکە**

## -٩-

زۆرتەنیام، تەنیاییەکی ترسناك، ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر چێژلە تەنیایی خۆم وەردەگرم. ئەوەتا لەناو ئەم هەموو دۆست و هاوڕێیەدا هەست بە تەنیایی دەکەم، خۆم وا دەبینم وەك ئەوەی خەڵکی هەسارەیەکی تربم، بیرکردنەوەم نامۆ و جودایە. ئەوەی پێیدەوترێ بیرکردنەوەی گشتیی، لە دژی منە، چوونکە هەرگیز نامەوێ خۆم بخەمە ناو ئەو فەزا و هەلومەرجەی دەمکاتە تاکێکی کلاسیکی و تەقلیدیی تاکو هەمان ئەو قەوانە بڵێمە کە کۆدەنگیی کۆمەڵایەتی لەسەرە، نەخێررقم لەم مێگەلییە دەبێتەوە، خەبات دەکەم لە پێناوی دروستکردنی منێکی جیاوازو نامۆدا. نامەوێ لەسەرئەم شێوازە نەریتییە خۆم بینا بکەمەوە کە کۆمەڵگە سەپاندوویەتی.

ئۆسکاروایڵد، وتەیەکی جوانی هەیە و دەڵێت «کاتێك هەموو کەس لەگەڵ مندا هاوڕا بوون، ئەوکاتە دەزانم هەڵەیەکم کردووە». ئەوە هزرینی منیشە، چ کارم بەوەیە کێ لەگەڵم هاوڕایە؟، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ کەس هاوڕا

نیم. ئەنتیم، یاخیم، توورەم، بڕوام بە رای گشتیی نییە، لای من رای گشتیی قسەی قۆڕە، مەگەر «گۆستاڤ لۆبۆن» بتوانێ ئەو سایکۆلۆجیا گشتییەی جەماوەر شی بکاتەوە کە دواجار سایکۆلۆجیایەکی مێگەلییە. کاتێ لەو مێگەلە خۆت جیا دەکەیتەوە، ئەزانی پرۆسەی لە دایکبوونی تاکێکی ئازاد چەند سەخت و پڕ ئێش وژانە.

ئەمڕۆ زۆر بە قووڵی کەوتمە خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی «گەڕەکی داهۆڵەکان»ی شێرزاد حەسەن. ئەم بەرهەمە گەیشتۆتە لوتکەی جوانی و داهێنانی ئەدەبی. «گۆتە» وتەنی «ئەوەی بزانێ جوانی چییە، هەمیشە تەنیایە». بۆیە ئەم بەرهەمە زۆر نامۆ و تەنیایە، هەروەك چۆن نووسەرەکەی نامۆ و تەنیایە. کۆمەڵگەی ئێمە ئاڵۆشی هەیە بە ئیرۆتیکا و جوانی، بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەیەکە تا سەر ئێسك عوسابی و ساناتۆسیی، تا سەر مۆخ نەخۆش و بێمانا. لەم زرە خاکەدا ئەگەر بەرهەمێکی جوانیش لە دایك بێت، ئەگەر بیرکردنەوەیەکی جوانیش چرۆ بکات، دڕك و داڵی ئاین و کەلتوور و دابونەریتی کۆن، گەمارۆی ئەدەن و گەرووی دەتاسێنن، بەهەر نرخێك بێت دەنگی کپ و خامۆش دەکەنەوە.

ئەمڕۆ لەگەڵ دلبەر دوای ماوەیەك لە دڕدۆنگی و یەکتر ئازاردانی رۆحی، پێکهاتینەوە و وا بڕیارە سبەی ئێوارە لە هۆڵی «میدیا» یەکتر ببینین. لێ من و ئەو، دوو کەسایەتی

جیاوازین، بەڵام عەشق هەردووکمانی لە یەك دۆزەخدا سووتاندووە، دەستی قەدەرکۆیکردووینەوە. سارتەرلە زمانی «جۆبیتەر»ەوە دەڵێ «ئەو خەونە خوێناوییانەی تۆیان شڵەژاندووە، جۆرە پاکێتییەکیان تێدایە». بێگوومان ئەمە ئەورستەیەیە بە نیازم سبەی بە دلبەری بڵێم. خەونە ترسناکەکانی هەمیشە پاکێتییەکی سەیریان لە خۆگرتووە. دڵنیام ئەم ئاشتییە زۆر ناخایەنێ و دیسان قۆناغێکی تری شەڕو دڕدۆنگی دەست پێدەکاتەوە.

خەونی ئەو پیاسەی ئێواران و ماڵێکی ئارام و کوخێکی پڕ بێدەنگی و سەیری دیمەنێکی رووبارو منداڵێکی روو گەشە، خەونی منیش فەوزا وژێراوژوورکردنی کەلتووری کۆمەڵگەیە. بەهەموو هێزمەوە دژی ئەو نەریتە باوانە دەجەنگم کە قەناعەتی کۆنکرێتی دلبەرە. ئاخۆ ئەم دوو خەونە دژبەیەکە چۆن دەکرێت بە یەك بگەن؟!!. تەنانەت لەوە زیاتریش ئەوژیان وەك حەلاوەیەك دەبینێ، من وەك ئازارکێشان وتاڵی، نازانم بۆچی زۆر بڕوام بەووتەیەی «هەمەنگوای» هێناوە کە لە کاتی خۆکوشتنەکەیدا نووسیبووی «ژیان بە ناکامی دەبینم». نەو گەیشتوومەتە دوا پلەی عەبەسییەت و نیهیلیزم، تازە بە تازە دلبەر ئەیەوێ بە خەندەیەك لەگەڵ **ژیان ئاشتم بکاتەوە.**

١٩٩٨-٢-١

# -١٠-

ئێستا کاتژمێر ٧ی ئێوارەیە «رۆژی ١٨-٤-١٩٩٨». لە بارەگای کۆمیتەی رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێ وەستاوین، لەوانە «شاهۆ عێراقی، ئەحمەد حەمەفەرەج، ئاسۆ عوسمان، سروود خالید» و هەندێکی تریش. دڵمان تەنگە و خەفەتباری لە دەستدانی هەردوو هاوڕێی سەرکردە «شاپور عەبدولقادر» و «قابیل عادل»ین. چواررۆژپێش ئێستا من لە هەولێربووم و ساتێکی زۆرلەگەڵ هاوڕێ «شاپور» دانیشتم.

ئەم عەسرە، نزیکەی کاتژمێر ٥:٣٠ بوو، کە هاوڕێ «وریا» هاتە لامان، هەواڵی تیرۆری ئەو هاوڕێیانەی پێ راگەیاندین. من و «رێگا رەئوف» لەم کاتەدا بەیەکەوە بووین لە نزیك «عیمارە عەتار». لەچالاکیدا بووین بۆ ئامادەکاریی مەراسیمی یەکی ئایار، چوونکە کۆمیتەی مەراسیم لە هەفتەیەك پێش ئێستاوە دەستی بەکار کردووە. «رێگا» وتی

با دەست هەڵبگرین و خێرا بگەڕێینەوە بارەگای کۆمیتەی رابەری. ئیدی هاتینەوە و ئێستا بارەگا قەرەباڵغ و خرۆشاوە و پەیتا پەیتا هاوڕێیان دێنە بارەگا. هاوڕێ «جەمال محسن» بانگی کردم، کە تفەنگێك هەڵبگرم، ئێستا کڵاشینکوفێکی کوبی دوو دەسکم لە شاندایە، لەسەر باڵکۆنی قاتی دووەم وەستاوم و یادی ئەو هاوڕێیانە وەك شریتێکی سینەمایی بە مێشکمدا دەڕوات. سەیرە بە چاوتروکاندنێك کۆمەڵگەی ئێمە دوو ئینسانی مەزنی قەدر نەگیراوی لە دەستدا، شەمشەمەکوێرەکان بە ئاسانی فوویان لەم چرا روناکانە کرد. لە دڵەوە ئەگریم و بەسەرزارەکی خۆم بە بەهێز نیشان ئەدەم. لە رۆحەوە بریندارم و لەرووکەشدا وا خۆ نیشان دەدەم، بەرگەی کۆستی زۆر لەمە گەورەترم گرتووە. ئێستا تەمسیل دەکەم، بوومەتە ئەکتەری شانۆیەکی پانتۆمایم.

هاوڕێیان ئەڵێن، ئەم رووداوە ناخۆشە، پێی وتین «ئیدی کاتی ئەوەیە حزب چەکداری هەبێ» یان «ئەبێ حزب مەکتەبی عەسکەریی خۆی و هێزی چەکداریی خۆی هەبێت بۆ پاراستنی بارەگا و کادرەکانی». نازانم بۆچی ئەو بڕیارەم پێ عەقڵانی نییە؟ بەڵام تێدەگەم ئێمە حزبێکین لاسایی ستالینیزم ئەکەینەوە، ئەگەرچی ئێمە باسی گەڕانەوە بۆ «مارکس» ئەکەین. پێشتر ئێمە کە دژی هەندێ چەمکی سواوی حزبی بووین، ئێستا ئەم بابەتە ناکۆکییەکانمان قووڵتر ئەکاتەوە، بەتایبەت کە پێش چەند مانگ فراکسیۆن لە کاتی کۆنگرەی یەکەمدا لە

حزب جیابوونەوە، هەڵبەت گومان لە من ئەکەن کە سەر بە «فراکسیۆن» بم، بەهۆی ئەوەی من بەهۆی مامۆستا «دڵشاد مەجید»ەوە پەیوەندییم بە حزبی کۆمۆنیستەوە کردووە.

ئەمڕۆ رۆژێکی ناخۆشە لە ناو بیرەوەریی مندا، هاوڕێ شاپور ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و هاوڕێ قابیل ئەندامی کۆمیتەی رابەری حزبی کۆمۆنیست، لە هەولێربەدەستی تیرۆرستانی ئیسلامی گیانیان بەختکردووە، ئێمەش لێرە دەستەپاچەین، هەندێك لە هاوڕێیان لە گریان بەولاوە چیتریان لە دەست نایەت. ئێستا «حاجی معتەسەم» هاتە لام وتی «ناسك» واتە هاوڕێ «ناسك ئەحمەد» بانگت دەکات. دەمەوێ بڕۆم بۆلای ناسك وبزانم چ کارێکی هەیە، بۆیە ئەم دێڕانە تەواو لێرەدا. پێش ئەوەی بڕۆم ئەمەش ئەنووسم: باوکم قوربانییەکی دەستی سیاسەت، دایکم پاسارییەکی یاخی کە هێشتا لە فڕین بەردەوامە، خوشکەکانم چەند تابلۆیەکی زەیتی دەستەیەك پیرەژن، براکانم کۆمەڵێك حکایەتی بەرئاگردان، خۆیشم تنۆکێکی نەرمی باران.

تێبینی: ئەمە شیعر نییە تەنیا قسەیەکی سادەیە وتەواو.

١٨-٤-١٩٩٨

# -١١-

من سەرلە دووفاقیی کورد دەرناکەم، عەلی وەردی هەر ئەوەندەی پێکرا چەند کتێبێك لە بارەی دەبڵ کەسێتی تاکی عێراقی ورۆژهەڵاتییەوە بنووسێ، وا بزانم ئەویش بەم داخەوە سەری نایەوە. ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار کتێبی «تەوتەم و تابۆ»ی «فرۆید»م خوێندەوە. لە داخی بیرکردنەوە لە درۆی خەڵك و دووفاقی تاکی کورد بە باشی تێنەگەیشتم، بۆیە سەرلەنوێ دەبێت بیخوێنمەوە. هەمیشە ڕەخنەم لێدەگرن، کە هیچ دیپلۆماسیەتێکم نییە، ئەتەکێت نازانم، دوایی بۆم روون بووەوە ئەو شتەی پێی دەوترێ دیپلۆماسییەت بریتییە لە ئیزدواجییەت و ماسك بەستن و گەمەکردن لەسەر هەموو پەتەکان. ئەوەش بە من ناکرێ، پێم خۆشە ئینسانێکی نادیپلۆماسی و بێ ئەتەکێت بم وەك لەوەی ئیزدواجی و درۆزن بم. کامۆ وتەنی خۆشترە بە پێوە بمرین، نەك لەسەر ئەژنۆ بژین. ژیانیش چەند لەحزەیەکی بێمانایە ئیدی ئەم هەرا و هۆریایەی بۆچییە؟. رقم لە ژیان نییە، تائێستاش هەوڵی خۆکوشتنم نەداوە، بەڵام ژیانیش بەو شێوەیەی ئێمە

مومارەسەی ئەكەین دیوێكی تری مردن و بەرزەخە.

سەیری بكە، سیاسیی درۆزن، مەلا و قەشەی درۆزن، نووسەری درۆزن، ژنی درۆزن، پیاوی درۆزن، مامۆستای درۆزن، كاسبكاری درۆزن و هتد... چەندە رێز لێگیراون، كەچی هەركەس هەقیقەت بڵێ وەك شێت مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ. راستە هەقیقەت شتێكی رێژەییە و ئێمەی نەوەی دوای ئەنشتاین شەرمە بڵێین هەقیقەت رەهایە، بەڵام كاتێك من بە جیددی فەرمانبەری دەوڵەتم یان پیاوی ئاینم یان نووسەرێكی لات و لەوێر، بۆچی ئەگەر سركەی درۆ نەكەمە ئیش و قسەكانمەوە، خۆشەویست نیم، گوێم لێناگیرێ، قسەم ناڕوات؟؟؟ چوزانم ئەم خەڵكە بۆ وان، بەڵام ئەزانم زۆربەی خەڵك بێ پرنسیپ و بەهان و ئاینیان دۆلارێكە. لە خزمەتی بۆرژوایەكی چاوبرسی ئەبنە جووتێك جزمە، بەڵام لە بەرانبەر ئینسانێكی هەژار و بێ نەوادا، وەك شێر سنگ دەكوتن. ئەدی خۆ من لە چینی سەرەوە و بۆرجوازم، بەڵام رقم لە فەرهەنگی بۆرجوازییەتە. رقم لە ئاكار و لوتبەرزیی دەوڵەمەندەكانە.

پێشنیازیك لە مێشكما گینگڵ ئەخوا ئەویش ئەوەیە كاتی ئەوە هاتووە فەرهەنگی زمانەوانی لە دەستەواژەی مرۆڤایەتی پاك بكەینەوە، ئاخر بۆ مرۆڤ هەیە تاكو باسی مرۆڤایەتی بكەین؟. زۆریش شورەییە مرۆڤ باسی خۆشەویستی بكات چوون لە ناخی هەر مرۆڤێكدا ئەژدیهایەك بە پەنهانی

هەناسە ئەدا. لەگەڵ ئەوەشدا تاکە شت دڵم پێی خۆش بێ، بوونی مەعشووقێکی میهرەبانە. لەو رۆژانە وتی ئەگەر من برۆم چی دەقەومێ، ئەوسا ئیستم گرت و بێدەنگ بووم، ئەمرۆ لە نامەیەکدا، بۆی ئەنووسم «من خۆم ناکوژم ئەگەر تۆ برۆی چوونکە ئەوسا مەرگ من هەڵدەبژێرێ، نەك من مەرگ هەڵبژێرم» ئەوەش ئەنووسم «ئاشقەکان لەو سوپایە ئەچن پردەکان دوای خۆیان ئەرووخێنن بۆ ئەوەی رێگەی گەڕانەوەیان بۆ دواوە نەمێنێت بەڵکو هەمیشە بۆپێشەوە ئەڕوانن. من خۆم ئەم ئەشقە ئەزموون ئەکەم».

تووڕەم، زۆر زۆریش تووڕەم لەم وڵاتە، محەمەد ماغوت وتەنی تەنیا پێڵاوەکانم بەم نیشتمانە ئیغتسابکراوەوە ئەمبەستێتەوە، هیچ هەستێکم بۆ وڵاتێك نییە کەبووە بە بەهەشتی دز و مافیا و دووڕووان. وڵاتێك ئایندەی نییە لەبلەبان و ماستاوچییەکان وەك ئاشی نەزان بیگێڕن. من بەرگەی ئەم هەموو ناشرینە ناگرم، هەرچەندە دەبێ پرسیار بکەم، ئاخۆ منیش چەندە ناشرینم؟ چوونکە خۆم نابینم. کۆمەڵگەیەکمان هەیە، تاکی نییە، مێگەلی ئەخۆین و ئەخۆینەوە و لێمان ئەخوڕن بۆ دۆڵ و چیا، هەرکەس لە مێگەل جیا بێتەوە، بەرگۆچانی کەلتوورئەکەوێ. بەهەرحاڵ مەست و سەرخۆشم و بێهودە دەستی خۆم بە نووسینی ئەم دێڕانەوە ئازارئەدەم. دەی ئیترتەواو قسەم نەما.

١٩٩٨-٦-١٧

# -١٢-

ئەمڕۆ، بیرم پێ ناکرێتەوە، ئەڵێی مۆتەکە دەستی خستۆتە بینەقاقای هزرم. ژیان لەوە بێهودەتر بووە کە پێشتر پێشبینی بۆ ئەکرا. کوردستان ئاسۆی تاریك و لێڵە. مەبەستم لەوەیە وێنای جەلاد لە کۆمەڵگەکەمان لە دشداشەلەبەر و عەگالبەسەرەوە گۆڕاوە بۆ کەتافیلەبەر و ئەدیداس لە پێ. وا ئەزانم دوێنێ بوو کاتێ تفەنگچییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە راپەڕینی ١٩٩١دا، چی شۆفڵ و ئۆتۆمبیلەکانی دەوڵەت بوو، چی سیمی کارەبا بوو، چی عامودی سەرشەقامەکان بوو، گسکیان لێدا بۆ دیوی ئێران. خەڵکەکەش لەسەرکەلتوری فەرهود پەروەردە بووە، ئەوەشم بیرە چۆن کارگەری جگەرەیان تاڵانکرد! کەم کەسم بینی وەك باوکم، چوونکە تەنیا فەرماندەی پێشمەرگە بوو، دژی فەرهود راوەستا، بەڵام نەیتوانی پێش بە فەرهودچییەکان بگرێ لە کاتی تاڵانکردنی کارگەی جگەرەی سلێمانی. تەنانەت بە چاوی خۆم فرمێسکی باوکمم بینی کاتێ بەرمیلە هێلی کارگەکەیان ئەڕشت بۆ بەرمیلە بەتاڵەکەی،

لە كاتێكدا نرخی یەك بەرمیلی بۆش شەش دینار بوو، بەڵام ئەو هێلمەی گەمژەكان ئەیانرشت بایی هەزاران دینار بوو!!!.

زاكیرەم ئەو دیمەنەی بۆ ئەبەد بیر ناچێتەوە. چۆن كوڕی سەرۆك عەشیرەتێك ویستی شۆڤلێكی شارەوانی سلێمانی ئاودیوی ئێران بكا، باوكم بەخۆی و پێشمەرگەكانییەوە لە نزیك دوكان شۆڤلەكەی لە دەست چەتەكان رزگار كرد، دوایی هێنایانە ئۆردوگای پیرەمەگرون، لەوێ چەتەكان ویستیان سوڵح لەگەڵ باوكم بكەن، بەرانبەر بە ٤٠ هەزار دینار، بەڵام باوكم زۆر لە پارە بەرزتر و ویژدان پاكتر بوو، داواكەیانی رەتكردەوە و شۆڤلەكەی تەسلیمی كاك «نەورۆز»ی سەرۆكی شارەوانی سلێمانی كردەوە. لەو ماوەیەی شۆڤلەكە لە بارەگای باوكم ئەپارێزرا، تایەیەكی تەقیبوو، كاك «شێخ سەلام»ی پێدارە لەسەر گیرفانی خۆی تایەیەكی بۆ كڕیبووە. ئەم ئەوزەمانە بوو ئەندازیار «حەمەسەعید» لەلایەن چەتەكانەوە شەهید كرا، كە هەوڵی دابوو، پێشگیری لە دزینی كەلوپەلی دەوڵەت بكا.

وەنەبێ ئەمە تەنیا فەرهەنگی چەكدارەكانی بەرەی كوردستانی بووبێ، بەڵكو فەرهەنگی كۆمەڵایەتی خەڵكیشە، جارێكی تر باوكم و تیمەكەی، ئامێری نەشتەرگەریی نەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانیان لە ماڵێكدا دەست بەسەرا گرت، پاش ئەوەی رادەستی لیژنەی تەنسیقی بەرەی كوردستانیان كرد، كە بارەگاكەی لە بینای «نادی

المهندسین» بوو، بەرپرسە باڵاکانی بەرە، بەدەستی خۆیان ئاودیوی ئێرانیان کرد. ئیتر چۆن و بە چی دڵخۆش بین تا بڵێین ئاسۆمان روونە؟. هەرئەڵێن تۆ رەشبینی، ئاخر چۆن رەشبین نابم؟ کە ئەم ترادیسیۆنە ترسناکە بیرکردنەوەی خەڵك و حزبەکان بێ؟. چۆن رەشبین نابم حزبەکانی کوردایەتی پلاتفۆرمی سیاسییان شڕەخۆریی و برسیکردنی ئەو مێگەلە بێ هۆشکراوە بێ؟. چۆن رەشبین نابینم کاتێك دیمەنەکەمان بینی هەولێر چۆن کرایە گرۆزنی؟ لە رانیە دوو ساڵ بەرلە ئێستا سەرایڤۆیەکی تر دووبارە بووە؟.

ئێستا شیعرێك مێشکی وەك کرم خواردووم، کە ناوێرم بڵاوی بکەمەوە:

کاتێ مناڵێکی برسی ئەگری بۆ لەتێ نان
نە دیکتاتۆرەکان گوێیان لێیە نە ئاسمان
ئەوانەی ئەیانووت کوردستان یان نەمان
وەك جەردە هەموو وڵاتیان خستە گیرفان

١٩٩٨-٨-١

# -١٣-

ئەمڕۆ، ڕۆژی لە دایكبوونمە، بۆ من جەژنی لە دایكبوون هیچ مانایەكی نییە، بۆچی هاتنە ناو دنیایەكی پڕئازارو خەونی بەدینەهاتوو، جەژن بێت!؟ دەبێت لە بناغەوە بەم وشەیەدا بڕۆینەوە، ئەگەر جەژن واتای شادییە، ئەوە هاتنە دنیای مرۆڤ بۆ ناو ئەم جیهانە جەنجاڵ و ناشرین و پڕ چەرمەسەرییە، دەبێ شادییەكەی لە كوێدا بێت؟. شتێك ئێستا یارمەتیم یدات هەناسە بدەم، تەنیا موزیكە، خۆ لە خۆڕا نییە، «نیتشە» پایەی موزیك لە سەرووی فەلسەفەوە دادەنێت!!. هاوڕێیەك لە شام گەڕابووەوە گوایە چەند كاسێتێكی هێنابوو كە چەند پارچە موزیكی «سێبستیان باخ و مۆزارت»ی لەسەربووە، بەڵام بەداخەوە هەواڵی ئەوەم پێگەیشت ئەو هاوڕێیە لە ڕێگای سلێمانی- دوكان، تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە و بریندارە، ڕووم نییە لەم كاتە هەستەوەرەدا داوای خۆراكە ڕۆحییەكەم بكەم.

ماوەی یەك هەفتەیە لە ماڵەوە لە ژووری نووستنی خۆم نەهاتوومەتە دەرەوە، تەنیا دەخوێنمەوە، رقم لە دەرەوەیە كە پڕیەتی لە تابلۆی قێزەون، پڕیەتی لە ئەكشنی بریندارکەر.

هیچ سیمایەکی ژیان بە چرو چاوی خەڵکی ئێمەوە نییە. هەموو تاکێك هەست بە گرێی «ئۆدیب»ی خۆی دەکات و ویژدانی بیمارە. ئێمە لە کۆمەڵگەیەك دەژین خاڵییە لە ئیرۆسییەت. وەك فۆکۆ دەڵێت «ژیاری ئێمە هونەری ئیرۆتیکای تێدا نییە». ئیدی کوردی ژێر چەپۆکی دەستی نەتەوەی سەردەستی عەرەب، فارس، تورك،و ناسیۆنالیزمی خێڵەکی ئەونەتەوانە، چوزانێ ئیرۆتیکا چییە، ئەولە مێژوودا تەنیا خەمی پارووە نانێکی هەبووە، یان ساباتێك نەکەوێتە ژێر جەوری ستەم و پۆستاڵی بێگانە. مەزنترین خەونی ئەوە بووە فڕۆکە و کۆپتەر لەسەر ئاسمانی گوندەکەی نەبینێ.

خەریکە منیش هەستە ناسیۆنالیستییەکەم دەبزوێ، بەڵام پێکەنینم بە خۆم دێت، پێموایە بە وڕێنەکانی من، لەکۆمەڵگەیەکدا کە بڕوایەکی کۆنکرێتی بە خورافە و ساناتۆس و خێڵایەتی هەیە، شتێك دەگۆڕێ، جاری وا هەیە مەست دەبم و بە سێبەرە گەورەکەی خۆم، باڵ فش دەکەمەوە، کەچی لە واقیعدا گەردێکی بچووکم، قسەی من و تەرحی من، نەك گوێی لێ ناگیرێ، بەڵکو هێشتا بقەیە، خەڵکی دەڵێن تۆ شێت بوویت یان ئەوەندە سەرت بەسەر کتێبدا داگرتووە مێشکت شڵەقاوە، ئەگینا ئەم قسە هەلەق و بەلاقانە چییە؟. ئەرێ بە راست من شێت بووم یان مێشکم شڵەقاوە؟. ئەگەر شێتیش بم، ئەی پەندە کوردییەکە ناڵێت «قسە لە مناڵ یان لە شێت»؟.

لەبەرخۆمەوە ئەم چەند دێڕەم نووسی وەك مسۆدەی بابەتێك، ئیترنازانم لەدایك ئەبێ یان هەرلاپەڕەرەشكردنەوەیە «لە نێو دنیای خەیاڵات نقووم بووم، زووتر بڕوام بە دۆنادۆنی گیانەكان هەبوو، ئێستا بیروڕا ماتریالیستییەكان ئەو باوەڕە كۆنكرێتییەیان هەڵوەشاندووەمەتەوە، رەنگبێ جاروبار، بەشێوەی مەجازی بەكاری بهێنم، لە نموونەی ئەو هەستە پڕ نارسیزمەی لە بارەی خۆمەوە هەمە، وەك ئەوەی بمەوێ بڵێم بەرلە هەزاران ساڵ، من گوڵێكی سوور بووم كە بە دیاری بۆ مەعشوقێكیان بردووە، یان لە گیانی سوارچاكێكەوە هاتووم، كە سەفەری ژیانی تەنیا رێگایەك بووە بەرەو دڵی یار». زۆر سەیرە لەنێوان ماركس و نیتشەدا راوەستاوم! ئاخر شێتێكی وەك من نەبێ، كێ ئەتوانێ ئەو دوو جەمسەرەی گەرمی و ساردیی لە خۆیدا كۆبكاتەوە؟، بە جەستە لاواز و بە باڵا بچووكم، بەڵام گەورەیی و بەرینی رۆحم هێندەی هەموو كەونە.

لەرۆژی لە دایكبوونما ئەم چەند دێڕە لەسەر كارتێك ئەكەمە دیاری بۆ یار «وەرە خۆمان بدەینە بەر شەپۆلەكانی دەریا تا خەمی قووڵی ناخمان بشواتەوە، وەرە ببینە شەپۆلێكی شێتی دەریا تا كەنارمان لە خاشاكی پێی مرۆڤ پاك بكەینەوە». دڵنیاش نیم ئایا لە كرۆكی مەبەستم تێئەگات یان نا؟ بەڵام هەربۆی ئەنووسم تا تێئەگات!.

٣-٨-١٩٩٨

# -١٤-

ئێستا کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانییە، لە گازینۆ ٢٠٠٠ لە سەهۆڵەکە دانیشتووم، برادەران بلیارد دەکەن، منیش بیر دەکەمەوە. لە ناکاو شتێك هات بە مێشکمدا بینووسم، ئەوەتا دەفتەری رۆژانەم دەرهێناوە و وا دەنووسم «لە ئەم پێکەنینەی مندا خەمێکی قووڵ هەیە، هەموو خەندەکانم تەنیا رووپۆشی ئازارەکانمە، چاپلن و عەزیزنەسین بە کۆمیدیا گوزارشت لە خەمە ئینسانییەکان دەکەن. لە ناو قووڵایی ئەو قاقا و تریقانەوەی مندا، ئازارێك هەیە، برینێك هەیە کە هەرگیز ساڕێژ نابێت». بیرکردنەوەکەم پسا بە هاتوهاواری برادەران بۆ بلیارد و لە قووڵایی ئەم تێفکرینە هاتمە دەر.

ئێستا ئەمەوێ بێمە دەرەوە بۆ بارەگای حزب، هاوڕێیەکی کچ دوێنێ وەسفی زۆری کردم و هەمیشە بە «ڕێکی مارتن» بانگم دەکات، منیش حەزم لە گۆرانییەکەی «مارتن»ە بۆ مۆندیالی ئەمساڵ. هەرچەند بۆ بینینی ئەو هاوڕێیە ناچمە بارەگا، بەڵام دەخوازم ئەو هاوڕێیە ئەمرۆ لەوێ بێت. بەهەرحاڵ ئەمڕۆ یەکێك لەو رۆژانەیە ئاستی رەشبینیم

بۆ لوتكە بەرز بۆتەوە، لەوانەیە هیچ بارۆمەترێك توانای پێوانەی ئەم رەشبینییەی نەبێت. ئەم كتێبەم كڕیوە بە دوو دینار«رێنیسانس» نووسینی كەمال مەزهەر. ئەمڕۆ خۆم بۆ خوێندنەوەی ئەو كتێبە تەرخان ئەكەم ئەگەرژاوەژاوی ناو بارەگا بهێڵێت، دواتر نازانم بەرنامەم چییە، بەڵام حەزم لە پیاسەیەكی لای سەرا هەیە بۆ بەردەم محاجەرەكان و موناقەشەی ئێوارانی هاوڕێیان. خۆشحاڵ دەبم لەوێ فەرهاد فەرەج و برادەرانی تریش ببینم. هەرچەندە حزب حەزی لەم رەفتارەی من نییە.

هەمیشە سەرم لەسەركتێب، هۆشم لای ئازارەكانی خەڵكە، نازانم بۆچی ئەركێكی ئەخلاقیم لەسەرخۆم داناوە، داكۆكی لە مافی بەشخوراوان بكەم. ماوەیەكی زۆر سەرقاڵی رێكخستنی چەندان رێپێوان بووم بۆ خانەنشینان، ئەمەش بە هاوكاریی نوێنەری خانەنشینان كاك «خەلیل» وكاك «جەمال». چوونكە چەندان مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە ولە هەلومەرجێكی سەختی بژێویدان. بەهەرحاڵ یەكەمجارمە بەوراستەوخۆییە لەناو دنیای بە ساڵاچوواندا رۆچم، دنیایەكە پڕلە یادەوەریی و خۆشیی بابردوو. ئەمڕۆ تێگەیشتم پیر بەهێزی رابردووی خۆی ئەژی و گەنجیش بە ئایندەی. بەواتایەكی تر پیرلەناو یادەوەریی رابردوو وزە بۆ ژیان وەرئەگرێ،. گەنجیش بە چاوبڕینە داهاتوو گوڕ لە ژیان وەرئەگرێ.

شتێکی ترکە لە ناخەوە ئەمخوات، ئەو بێهیواییە بە خەڵك و حکوومەت و ئایندەی کوردستان بۆم دروست بووە، ناکرێ لە دۆزەخی وڵاتەوە هەڵبێین بۆ بەهەشتە وەهمییەکەی سەرمایەداریی لە ئەوروپا. ناکرێ ئەم وڵاتە رادەستی دزوتۆڕە مافیاییەکان بکرێ، چۆنیان بوێ ئاوها یاری بە مەشاعیری سێ ملیۆن کەس بکەن. ئێستا ئەو پرسیارەی لینین «چار چییە؟» لەهەموو کات زیاتر وەختێتی بوروژێنرێ. هیچ گەشبین نیم، لەسەرئەو ئەقڵە دۆگمایە، لەسەر ئەولۆمپنیزمە سیاسییە، لەسەرئەو میکانیزمە نەشیاوو پڕلە هەڵانە، لەسەرئەو ستراتیجییە ئۆرسۆدۆکسییەی حزبی کۆمۆنیست، هیوا هەڵچنین، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە جیددییە!. چەمکی «ئەم دنیایە دەبێ بگۆڕدرێ» دروشمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە، بەڵام چۆن، کێ، کەی دنیای خۆمان ئەگۆڕین؟ جارێ هیچ رووناکییەك لە ئاسۆوە دیار نییە. «هەڵگرتنی بەردی زل نیشانەی نەوەشاندیەتی».

یارنامەیەکی بۆناردووم ولە کۆتایی نامەکەیدا نوسیویەتی تواومەتەوە بە نامەکەی پێشووت، بە تایبەت بەم دێڕە «وا تێمەگە لە ژیاندا هیچم نەکردووە چوونکە ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکیش بووبێت عاشق بووم». ئەو دێڕەشی نوسیبووەوە کە نووسیبووم «گەیشتوومە قۆناغێك لەسەرو عەشقەوە کەچی تۆ هێشتا هەربێئاگایت».

١٩٩٨-١١-٢٩

# -١٥-

دوێـنـێ پـاش پێـنـج ڕۆژ مـانـەوە لـە نـەخـۆشـخـانـەی «ئیمێرجنسی» هاتمە دەرەوە و ئێستا لە ماڵەوەم. لە ڕۆژی ٢-٣-١٩٩٩ لـەو کاتـەی لـەگـەڵ هاوڕێـیان بـووم لـە گوندی «دێلێژە و چەپە چـنارە»ی قـەرەداغ، کە سـەرقـاڵی مەشقی پراکتیکی عەسکەریی بوون، نارنجۆکێك بە هەڵە لەلایەن هـاوڕێ «کـاوە نـەسیب مـقـەدەم» هـەڵـدرایـە نـزیکم، بەو هۆیەوە دوو پارچەم بەرکەوت، یەکەمیان کەوتە سەر برۆی چەپ و دووەمیشیان دەستی چەپی گرتم. هەرچەند من بۆ مەشقەکە نەچووبووم بەڵکو بۆکاری وێنەگرتن وئامادەکاریی بەرنامەیەکی رادیۆیی لەگەڵ «ئاسۆی پەیامنێر» چووبووین، بەڵام تیایدا بریندار بووم، لە ڕێگەی هاوڕێ «نازەنین ساڵح» کە نامەیەکی تایبەتی نووسیبوو بۆ «د.عەدنان» ڕۆژی ٣-٣ داخڵی نەخۆشخانە بـووم و هـەمان ڕۆژ نەشتەرگەریـیان بۆ دەستم ئەنجامدا، سـەرەتا بڕیار بوو بە بەنجی مەوزوعی بیکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی پارچە رومانەکە بەرەو قووڵایی چوو بوو، ناچاربوون بەنجی گشتیی بەکاربێنن.

ئەمەویٚ بڕۆمە دەرەوە، هیچ بەرنامەیەکم نییە، جگە لە بینینی یار، لەگەڵ ئەوەش ئەو هەمیشە لە بیرۆکەکانم تۆقیوە، لەبەرئەوەنا، بیری تۆقێنەرم هەیە، بەڵکو بەو هۆکارەی ترسی هەیە ئەویاخیبوونەم لە کەلتوور، لە بنەماڵە، لە ئاین، لە خێڵ و دەسەڵات، لە کۆمەڵگە و حزبەکان، سەرئەنجام ببێتە مایەی دەردیسەرییەکی گەورە بۆم. مرۆڤ چەند بیەویٚ خۆی بێت ناهێڵن! چەند بیەویٚ لە قاڵبە داتاشراوەکانی نەتەوە و مەزهەب و سیاسەت بێتە دەرەوە ناهێڵن!. ئازادیی تەنیا درۆیەکی گەورەیە لە هەموو جیهاندا، وەلیٚ حاڵەتەکە ڕێژەییە، بەڵام لەسەر زەوی هیچ ئازادییەك نییە. ئازادیی لە زەمەنی سیستمی نوێی جیهاندا لەلایەن دەوڵەتانی زلهێز و بێهێزەوە ئەتك کراوە.

زۆرجار ئەڵێن قەمعی سیاسیی و سێکسی و کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکی کۆمەڵگە پیریمتیڤەکانە، ئەوانەی بە جیهانی سێهەم ناسراون، کەچی داخی گرانم لە سایەی سەرمایەداریی و شەپۆلی سێیەمی شارستانی لە جیهانی ڕۆژئاوا مرۆڤ کائینێکی کۆنترۆڵکراوە و بە ڕۆبۆتکراوە! فەرموو چالاکییەکی گرنگی ئەنتی سیستم بکە، بزانە چۆن پۆلیسی نێودەوڵەتی وەك کارلۆس دەستبەسەرت ئەکا. مەبەستم داکۆکی نییە لە کارە مافیاییەکانی کارلۆس، بەڵام تۆ کارێکی ئینسانی بکە کە زیانی بۆ سیستمی سەرمایەداریی هەبیٚ، بەهەمان میزان ئەتکێشن و دزێوت ئەکەن. تیرۆرکردنی قەشەکانی لاهوت

تەحریرە لەلایەن سی ئای ئەی «CIA» باشترین بەڵگەیە.

ناهێڵن مرۆڤ بێ دیسپلین بژی، ناهێڵن مرۆڤ لەگەڵ سروشت ئاشت بێتەوە، ناهێڵن مرۆڤ بێ ناچارکردن بە هەزار شت کە ئارەزووی ناکا بژی. مرۆڤ بە جۆرێ کۆیلەی سیستمی سەرمایە کراوە کە هیچ کات ئەو کۆیلەدارییە شێوەی نەبینراوە بەدرێژایی هەموو مێژوو. ئەنگلس وتەنی «لە کۆندا کۆیلە یەك جاربە یەك کەس دەفرۆشرا، بەڵام پرۆلیتاریا ناچارە هەموو رۆژێك بگرە هەموو کاتژمێرێك خۆی بفرۆشێ». خۆفرۆشتن بەو مانایەی کە هێزی میکانیکی و جەستەیی بە کۆی سیستمی کاپیتالیزم ئەفرۆشێ. ئەوە کەی ناوی ئازادییە لە جیهانی رۆژئاوا کە خەڵك هەموو وەك شارە مێروولە بەیانیان ئەرژێنە وێستگەکانی شەمەندەفەر و پاس؟ بۆ ئەوەی زووتر بگەنە کارخانە و فابریکەکانیان، هەشت نۆ سەعات رۆبۆت ئاسا کاربکەن و دواتر بە شەکەتی دێنەوە ماڵ. ئەمە دارنینی مرۆڤە لە هەموو بەها و ئارەزووە ئینسانییەکانی، ئەمە پرۆسەی خنکاندنە بە هەنگوین نەك ئەو فۆرمە کلاسیکییەی کوشتن کە لە دنیای رۆژهەڵاتیدا باوە. ئەمە وێرانکردنی هەست و رۆحی ئینسانەکانە.

مرۆڤ گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە «بیتهۆڤن» لەسەرە مەرگدا وتی «هاورێیان بیکەنە چەپڵەرێزان، گاڵتەجارییەکە ئیدی تەواو». نامۆبوونی ئینسان گەیشتۆتە ئەو ئەندازەی هەست ئەکات بە مردوویی ئەژی و مردنیش وەك پرۆسەیەکی

فیزیکی بە جەژن و زەماوەند لێکبداتەوە! ئەزانن ژیان خۆی لە خۆیدا ناماقوولە، هیچ و پووچە، لەوەش کارەساتبارتر دەستتێوەردان لەو هیچی و ناماقوولییەدا بکەیت. تا زۆرتر و زۆرتر و زۆرتر، هیچیتر و ناماقوولتری بکەیت!!. هەر لەبەرئەوەیە پێکێك لەم وێسکییە ئەخۆمەوە و نەفەسێکی خەمبارانە لە جگەرەکەم ئەدەم، پێش ئەوەی سەرم بکرێتە تەپڵەك.

ئەم بەیانییەش شیعرێکم نوسیوە کە بەمجۆرە دەست پێ ئەکات:

گەربەدەستم ئەبوو لەئاسمانەوە نان و ئازادیم ئەباران
گەرخودایەك هەیە چەند شەرمە کە ئەم کارە ناکات؟
ئەگەربەدەستم ئەبوو فرمێسکم ئەگۆڕی بۆبزەی شیرین
گەرخودایەك هەیە بۆچی دڵخۆشە بە قووڵپی گریان؟.

١٩٩٩-٣-٨

## -١٦-

ئەمڕۆ وەك ڕۆژانی پێشوو ماندووم، زۆر کارم کردووە، وەك نووسینەوەی دوو کورتە ڕاپۆرت لەگەڵ «ئاسۆی پەیامنێر» بۆرادیۆ، شەویش تا درەنگانێ سەرقاڵی خوێندنەوە بووم. سروشتم وایە شتی دژبە یەك ئەخوێنمەوە، جاری وایە نووسراوەکانی لینین ئەخوێنمەوە، جاری وایە مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ. پێرێ جاری دووەم «ئایدۆلۆجی ئەڵمانی»ی «مارکس»م خوێندەوە، بە دوایدا کتێبێکی سادەی «شێخ محەمەدی خاڵ»م بە ناوی «ناڵەی دەروون» خوێندەوە. قسەکەی «بردناشۆ» پراکتیزە ئەکەم کە ئەڵێ «ڕۆشنبیر کەسێکە لە ڕشتەیەك هەموو شت و لە ڕشتەکانی تریش شتێك بزانێ». ئایا بڕیارە من ببمە ڕۆشنبیر؟. ئایا لە نێوان پێناسە دژبەیەکەکانی «گرامشی» و «بیندا»دا ئەبمە چ جۆرە ڕۆشنبیرێك؟.

پێرێ شەو، هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند «قادر دیلان» لە تەلەفزیۆنی میدیا، بڵاوکرایەوە. لای من دیلان موزیکزانێکی بە توانا و ئاوازدانەرێکی داهێنەر و سترانبێژێکی

پێشکەوتووخوازبوو، تەنیا لەبەرئەوە نا کە چەپ بوو، لەبەرئەوەشی کە ئاوازو گۆرانی تەقلیدیی تێپەڕاند بەرەو گۆرانی کوردیی مودێرن، ئەگەرچی ئەویش نەیتوانی ئەوزمانە کشتوکاڵییە تێپەڕێنێ لە گۆرانییەکانیدا، کە زادەی قۆناغی فیودالیزمە وەك ئەوەی مەمکی ژن بە سێوو پرتەقاڵ، گۆنای بە هەڵوژە و مزرەسێو پێناسە ئەکات، لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە پەنا چەند هونەرمەندێکی تری هاوشێوەی خۆی شۆڕشێك بکەن، کە گیان لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە.

ئەمڕۆ رۆژی نەورۆزە، هاوڕێکانم ئێستا لە شەقامی سالم «سەهۆڵەکە» چاوەڕوانم ئەکەن، بێگومان ئێستا شەقامەکە جمەی دێت لە خەڵك، بەڵام ئێمە تەنیا بە لاشە لەنێو ئەو حەشاماتە مێگەلەین، کە وەك سەگەکەی پاڤلۆڤ کاتێ گوێیان لە زەنگی تی ڤی حزبەکانیان ئەبێ، لیکی بەدەمیاندا دێتە خوارەوە و دێنە سەرشەقام و نمایشێکی بێ ئەرزش ئەکەن!! من دڵنیام حزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد زۆر شارەزان لە دەروونزانیدا، پێموایە تیۆری سەگەکەی پاڤلۆڤ پەیڕەو ئەکەن، چوونکە هەرکات بیانەوێ زەنگ لێ ئەدەن جا مەرج نییە هەموو کات پلە گۆشت بێ.

هێشتاش، دیمەنی ئەو گەنجە لە پێش چاوم لا ناچێ، کە دوو هەفتە بەرلە ئەمڕۆ، کاتێ لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی بینیم، ئەو برایەکی لەدەستدا بوو، خۆیشی قاچێکی، ئەمە

نموونەی دوو کۆڵبەری زەحمەتکێشی شاری چەمچەماڵن کە لە ڕەبایەکانی ئەرتەشی بەعسەوە دەستڕێژیان لێکرابوو، کاتێ ویستبوویان بە قاچاخی بەنزین لە کەرکووکەوە بهێننە چەمچەماڵ! بە وتەی خۆی لە یەکەم دەستڕێژدا براکەی پێکرا و ئەمیش بەناو کێڵگەی میندا رایکردبوو، بەڵام شانس یاوەری نەبوو لوغمێك لە بن پێیدا تەقیبووەوە.. ئێستاش ئازار ئەچێژم بە بیرهاتنەوەی ئەو مەرگەساتە. لە خەیاڵدام نەورۆزی شادیی بە ئەمان چی؟ هیچ شتێك بۆ هەژاران نییە جگە لە کوێرەوەریی، ئەم دنیایە بێویژدانانە غەداربووە لەسەردەستی سیستمی سەرمایەداریی.

سەمەدی بێهرەنگی چەند جوان ئەڵێ «ئەگەرنانێك هەبوو با بۆ هەمووان بێت، ئەگەریش نەبوو کەس نان ناخوات» ئەمەیە گەوهەری سۆسیالیزم و خەونی کۆمۆنیستەکان، وەلێ ئەوانەشی بە ناوی کۆمۆنیزمەوە هاتن تا دەگاتە خودی لینین، خیانەتیان لەم پرنسیپە مەزن و هیومانیستییە کرد. بەداخەوە.

١٩٩٩-٣-٢٠

# -١٧-

پێرێ گروپی کامگاران لە هۆڵی رۆشنبیریی کۆنسێرتێکی گۆرانی وتنیان ئەنجامدا. گوێیان پڕکردین لە ئاوازو میلۆدی کوردیی خۆش. مامەڵەکردنی ئەوان لەگەڵ مۆسیقای کوردیی زۆرناوازەیە، چریکەی بێ خەوش و تۆنی دەنگی «بێژەن کامکار» لە وەسفکردن نایەت. ئەو دەنگە ئەڵێی شمشاڵێکی غەریبە بە لێوی کچە قەرەجێکەوە. هەر ئەڵێی گریانی مۆسیقایە و بە پەنجەی خوا ئەژەنرێ. پێرێ ئەوەندە ئاوازو تۆنی خۆشی گۆرانی و مۆسیقا هاتە ناو مێشکمەوە، ئەمڕۆ هەروەك دوێنێ ئارامم، زۆر هێمنانە بیرلە نووسینی نامەیەك ئەکەمەوە بۆ یار. رەنگە لەو نامەیەدا پێناسەیەك بۆ مەعشووق دابتاشم، هیچ شاعیرێ لە شیعردا نەینووسیبێتەوە یان هیچ دیوانەیەك پەی پێ نەبردبێ، ئەمەیە کاریگەریی مۆسیقا و گۆرانی راستەقینە.

ئێستا من بە پێچەوانەی «سوارە ئەلیخانیزادە»وە ئەمەوێ لەم شاخ وکەژەوە، بگەڕێمەوە بۆشارەکەم. چوونکە «سوارە» لە شیعرەکەیدا، ئەیەوێ بگەڕێتەوە گوندەکەی

خۆی و شار «کە شاری گوڵەکەیەتی» جێبهێڵێت، وەلێ ئەمە گەڕانەوەیەکی نوستالیجییە بۆ رابردووی نزیك، بەڵام هەر چەشنە گەڕانەوەیەك بێ، دواجار هەر گەڕانەوەیە بۆ دوێنێ. وەك لە سەرەتای شیعرەکەیەوە بەم جۆرە دەستپێدەکات:

گوڵم.. دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ..
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم..
عیلاجی کەم کولی دڵی پڕم..
لە دەردی ئینتیزارەکەت..

ئەز دەخوازم، بگەڕێمەوە شار، خەمی دڵم بە با بدەم، پاش ئینتیزارێکی یەك رۆژی، نامەوێ لەم گوندە دڵگیرە بمێنمەوە. پەلەمە هەرچی زووترە برۆمە لای دلبەر. زۆریش حەز ئەکەم شتێك لە بارەی شیعری کاك «سوارە» بنووسم، چوونکە هێشتا شاعیرێکی گومناوە لە دیوی ئێمە، لە کاتێکدا سوارە یەکێك لەو شاعیرانەیە کە سیمای شیعری کوردیی گۆڕیوە بە تایبەت لە کوردستانی ئێران. وەك چۆن گۆران و شێخ نوری، لە کوردستانی عێراق بە تازەکردنەوەی شیعری کوردیی هەستان، «سوارە»ش یەکێك لەو شاعیرانەیە لە کوردستانی ئێران هەمان کاری بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام بە داخم ناوبانگی ئەدەبی نەگەیشتۆتە لای نەوەی نوێی شیعری کوردیی.

ئەبێ ئێستا لەبەر شەوقی چرایەك، بابەتێك بنووسمەوە،

فەزایەکی عیرفانی هەیە،. بیرلە سەد ساڵ بەرلە ئێستا ئەکەمەوە، ئەو ساتانەی هێندەی دڵسافی خەڵك ژیان خۆش و سادە بوو. پێموایە «نزار قەبانی»یە کە وتی «تەکنۆلۆجیا درندەیە». ئەمە وتەیەکە مرۆڤ ئەگەر بڕواتە قووڵاییەکەی رەهەندی فەلسەفی جۆراوجۆری هەیە. ژیان لەلایەن کەمینەیەکی مشەخۆرەوە لە زۆرینەیەکی بێشوومارتاڵکراوە. زۆرجاررەشبین ئەبم بەرانبەربەوزاراوەی پێی ئەوترێ خەبات و تێکۆشان. وەك چۆن «دی ساد» لە شانۆگەی «مارا -ساد»ی پیتەرڤایس ئەڵێ «هیچ باوەڕێك بە ئایدیالیستەکان ناکەم. چوونکە بە تاریکە رێدا ئەڕۆن، باوەڕیشم بە هیچ قوربانییەك نییە با بۆ قەزیەیەکی پیرۆزیش بێ. تەنها باوەڕم بەخۆمە. خۆم و کەسی تر نا». دەستم لە کاتی نووسینەوەی ئەم دێڕانە ئەلەرزێ، ئەترسم رۆژێك دابێ پەشیمان بینەوە لەوەی ژیانی خۆمان پێشکەش بە خەبات کرد!!. ترسم هەیە ئەو شۆڕشەی ئێمە بانگەشەی بۆ ئەکەین، تەنیا گۆڕینی مەلامیحەکان بێ. ئەگەروابێ چۆن ئەم تەمەنە لە کیسچووە ئەگەڕێتەوە؟ بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئێمە شۆڕشمان پێ ئەکرێ؟. نازانم.

٢٧-٣-١٩٩٩..

**گوندی سوسێ**

# -١٨-

ئازارێکی زۆر ئەچێژم لەو دیمەنەی رۆشنبیرە «جیددی» و بە حیساب سکۆلارەکانمان مەستی تەوژمێك بوون بە ناوی «ئیسلامگەرای میانڕەو».!. من وشەی جیددیم لە نێوان دوو کەوانەدا بۆ ئەو رۆشنبیرانە بەکاربردووە. هەرچەند لام ئاشکرایە، ئەوان هەڵەی میتۆدی ئەکەن و سەرئەنجام بە شەرمەوە ئەم روانگانەی خۆیان بیر دێتەوە. لەم رۆژانە لە هۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی لە یەکێك لە سیمینارەکاندا کاك «رێبین هەردی» یەکێك لە سیما دیارەکانی پڕۆژەی «رەهەند» بە حەماسەوە وبە بێنەوبەردەی تێژە فەلسەفییەکانی هەندێ بیرمەندی خۆرئاوایی لە هەوڵی ئەوەدا بوو، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆی رەوتی ئیخوان لە توندڕەویی ئیسلامی جیا بکاتەوە. زیاد لەمەش بە «ریفۆرم»ی محەمەدی خاتەمی، سەرۆکی ئێران شاگەشگە ببوو، هەروەك چۆن «فۆکۆ» کاتی خۆی مەستی شۆڕشی ئێران و شاگەشگە ببوو بە «ئیمام خومەینی».

لە هەقیقەتدا، ئەمە مەترسییەکە لەلایەن رۆشنبیرانەوە دەستیپێکردووە، چۆن ئەتوانن بازبدەن بەسەر مێژووو

راستییە تاڵەکاندا؟. ئەم نۆرمە رۆشنبیرە کوردە کە لە ژێر کاریگەریی تێزەکانی «ئەمیل زۆلا»دان وخۆیان بە نوێنەری داوا و خەونەکانی گەنج و کۆمەڵگە ئەزانن، هەموو پلاتفۆرمیان بووە بە ئیخوانیزەی کۆمەڵگە بە گشتیی و گەنج بە تایبەتی. ئەو تێفکرینەیان ئاوکردنە ناو ئاشی ئیخوان و ئیسلامیستە توندڕەوەکانە، کە ئەیانەوێ کۆمەڵگە بگەڕێننەوە بۆ زەلکاوەکانی مێژووی تاریکی خەلافەتی ئیسلامی.

مارکس لە تێزی چوارەمی تێزەکان دەربارەی فویەرباخ ئەنووسێ «فویەرباخ لە واقیعەوە دەست بەکارئەبێ، کە ئاین ئینسانی لە زاتی خۆی دوورخستۆتەوە، لەسەر ئەم بناغەیە دنیا دابەش ئەکات بۆ دوو جۆر: دنیایەکی خەیاڵکردی ئاینی و دنیایەکی واقیعی». هێشتا رۆشنبیرە کوردەکان تەرویج بۆ جیهانی ئاینی ئەکەن، نایەنەوێ مرۆڤ لە تەڵزگەی ئاین و غەیبانییەت رزگاری ببێت، هێشتا چاوەڕێی ئەوە ئەکەن مورشیدی گشتی ئیخوان ببێتە «مارتن لۆسەر» و ریفۆرمی ئاینی لە ئیسلامدا بکا!! ئەو ریفۆرمەی پێش چەندان سەدە موعتەزیلە نەیانتوانی ئەنجامی بدەن و لە بەرانبەررەوتی حەنبەلییەکاندا بەزین. بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە تێزانە باوەشێنکردنی خەونی قووڵی مرۆڤی کوردە تاکو هۆشیاریی ماتریالیستی بەرپێی رۆشن نەکاتەوە.

محەمەد عابد ئەلجابری، بیرمەندی عەرەب ئەنووسێ «ماتریالیزمی مێژوویی لە شیکردنەوەی مێژوودا لەو فۆرمە

گشتییەدا وێنا ئەکرێت کە خەڵك خۆیان دروستکەری مێژووی خۆیانن». ئەمە دروستترین پێناسەیە بۆ دیدی ماتریالیستی، بەڵام رۆشنبیرانی ئێمە هێشتا مجامەلەی ئەوانە ئەکەن پێیانوایە مرۆڤ کائینێکی بێدەسەڵاتی خودایە، لە کاتێکدا من لەو هەموو دەسەڵاتەی مرۆڤ ئەترسم، کە خەریکە جەرگی کەون هەڵدەکۆڵێ. بەهەرحاڵ پێموایە رۆشنبیرانی کورد ئەبێت بە خۆیاندا بچنەوە و چاو بگێڕننەوە بە تەرح و روانگەکانی خۆیاندا.

ئێستا ئەڕۆم بۆ بارەگای حزب بزانم تا چەند ئەو هەواڵە راستە کە لە بوومەلەرزەکەی پێرێی شاری ئەستەمبوڵ هەردوو هاورێ «ئیسماعیل - مهاباد» ژیانیان لە دەستداوە؟. هیوادارم هەواڵەکە راست نەبێ، چوونکە جیا لەوەی دوو هاوڕێی زۆر نزیکن، دوو کۆمۆنیستی چالاك و نموونەی دوو ئینسانی ئازادیخواز بوون. تەلەفزیۆنی پەکەکە باس لەوە ئەکات دەیان هەزارکەس بوونەتە قوربانی لەو رووداوەدا کە ژمارەیەك لەوانە کوردی عێراقن.

ئەڕۆم سۆراخێك ئەکەم....

١٨-٨-١٩٩٩

# -١٩-

هــاوڕێ.. خۆكوشـتن بـڕیارێكی عـەقڵانییـە.. هــاوڕێ.. ئـەمڕۆ لـە خـوێنـدنـەوەی ڕۆمـانـی «الاخــوە كـارامـازوف»ی دیسـتـۆیفسكی بـوومـەوە، ژیـان ئـەو فـەوزایـەیـە كە برایانی كارامازۆڤ مومارەسەی دەكەن و ئەنجامەكەشی بە زیندان و شێتبوون و گرێی دەروونی و ئازاری ویژدان كۆتایی دێت، وەك ئـەوەی بەسـەر ئـەو سێ بـرایـەدا دێت لـەم ڕۆمـانـەدا. لەم ڕۆمانەدا بە ڕوونی هەست بە «گرێی ئۆدیب» دەكەین، ڕۆمانەكە دانسقەیە و توانا سنووردارەكەی من دەرەقەتی وەسفی نایەت. هاوڕێ.. خەون مەبینە چوونكە خەون بینین لەم وڵاتەدا تاوانە و دەكرێ ڕۆژێك لە قەنارە بدرێی لەسەری. بیربكـەرەوە «دیـۆنسـیـۆس» چـۆن «مـارسـیـاس»ی نزیكی خـۆی لـە سـێدارە دەدات بە پاسـاوی ئـەوەی «مارسیاس» لە خەونیدا كوشتوویەتی. هاوڕێم بڕیاری عەقڵانی ئەوەیە پێش ئەوەی لەسەر خەونێك لۆركائاسا بمانكوژن، چاكترە خۆكوژیی ئەنجام بدەین. خۆكوشتن ترسنۆكیی نییە، تۆ بڕوا دەكەیت ڤان كوخ و سادق هیدایەت ترسنۆك بووبن؟.

هــاوڕێ، ژیــان لــەوە نـامـاقـووڵـتـرە خـۆمـان سـەرقـاڵی دۆزینەوەی پاساو بكەین تا ماقووڵیی ژیان بۆ خودی خۆمان

بسەلمێنین. ئێمە چۆن ئەتوانین خۆمان فریو بدەین، کاتێ لە پەنجەرەی فەلسەفەوە دیمەنی تۆقێنەری چنینەوەی ژیان لەلایەن مەرگەوە ئەبینین؟. ئەڵێم ژیان پووچە، با لە پووچێتییەکی تێبگەین و لەززەتی لێ وەربگرین، هەر کات توانای لەززەت وەرگرتنمان نەدا، پێش ئەوەی مەرگ سەنگەرەکە بەسەرماندا بڕوخێنێ، با بە خۆکوژیی خۆمان بدەینە بەررێژنەی مەرگ. خۆمان بدەینە دەست عەدەم و گەڕانەوە بۆ هیچ. هاوڕێ.. سەیری ئەو خەڵکە بکە، چەند دڵخۆشن بێ ئەوەی بزانن بۆچی؟. سەیری بکە چۆن مەرگیان بە ناوی ژیانەوە دەرخوارد دەدرێ و هێشتاش توند توند دەستیان بەو ژیانەوە گرتووە کە لە راستیدا مەرگە؟. سەیر بکە ئەو خەڵکە چۆن لە قەفەزدا زەماوەند و شایی بۆ ئازادیی ئەگێڕن؟! سەیر بکە چۆن کاغەزێکی وەك پارە جڵەو و رەشمەی کردوون؟ هیچ هەستیش بەوە ناکەن پارە بۆتە خودایان. سەیر بکە بزانە ئەژدیهای کەلتوور چۆن خەریکی چنینی پەتی سێدارەی گەردنی ئازادییەکانمانە؟ ئەو ئازادییانەی یارمەتیمان ئەدەن چێژلە پووچی ژیان وەربگرین.

هاوڕێ.. تۆ ببینە خەڵك چۆن ئەسڵەمنەوە لە بیروڕاکانم. دەسەڵات و حزبەکان و ئایدۆلۆجییەکان بە خەتەرم ئەزانن! ئەزانی بۆچی؟ چوونکە لە هەقیقەتی ژیان تێگەیشتووم کە نهێلیزمە. لەبەرئەوەی ئازادیی مەعنەویمان بەدەستهێناوە!. رەهابووم لە هەموو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان و لە

تەڵزگەی ترادیسیۆنە باوەکان خۆم دەرباز کردووە. ئازادیی شتێکی خۆش نییە. ئازادیی هەمیشە راڕایی و شڵەژانی دەروونییە. بۆیە زۆربەی مرۆڤە ئازادەکان لە ئاوێنەی کۆمەڵگەوە بە شێت ئەبینرێن. خۆشبەختی لە کۆیلەیی و نەزانیندایە. ئەگەر ئەتەوێ چێژوەربگری لەم ژیانە پووچە ئەبێت خۆیشت پووچ بیت و گاگەلی بڕۆیت لەگەڵ ژیان.

هاوڕێ.. ئێستا تێگەیشتی من بۆ هەمیشە تەنها و گۆشەگیر و پەڕاگەندەم لە ناوەوە؟ ئێستا تێدەگەیت نوکتە و گاڵتە و گەپەکانم هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لەم هەستی تەنهاییە. کێ تێدەگات لێم؟ هاوڕێ بەس تۆ تێدەگەی. هاوڕێ کەسێکی ئیحساساتیم و هەموو بڕیارێکم لای دڵمە نەك لای ئاوەزم، زۆرجاریش داوام لێدەکەن دڵم زیندە بەچاڵ بکەم، چوونکە سادەیی ئەو منی فەوتاند «دیارە دڵ بە مانا مەجازییەکەی نەك ئەو ترومپایەی کاری پاڵاوتنی خوێنە». هاوڕێ تۆ تاکە هاوڕێمی، ئەی ئازارە نەبڕاوەکانم. هەربۆیە رازی دڵم بۆ تۆ باس ئەکەم. تۆ بە وەفاترین هاوڕێی و لەگەڵم ئەمێنیتەوە تا هەتایە. ئەی ئازارە شیرینەکانم تۆ تاکە هاوڕێی هەموو رۆژگارەکانی.

۹-۹-۱۹۹

# -٢٠-

ئێستا کاتژمێر چواری عەسرە، دوێنێ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەرچـووم، پاش ئـەوەی سێ ڕۆژ لـەوێ مـابـوومـەوە، بـەهـۆی ئـەوەی لـەلایـەن گـروپێـك لـە ئیسلامییەکانەوە بە سەرپەرشتی «فەرهەنگ نامۆ» لە نزیك گۆڕستانی شێخمێدین «پشت مۆزەخانەی سلێمانی» بە چەقۆ هێرشم کرایە سەر، لە دوو لاوە برینداریان کردم، ئەمە زنجیرەیەك ڕووداوی بەرنامە بۆ داڕێــژراوە دژی کۆمۆنیستەکان. سێ ڕۆژ بەر لەو ڕووداوەی من، هاوڕێی کۆمۆنیستمان «فەرهاد فەرەج»ی نووسەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی «پەیڕەو» لە شەوی ١٧-١٠ ماڵەکەی خۆیدا بە دەمانچەی بێدەنگ تیرۆرکرا. تیرۆری کۆمۆنیستەکان لەهەشت ساڵی دوای ڕاپەڕینەوە بۆتە دیاردەیە. چوونکە هەردوو لایەنی ئیسلامی و ناسیۆنالیزم، ئەجیندای چەپ بە هەڕەشە لەسەر ئایندەی سیاسیی خۆیان ئەبینن.

پێشتریش لەلایەن «فەرهەنگ نامۆ»ەوە هەڕەشەی کوشتنم لێکرابوو، کە چەندان گەنجم لە گەڕەکەکەی ئەوو ناو مزگەوتەکانەوە هێنایە دەرەوە و بە بیری چەپ و کۆمۆنیزم

هـزرم رۆشـن كـردنـەوە. زیـاتـر لـە پـەنـجـا گـەنـجـم تـەنـیـا لـە گەڕەكی سەهۆڵەكە و شێخمحێدین لە دەوری حەلقەكەی خۆمان كۆكردۆتەوە كە هەندێكیان زۆر چالاكن لە نموونەی هاوڕێیان «سۆزدار، خالید ئەژی، دۆستی كەمال، بەهادینە سـوور، نـەوشـیـروان، نـەوزاد مـام حـەسـەن». ئـەمـانـە بەشێكیان پێشتر هاتۆچۆی مزگەوتیان ئەكرد، بەڵام ئێستا لە چالاكترین كۆمۆنیستەكانن، چالاكترین خوێنەرەكانن، ئـەوان سـەرەتـا بـەهـۆی مـنـەوە بـوون بـە كـۆمـۆنـیـسـت، بـەڵام هـەنـووكـە لـە خـۆم چـالاكـتـر فـەعـالـیـەتـی سـیـاسـیـی و رۆشنگەریی ئەكەن. ئەوەش بووە هۆی تەقینەوەی تووڕەیی ئیسلامییەكان لە بەرامبەرم.

هـۆكـارێـكـی تـریـش ئـەوەیـە، سـەرەتـای ئـەمـساڵ كـاتێ ئەندامێكی سەركردایەتی بزووتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی كە وا بزانم جێگری وەزیری ئەوقافیشە لە بڵندگۆی مزگەوتی «عـوسـمـانـی كـوڕی عـەفـان» لـە گـەڕەكی شـێـخـمـحـێـدیـن، وتـاری ئـاگـریـنی ئـەخـوێـنـدەوە بـۆ سـەدان هـەرزەكـار و تـێـیـدا فـەتـوای كوشتنی كۆمۆنیستەكانی ئـەدا، سـەدان گـەنـجی بەنجكراو بە تریاكی ئاین حەماس گرتبوونی. تیمەكەی ئێـمـەش بـڕیـارمـانـدا بـچـیـنـە نـاو مـزگـەوتـەكـە و دەمكوتـی بكەین، تیمەكەش پێكهاتبووین لە«عەباس، خالید ئەژی، هەڵكەوت كۆنفۆ، سـۆزدار، خـۆم». بەهـۆی ئـەوەی كارەبا نەبوو بە پاتری ئۆتۆمبیلیش بڵندگۆكەیان خستبووە كار،

دوو لۆکز هۆڵی مزگەوتەکەی رووناك ئەکردەوە، عەباس چووە ژێر دانەیەکیان، سۆزداریش چووە ژێر ئەویتر. خالید و هەڵکەوت کۆنفۆ و من چووینە نزیکی مەلاکە، کە دە دوانزە چەکداریش پاسەوانیان ئەکرد. کۆدی ئێمە ئەوەبوو کە کەوتنە هاوار هاواری تەکبیر، سۆزدار و عەباس لۆکزەکان بکوژێننەوە و ئێمەش پەلاماری مەلا بدەین.

هەربەو جۆرە بوو کاتی مەلا وتی «ئەبێ رەگی ئەو کۆمۆنیستە مەلعونانە لە ریشەوە دەربکەین، بۆئەوەی بزانن ئوممەتی ئیسلام و کوردی موسڵمان قبوڵیان ناکا». عەباس و سۆزدار خێرا پڕیان دایە لۆکزەکان و کوژاندیانەوە ئێمەش بە مشتەکۆڵە و شەق کەوتینە سەر دەموچاوی مەلا، لە هەر چوار لاوە بووە بە تێکرژان و میلی چەك راکێشان، بەڵام بە خێرایی کارەکەمان ئەنجامدا و بەرەو دەرگای سەرەکی مزگەوتەکە هەڵاتین. کە هاتینە دەرەوە «سمکۆی تەهای سەید عەلی» کە هاوڕێمان بوو بەڵام کۆمۆنیست نەبوو، ئێمەی بینی و بەهۆی ئەوەی باوکی ئەفسەرێکی باڵا بوو، هەمیشە چەکی پێبوو، کڵاشینکۆفێکی مزەلی پێبوو کە مەخزەنی هەفتا و پێنجی لەسەر بوو، میلی راکێشا رووەو مزگەوتەکە تا ئێمە دوور کەوتینەوە، ئیتر بەو جۆرە دەرباز بووین، دواتر هەواڵمان بۆ هات کە مەلاکەمان باش وێران کردووە.

لە تۆڵەی ئەمەدا ویستیان بە چەقۆلەناوم ببەن،

«فـەرهـەنـگ نـامـۆ» کـە نـاسـیـاویـشـمـان هـەیـە، باشـترین تیرۆریست بوو ئەوکارەیان پێ سپاردبوو، چوونکە بیرمە پێش چەند ساڵ چەندین پەیکەروکاری تەشکیلی «شیلان»ی خوشکی شکاندبوو بە بیانووی ئەوەی حەرامە، ئەوسڵ لە هیچ توندوتیژییەك ناکاتەوە. لای کەسێکیش وتبووی گوایە من زانیاریی لە دژی ئیسلامییەکان لە رۆژنامەی «رۆژنامەنووس» لەسەرشێوەی چالاکی وشانە ورێکخستنە ئیسلامییە چەکداروبێ چەکەکان بڵاوئەکەمەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە دوورونزیك پەیوەندییم بەورۆژنامەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ سەرنووسەری ئەورۆژنامەیە هاورێیەکی ئاساییمە. سەیرە خانەوادەی ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەگەڵ ماڵی «نامۆ»! چوونکە پێش چەند ساڵیش «حەمەسوور»ی برای کە مفەوەزی ئاسایشی یەکێتییە هاتە سەرماڵمان لەگەڵ ئەوتیمەی ماڵەکەیان پشکنین کە نیازیان وابوو خانووەکەمان لێ داگیربکەن.!.

بیرم لە شتی ناخۆش ناکەمەوە، دڵنیام رۆژێك ئێمە سەرئەکەوین، ئەوانیش وەك تیرۆریست ناویان ئەچێتە ناو چیرۆکەکانی مێژووەوە. دڵنیام کە خۆری ئێمە هەڵهات، ئەوان شەمشەکوێرەئاسا ئەچنەوە ناوتاریکایی.

دێرە شیعرێکم هەیە ئێستا:

خۆر وەك خەنجەرێکی زێرجەرگی تاریکی هەڵدەڕێ

ئاسمان دوای هەورە ڕەشەکان ڕوون ڕوون ئەبێتەوە
زەوی دوای لافاو دڵی وەك خامێکی سپی پاك ئەبێتەوە
مرۆڤیش پێویستی بە خەنجەری تیژی بیرێکی ڕووناك و
ڕامالینی هەوری ڕەشی کینە و لافاوی شۆڕشێکە

١٩٩٩-١٠-٢٤

# -٢١-

دوێنێ دوا نیوەڕۆ کوڕێکی هاوبەشمان لەگەڵ «محەمەد عەدنان» لە سەنتەری گەنجان پێشکەش کرد، کە سەدان گەنج تیایدا ئامادەبوون و باسەکەم لەژێر ناونیشانی «چەپاندنی سێکسی لەکۆمەڵگەی ساناتۆسدا». بووە جێی مشتومڕێکی زۆر و هەرا و دەنگە دەنگیشی لێکەوتەوە. ئەوە یەکەمجارە کوڕێك لە سەنتەری گەنجان ئەو قەرەباڵغییە دروست بکا، لە هەمووی گرنگتر مناقەشە و جەدەلی زۆریش بە دوای خۆیدا بهێنێ. چوونکە لەلایەن هەندێ گەنجی محافیزکار و کاریگەر بە ئاین، بۆچوونەکانی من بە دژە ئاین و پێشوەخت و ناواقیعی لێکدرایەوە. ئەمەش وایکرد سێ سەعات مناقەشەی توند و پڕ دەنگ بەرزکردنەوەی بێ ئەنجام رووبدا. ئەمە بەریەکەوتنی ئاڕاستە دژەکان بوو کە کارێکی زۆر پێویستە، چوونکە بە وتەی لینین «دیالێکتیك بەریەککەوتنی دژەکانە».

لەو ٤٠ دەقیقەی تەرخانکرابوو بۆم کە قسەکانی خۆمی تیا بکەم. بە خێرایی هەوڵمدا بەراووردکارییەك بکەم لە نێوان دیدی «فرۆید» وەك دامەزرێنەری قوتابخانەی دەرونشیکاریی لەگەڵ دیدی «هربرت مارکۆزە» یەکێك لە

فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، چوونکە دیدی پێچەوانەیان لە هەمبەر چەپاندنی سێکسی هەیە. بە بڕوای فرۆید چەپاندنی سێکسی مامانی شارستانییەت و داهێنانە، هەرچی مارکۆزیشە پێیوایە چەپاندنی سێکسی هۆکارە بۆ تێکشاندنی دەروونی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی پاسیڤ، بۆیە لەپەنا شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، شۆڕشی سێکسیش بە پێویستییەکی پلە یەك ئەزانێ. پاشان بە چڕی باسم لە کۆمەڵگەی کوردیی کرد وەك کۆمەڵگەیەکی مەرگدۆست «ساناتۆس» کە چۆن لە هەوڵی چەپاندنی سێکسیی تاکەکانی خۆیدایە.

لە کۆڕەکەدا هەوڵمدابوو، دیسکۆرسێکی رەخنەیی لە ژێر رۆشنایی دیدی فرۆید و مارکۆز، ئاڕاستەی کۆمەڵگەی کوردیی بکەم. زۆریش گەرەکم بوو کرۆکی روانینی «فرۆید» لەهەمبەر چەمکەکان لیبیدۆ و من و ئەو و منی باڵا بگەیەنمە ئامادەبووان. بەوپێیەی فرۆید دەروونی مرۆڤ دابەش ئەکات بۆ سێ حاڵەت. یەکەم: ئەو«Id» یان لیبیدۆ، ژێدەری سەرەکی رەمەك و ئارەزووەکانە. دووەم: من «ego» کە ناوەندگیرە لە نێوان ئەو و منی باڵادا. بە دیوێکی تردا منێکی بە ئاگایە و کاری باڵانس راگرتنە لەگەڵ داواکاریی ئید و رازیکردنی منی باڵادا. سێیەم: منی باڵا « super ego» ئەمە لە دیدی فرۆیددا حاڵەتی پێگەیشتن و کەسایەتی دامەزراوە کە کاری پارێزگاریی بەها ئاکارییەکان و رەوشتە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم

سێ حاڵەتە دەروونی هەر مرۆڤێك پێكدێنن.

ڕوونكردنەوەی ئەو چەمكانە بۆ ئەو گەنجانە كە توانای تێگەیشتنیان كەمتر بوو لەو دابەشكارییە فرۆیدییە كۆمەكی زۆری كردین بۆ ڕوونكردنەوەی باسەكەمان و پێدانی زانیاریی لەسەر دیدگای دەروونشیكاریی فرۆید. جگە لەمەش باسەكەمان گەیشتەوە بە شۆڕشی خوێندكارانی پاریس «مایۆی ١٩٦٨» كە هربرت ماركۆزە بە باوكی ئەو شۆڕشە دائەنرێ. ماركۆز پێیوایە ئازادكردنی كۆمەڵگە واتە ڕەهاكردنی لیبیدۆ كە ئەوەش لەبری لەناوبردنی شارستانییەتی مرۆڤ، هەوێنی دروستكردنی شارستانییەتێكی پێشكەوتووترە. بۆ ئەمەش گەنجانی بە پێشڕەوی ئەو شۆڕشە ئەزانی، چوونكە بە دیدی ئەو چینی كرێكار «پرۆلیتاریا» هێزی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە دەستداوە و تێكەڵ بووە بە ڕۆحی سەرمایەداریی. هەربۆیە شۆڕشی ١٩٦٨ قەرزاری هزری ماركۆزە.

ئەگەرچی سێ لایەنگری ڕەوتە ئیسلامییەكان، كردیانە هاوار هاوار، گوایە ئەو قسانەی من بانگەشەیە بۆ فەسادی سێكسی. یەكێك لەوانە وتی: ئەوانەی تەرحت كرد بۆ خوشكەكانت بە ڕەوای ئەبینی؟. منیش وتم ئاخر من كێم ببمە كوێخای ژیانی خوشكەكانم؟. بۆچی ئەبێت ئازادیی ئەوان لە دەستی مندا بێ؟ كێ مافی داوە بە من هێڵ بۆ ئازادیی ئەو ژمارە مرۆڤە دابنێم پەیوەندیی خوێن بە منیانەوە ئەبەستێتەوە؟. زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ئێمە باسی ئازادیی

سێکس ئەکەن، کاتێ ئەگاتە ئەو پرسیارەی ئەمە بۆ خوشك وکچ و هاوسەری خۆت بەرەوا ئەبینی؟ دەمیان ئەبێت بە تەڵەی تەقیوەوە، وایانزانی منیش هەرئەو تایپەم. بۆیە بە چەپڵەرێزانی ئامادەبووان رسی پرسیارە قۆڕەکەیانم کردەوە بە خوری و دەرسێکم دادان تەشی رسراو چیتربا نەدەن.

١٩٩٩-١١-٧

# -٢٢-

سێ ڕۆژە لە ماڵەوە دەرنەچووم، کاتەکانم بەم جۆرە دابەشکردووە: کاتژمێر شەش بۆ شەش و نیو لە خەو هەستان و نان خواردن. شەش و نیو بۆ دوانزە و نیو خوێندنەوە. دوانزە و نیو بۆ دوو پشوودان و خۆشتن و خواردنی گوێز و میوە. دوو تاکو شەشی ئێوارە دووبارە خوێندنەوە. شەش بۆ هەشتی شەو پشوودان و نان خواردن. هەشت بۆ دەی شەو نووسینی تێبینی لەسەر ئەو کتێبانەی ئەیانخوێنمەوە. دە تاکو شەشی بەیانییەکی تر دیسانەوە خەوتن. لەماوەی ئەم سێ ڕۆژە تەنها لەسەر سوریالیزم و دادایزم خوێندمەتەوە، کە دوو ڕێبازی ئەدەبی و هونەریی سەروەختی جەنگی جیهانی یەکەم و دوو ساڵی یەکەمی دوای تەواوبوونی جەنگن. خاڵی لێکچوو زۆرە لە نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە گرنگترینیان فەرامۆشکردنی لۆجیکە بەمەبەستی دروستکردنی واتای نوێ و تەرزێك لە هونەر و ئەدەب کە لەنێو فەوزا و پاشاگەردانیی کارکردندا مانا و رەهەندی تازە بەرجەستە بکا، لە نێو هەردوو رەوتەکەدا کەسێتی «تریستیان تزارا» لە رەوتی دادایزم و «سلڤادۆر دالی» لە ڕێبازی سوریالیزم زیاتر سەرنجیان بەلای خۆیاندا راکێشام.

وەك هەمیشە لە پەنا دەنگی مۆسیقا ئەخوێنمەوە، هەفتەی پێشووش تەسجیلێكی نوێی جۆری «جۆسۆنیك»ی دەبڵ كاسێتم كڕی لەگەڵ چەند كاسێتێكی مۆسیقای كلاسیك كە كەس بایەخی پێنادا. زۆرجاریش كە گوێ لە مۆسیقا ئەگرم، رامدەكێشێ بەرەو جیهانی «نیتشە» ئێستا ئەو وتەزایەی ئەو فەیلەسووفە لە مێشكما ئەزرنگێتەوە «رۆحە گچكەكانم خۆشناوێت، خۆشم ناوێن لەبەرئەوەی هیچ شتێكی باشیان تێدا دەستناكەوێ، دەشێ بڵێین هیچ شتێكی خراپیشیان تێدا بەدی ناكرێ». واتە تێدەگەم كێشەی سترۆكتۆری نیتشە لەگەڵ ناخی مرۆڤە، ئەو ناخەی «ولیەم رایش» بە درێژایی كتێبی «گوێبگرە ئەی پیاوی بچووك» سەرقاڵی دواندیەتی.

هەندێ جار، كەسوكار ئەڵێن بخوێنەرەوە، دنیای خۆت تێكمەدە بۆ خەونی هەرزەكارانەی شۆڕشی كۆمەڵایەتی!، زۆرجارمنیش ئەڵێم ئەوهەموو كتێب وتیۆرییە تەنیا بۆ چێژی خوێندنەوە نەنوسراون، بەڵكو بۆ گۆڕینی جیهان نوسراون، ئەشێ رۆژێ ئینسان بێ كتێب بژی، بەڵام مومكین نییە بێ ئازادیی بژی، من ئەوژیانەی لە ناو چوارچێوەكاندا بەند كراوە بە دیوێكی تری مردن تێدەگەم. ئەڵێن تۆ دانیشە، خەڵكی تر با بیكات.! بەدەست خۆم نییە لەم كاتانەدا دێڕێك لە گۆرانی «فریشتە»ی «كاروان عوسمان»م دێتەوە یاد كە ئەڵێت «من نەبم، تۆ نەبی، كێ گورگەكان راو بكات؟.». ئەگەرچی شۆڕش بۆژیان ئەكەین، بەڵام چڕنوكی تیژی گورگەكان ژیانمان ئەبرێ، من لە پێناوی ژیاندا پێم خۆشە، ئەشكەنجە ببینم،

نەك جەستەیەكی بێ زام تەسلیم بە مردن بكەم.

دێڕێك لە شانۆیەكی «ژان ژینێ» ئەم لەحزەیە دێتە مێشكمەوە، ئەگەر هەڵە نەبم، بەمجۆرەیە «رەنگە لە رۆژێكی پڕجوانیدا، دامێنی چاكەتەكەم بە فرمێسك بڕازێتەوە، بێگوومان تەنیا بە ئەسرینێكی زۆر گرانبەها». ئێستا من لە نامەیەكدا بۆ یار ئەنووسم «لێم خۆشبە، ئەگەر سەرم دانا، لێم ببوورە ئەگەر لە ژوانێك دواكەوتم و چوومە پێشەوەی خۆپیشاندان یان خرۆشانێك و لەوێدا كوژرام. بمبورە ئەگەر رۆژێ پەیمانی گوڵێكی سوورم پێدای، بەڵام دیار نەبم و بۆ سبەینێ تۆ گوڵێكی رەش بخەیتە سەر تابووتەكەم». مەبەستم ئازاردانی نییە، بەڵام ئەمە خراپترین لەوانەیە، ئەمەوێ رایبهێنم كە هەڵكردن لەگەڵ كەسێك كە خەونی گۆڕینی جیهان مێشكی داگیر كردووە، هەروا ئاسان نییە، رێگەكەمان سەختە و بڕواش ئەكەم قوربانی زیاتری بۆ بدەین. بیری «بەكر عەلی» ئەكەم، ئێستاش وتارەكەی ئەخوێنمەوە كە لە كتێبی «نمایشێكی چینایەتی مەزن» ئەرشیف كراوە. ئەو وتارە و چالاكییە سیاسییەكانی كردیانە خۆراكی گورگەكان. ئیدی بۆچی ئەم ئەگەرە بۆ خۆشمان لەبەرچاو نەگرین؟.

١٩٩٩-١١-١٥

# -٢٣-

کاتژمێر ١:٣٠ شەوە، لە سەهۆڵەکە ماوینەتەوە، ئەمشەو بۆنەی سەری ساڵی نوێ تاموبۆیەکی تری هەبوو، جیهان دەروازەی هەزارەی سێیەمی لە خۆی کردەوە. ئەمشەو شەقامی سالم شێوە کەرنەڤاڵێکی بەخۆوە گرتبوو، نمایشی ئەوکچە جوانانە بیری بردینەوە لە رەمەزانداین. من تام لەم خۆشییە دەستکردانە نابینم، هەرچەندە زۆر دڵخۆشم بە بیبینی ئەوکچ و کوڕە راقییانەی بەرەو رووی دنیای خورافی بوونەوە. نمایشی ئەمشەو رەنگێکی مەدەنیتری بە سلێمانی بەخشی، پێیووتین تەمەدونی خەڵکی ئەم شارە بە جەهلی تاریکبیرەکان پاشەکشە ناکات. دوا کات خەڵکی ئەم شارە قسەی خۆی دەکات. ئەوەی دڵی ئێمە بەو شارە جەنجاڵە ماندووە خۆش دەکات تەنیا ئەم یاخیبوونە جوانەیە لەگەڵ یەکەم بەردی بناغەی سلێمانیدا چرۆی کردووە. ئەمشەو شەوێکی سەیربوو، خەڵك پێیانوابوو گەیشتوونەتە قۆناغێکی نوێ، یان کەوتوونەتە بەرشەبەنگەکانی «شەپۆلی سێیەم»ی ژیاری هاوچەرخی مرۆڤایەتی کە «تۆفلەر» باسی دەکات. ناتوانم چێژلەوکەرنەڤاڵە وەربگرم، وەلێ دەزانم سبەی مەلاکانی شارئاگری رقی ئیبلیسیان بە وتارە

ئاگرینەکانیان خاڵی دەکەنەوە. تەنیا ئەمەیە دڵم دەکاتەوە کە سەرکەوتنی تەمەدون بەسەر کۆنسەرڤاتیزمدا دەبینم، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەم وڵاتە، ئەوە کەم نییە هەرچەندە نابێت پێمان زۆریش بێت.

لەگەڵ ئەوەش نابێت ئەم رووداوە سەرمەستمان بکا، لەبەرئەوەی باکگراوەندی کۆمەڵی کوردیی ئاین و خێڵە. لەناو ئەو کەلتوورەشدا هەناسەیەك بۆ ژیان نییە، کۆمەڵگەی کوردیی بە بەراوورد بە دەیەی هەفتاکان پاشەکشەی بەرچاوی کردووە لە رووی دیاردەگەرایی مودێرنەوە، ئەگەرچی ئێمە بەر ماتریاڵەکانی مۆدێرنە کەوتووین، کەچی مودێرنە وەك رۆح و فکر و ئایدیا نەگەیشتووە پێمان. بە واتایەکی تر پێشکەوتنی ئێمە فۆرمالیستانەیە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هاوتەریب نییە لەگەڵی. برۆ لەگەڵ ئەو کچە قسە بکە کە پۆشاکەکەی هەمان پۆشاکە لە پاریس و ستۆکهۆڵم لەبەر ئەکرێ، کەچی وەك نەنکی بیر ئەکاتەوە و وەك باپیریشی قسە ئەکات. مارکس کاتی خۆی وتی: لە کاپیتالیزمدا هەموو شتێك ئاوسە بە دژەکەی. لەوە دەچێت هێشتا کورد لە قۆناغی فیوداڵی و بەرلە سەرمایەداریدا بێت چوونکە هەموو شتێك ئاوسە بەهاوشێوەکەی خۆی، زۆرجار هاوشێوەیەکی زۆر خراپیش.

ئەمشەو لەگەڵ ئاسۆ عوسمان، ئەیوب رەزا، ئارام قانیع، گۆران عومەر، حەمە عەدنان، عەلی ئازەرنیا.

کاتێکی زۆرمان پێکەوە بەڕێ کرد. ئەوان بۆ ئەوەی بخۆنەوە مەستی شادییەکانی ئەمشەوە ببوون، منیش دوای نۆشینی نیو قاپ ویسکی و دوو بیرە هیچ مەست نیم، تەنیا غەرقی بیرکردنەوەکانی خۆمم کە دڵنیام ڕۆژێك یان سەرم دەخوات یان وەك نیتشە دێوانە دەردەچم، بەڵام من بە شەقامەکانی شاردا دەسووڕێمەوە و هاوار دەکەم، کێ دڵێکی دەوێ بۆ کڕین بە شەرتی ئەوەی هەرگیز گەردی ڕقی نەگرتبێت؟. هاوار دەکەم کێ ڕۆحێکی دەوێ لە ئەوەڵ مەزاددا بە مەرجی ئەوەی ژەنگی کینە زەفەری پێ نەبردبێت؟. دڵنیام کەس نییە موشتەریی ئەم دڵ و ڕۆحەم بێت!، دڵێك دەبەمە ژێر خاك، ڕۆحێك دەبەمەوە بۆ ئاسمان کە بە ئاوی بێگەردی خۆشەویستی هەمیشە زاخاوکراوە.

١٩٩٩-١٢-٣١

بە حساب یەك کاتژمێر و نیوە سەرەتای ساڵ و سەدە و هەزارەی نوێیە.

# -٢٤-

دوێنێ شەو، لەگەڵ «محەمەد عومەر عوسمان» تووشی دۆخێکی ناخۆش بووینەوە. ئاسایشەکانی شار وەك گورگ پەلاماریان داین. دوێنێ کاتژمێر چواری عەسر لە یەکەم رۆژی ساڵی نوێدا، لەگەڵ «حەمە عومەر» لە چایخانەی سەهۆڵەکە یەکمان بینی. من سەرخۆش و ئەویش تەواو مەست. بڕیارماندا بە مەی خواردنەوەی زیاتر، ژیلەمۆی خەمەکانمان بگەشێنینەوە. «حەمە عومەر» رەخنەی زۆری لە حکوومەت و حزبی فەرمانڕەوا گرت، بەڵام نەك کەس پشتگیریی قسەکانی نەکرد، تەنانەت هاوڕێکانمان لێمان دوور دەکەوتنەوە و جاسووسە چاو مۆنەکانیش بە مۆڕەوە سەیریان دەکردین.

بە دەم پیاسە و جگەرە خواردنەوە ملی رێگامان گرتە بەر، بەو نیەتەی بچین بۆ «نادی مۆزەفین». لە تەنیشت بەنزینخانەی عەقاری، حەمە عومەر، تووڕەییەکەی گەیشتە ئاسمان، خۆی کرد بە کۆگای «ئاشوور» و سڵاوێکی لە «ئەدمۆن» کرد و چارەکێك ویسکی لێکڕی. هەر بەدەم رێگاوە ئەو چارەکە ویسکییەی خواردەوە. بەمشێوەیە گەیشتینە بەردەم باخی گشتیی. لەو کاتەدا کە حەمە عومەر شووشەی

چارەکە ویسکییەکەی فڕێدایە تەنەکەیەکی خۆڵەوە و بە دەنگێکی بڵند دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانی سیاسی، یەکێك لە ئاسایش و پاسەوانەکانی هۆتێل سلێمانی پالاس، جنێوێکی ناشرینی دا. ئێمەش چووینە بەردەمی و حەمە عومەروتی بڕۆ جنێو بدە بەو کەسەی لە ژوورەوە کەیف و سەما دەکات و تۆی لێرە لەم بەرسەرمایە داناوە.

لەو کاتەدا پاسەوانەکە تووڕە بوو، کردی بە هاوار هاوار. پاسەوانەکانی دیکە بە میل ڕاکێشان هاتنە پێشەوە و زیاتر لە ١٠ تفەنگی ڕزیو رووی تێکردین. حەمە عومەر هاواری کرد دەی ئازابن وەرن وەك بەکر عەلی شەهیدم بکەن. یەکێکیان لوولەی تفەنگەکەی لە ژێر گوێی مەمکم گیرکردبوو، وتی ئەمشەو من تۆ ئەتۆپێنم کۆمۆنیستی بێ ڕەوشت. منیش وتم خەڵك کوشتن لای ئەوەی هیچ ڕەوشتێکی نییە ئاو و دۆ خواردنەوەیە. لەناکاو دەنگێك لەو بەر شەقامەکەوە هاواری کرد، نەکەن، نەکەن، هیچ نەکەن، پاسەوانەکان ئاوڕیان دایەوە و کەمێك کشانەوە. کابرا هاتە ئەمبەرەوە و کۆی پاسەوانەکان سڵاوی سەربازیان بۆ کرد، بە هەستکردن بە شەرمەوە وتی من داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەو ڕەفتارە ناشرینەی پاسەوانەکان. بەزۆر پەلکێشی ناو هۆتێلەکەی کردین، ئێمەش نەماندەویست بچین، چوونکە پێمانوابوو پیلانێکە و لە ژوورەوە حەسیر مەیدانمان پێ دەکەن.

چووینە ژوورەوە، هەندێك لە بەرپرسەکانی شار و

حکوومەت بە ڕوویەکی گەشەوە هاتنە پێشوازیمان، بەڵام ئێمە رەتمان کردەوە دەعوەتیان قبوڵ بکەین. تەنیا ئەوە نەبێ چووینە کافتریاکە و وا بزانم بە هەردووکمان لە ماوەی ٢ سەعات کە لەوێ ماینەوە ١٢ قاوەمان خواردەوە، بە راستی شەوێکی سەیر بوو، چوونکە لە کۆتایدا بە ئۆتۆمبیلی ئاسایشەکان بردیانینەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك گەیشتمە بەر دەرگای ماڵی خۆمان و یەکێك لە دراوسێ یەکێتییەکانم منی بینی لە پێشی ئۆتۆمبیلی ئاسایشەوە وەك ئەفسەرێك دێمە بەرچاو و دابەزیم، تووشی واق ورمان بوو، ئەم بەیانییەش چووم بۆ نانەواخانە ئەو زۆر گۆڕابوو، سڵاوەکەی گەرم ببوو لەگەڵم، پێیوایە من ئاسایشی نهێنیم، ئای دنیا ئەمە چییە دەڵێی لەناو چیرۆکێکی عەزیز نەسین خۆم دەبینمەوە.

شاملۆ وتەنی دنیایەکی سەیرە گوڵم، ئێمە هاوڕێکانی خۆمان لە وتنی وشە توندەکان لێمان هەڵدێن و ناوێرن پارەی چایەکمان بۆ واسڵ بکەن. کەچی ئەو دەسەڵات و حزبە میلیتانتەی رەخنەی لێدەگرین رێزمان لێ دەگرێ و بانگی سفرە و خوانی شاهانەمان دەکات. ناڵێم بەو رەفتارەیان دەسەڵاتم لا جوان دەبێت، بەڵام خەریکە بگەمە ئاستێك بڵێم رەوشتی زۆرێك لەوانەی خۆیان بە هاوڕێمان دەزانن گەلێك نزمترە لە پاسەوانەکانی دەسەڵات.

٢-١-٢٠٠٠

# -٢٥-

ئەمڕۆ هەروەك دوێنێ یان وەك كۆی ڕۆژەكانی تری ژیانم، قەوانەكە دووبارە بووەوە، پرۆسێسەكە بەمشێوەیەیە: نان خواردن، خوێندنەوە، خواردنەوە، موجامەلەی درۆ، خەوتن. ئەمە شریتی ژیانی ئێمەیە و هەمیشە بەم جۆرە دەخولێتەوە و لەناكاو دەپچڕێت. وای نابینم هیچ حیكمەتێك لەم سوڕەی ژیانی مرۆڤ هەبێت، چەند حیكمەت لە بوون و ژیانی قالۆنچەیەكدا هەیە، هەر ئەوەندەش لە ژیانی مرۆڤدا حیكمەت هەیە. ژیان بێ بەهایە و لە كۆتاییدا دەگەینە ئەو بڕوایەی هیچە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر باوەڕم بەهێز ئەبێ بە هیچێتی بوون، بە هچێتی مرۆڤ. بە هیچێتی ژیان، هەموو شتێك لە هیچەوە هاتووە و ئەبێتەوە بە هیچ. سەرەتا هیچ هەبووە و كۆتایش هەر هیچە.

من بڕوام بەوە هێناوە، ژیان هیچە، لەگەڵ ئەوەش دەبینم، لەم ژیانە هیچەدا مرۆڤ كۆت و بەند دەكرێت و ناهێڵن لەززەت لە هیچێتی ژیان وەربگرێت. هەرلەم روانگەوە دژی چەوساندنەوەی چینایەتی و ڕۆحی قازانجخوازیی سەرمایە دەوەستمەوە، ئەگەرنا لەوە بەدەر ئەوگووتارە سواوەی چەپەكانی ئەم وڵاتە لە ژاوەژاوێك بەولاوە چیتر نییە

لەلای من. ئێستا عاشقم، عاشقیش بوونەوەرێکی تایبەتە، سەری دنیای بە پووش لە خۆی گرتووە.

بڕوام وایە ئەو دێڕەی «ئۆریانا ڤالاچی» لە رۆمانی «نامە بۆ ئەو کۆرپەیەی هەرگیز لە دایك نەبوو» زۆر راستە کە دەڵێ «گەر هەقیقەتت دەوێ من تا ئێستا نازانم مەبەست لە خۆشەویستی چییە؟ لای من خۆشەویستی فێڵ و تەڵەکەیە بۆ ئارامکردنەوە و گەوچکردنی خەڵك داهێنراوە». ئەو منی خۆش دەوێت، منیش ئەوم خۆش دەوێ، ئیدی هەردووکمان درۆ بۆ یەکتر دەکەین!! ناخی تووڕەی خۆمان لەبەرچاوی یەکتر هێمن نیشان دەدەین، ئاخر هەرکات لە یەك دادەبڕێین، دەگەڕێینەوە بۆ ناو دنیاکەی خۆمان، کەواتە عەشق پێشەنگایەتیمان ناکات، بەڵکو درۆ دەکەین بە مەبەستی ئەوەی یەکتری رازی بکەین.

پیاوی کورد هەمیشە بە چاوی داگیرکردنەوە سەیری ژن دەکات، هەموو هەستێکی پیسی زیۆسانەیان هەیە. ئاخر بەپێی میتۆلۆجی گریکی ئافرۆدیتی خواوەندی جوانی کە هەمیشە جێگەی تموحی زیۆس بوو، بەڵام بەو رازی نەدەبوو، زیۆسی دڵتەڕتووشی کابرایەکی قووموورو ناشرینی کرد و ناچاری کرد شووی پێ بکات. ئەدی هەموو پیاوێکی کورد نایەوێت ئەو ژنەی بۆ خۆی نییە، تووشی ناهەمواریی ببێتەوە؟. بێگومان بەڵێ و هەزار جار بەڵێ. ئەو پیاوەی ئەم بۆچوونە رەت بکاتەوە لە بری جارێ هەزار جار درۆ ئەکات.

بەهەرحاڵ من عاشقم و خۆم لەو پێناوەدا تواندۆتەوە، وەلێ چاوەڕوانی هیچ ئاکامێکی گەش ناکەم. ئەمڕۆش لە ناو نامەیەك ئەم شیعرەی «كەژاڵ»ی ئازیزم بۆ دلبەرناردبوو:

من لە یەك کاتدا خاوەنی سێ دڵدارم
یەك نین، دوو نین، سێ دانەن، سێ گرێکانم
نەرسیس و
تاناتۆس و
ئیرۆس
ئەوراستییەم لای شەماڵ وت
لێم بوو بە رەشەبا

١-٣-٢٠٠٠
**سلێمانی - سەهۆڵەکە**

# -٢٦-

ئێستا کاتژمێر نۆی شەوە. ئەمڕۆ سیمینارێکم هەبوو لە ژێر ناونیشانی «ئایندەی سۆسیالیزم لە هەزارەی سێیەمدا» لە هۆڵی بازرگانی سلێمانی، کە نزیکەی سەد و پەنجا کەسێك ئامادەی بوون. لە سیمینارەکەدا زۆربڕوای خۆم لە دەرەوەی قاڵب و چوارچێوە سواو و دۆگماکان لەمەڕ سۆسیالیزم و ئایندەی رەوتی چەپ بە گشتیی خستەڕوو، پێش هەر کەس ئەو چەند ئەندامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کە لەوێ ئامادەبوون، بۆ رەچاوکردنی ئەوەی منیش کادری حزبم، بەشێوەیەکی هیستریکی هێرشیان کردە سەرروانگەکانم، بە کەسێکی مەکتەبی و بارگاوی بە رۆحی رۆشنبیریی بۆرجوازی تاوانباریان کردم، چوونکە لەوێدا جگە لە ستالین و ماو و کاسترۆ و تۆنی کلیف، گوومانم لەسەر خودی لینین ورووژاند، کە رۆڵی نەرێنی هەبووە لە شێواندنی کۆمۆنیزمی مارکس، زیاد لەوەش گرێ دەروونییەکانی خۆی تێکەڵ بە بابەتە سەرەکییەکانی شۆڕش کرد، چوونکە ئیبادەی بنەماڵەی قەیسەری رووس کە لە تۆڵەی لە سێدارەدانی «ئەلیسکەندەر»ی برای بوو. جێی گومانی زۆرە.

من بە شانازییەوە «کتێبی رەشی کۆمۆنیزم»م، هێنایە

بەرباس. کە ئەو کتێبە لەلایەن بیرمەندی عەرەب «جۆرج تەرابیشی»یەوە وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی، هەمان ئەو تەرابیشییەی چەندان شاکاری وەك «نقد نقادنا»ی «پیلخانوڤ»ی وەرگێڕاوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لە کوشتاری سەد ملیۆن مرۆڤ ئەکات لەلایەن ئەو رژێمانەی ئیدعای کۆمۆنیزم ئەکەن، من هیچ مبالەغەیەکم نەبینی، چوونکە قەڵا زۆرەملێیەکانی ستالین و جینۆسایدی تبتییەکان لەلایەن «ماوتسی تۆنگ»ەوە نموونەی مشتێکن لە خەرواریّ. بەڵام ئایا «مارکس» و «کۆمۆنیزم» بەرپرسن لەم تاوانانە؟. لە سیمینارەکەشدا وتم بەڵێ مۆدیلی کۆمۆنیزمی دەوڵەتی و سیاسیی تاوانبارە، بەڵام کۆمۆنیزمی فەلسەفی و خودی مارکس بەرپرسیار نین، وەك چۆن «فریدریك نیتشە» تاوانێکی نییە لە خراپ سوودوەرگرتنی نازیزم و هیتلەر لە تێزی «سوپەرمان»ەکەی.

لە بارەی ئایندەی سۆسیالیزم شتی تازەم وت، بە وتەی ئامادەبووان پرسی تازەم هێنایە ناو جەدەلی پاشەڕۆژی مارکسیزم. لەوێدا ئاماژەم کرد بۆ مانەوەی مارکس وەك بیر و فەلسەفە نەك وەك بزووتنەوەی سیاسیی. لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ لە زۆرینەی راپرسییەکاندا کە دەزگا رۆشنبیریی و فەلسەفییەکان پێی هەستاون، مارکس وەك کاریگەرترین فەیلەسووفی هەزارەی دووەم لە ریزبەندیی یەکەمدا بووە، بەڵام ئەو فەیلەسووفە زۆر لەو راپرسییانە گرنگترە، وەك

ئەڵتۆسێرئەڵێ ئەگەریۆنانییەکان زانستی ماتماتیکیان دۆزیبێتەوە، ئەوە مارکس زانستی مێژووی دۆزیوەتەوە. مەبەستی ئەڵتۆسێرلەوەیە مارکس بزووێنەری مێژووی دۆزیوەتەوە و ئەو فاکتەرانەی کەشف کردووە کە داینەمۆی گەشەکردن و هەڵسوڕانی مێژوون. مانەوەی مارکس لێرەدایە، مانەوەی مارکس لەورەخنە ریشەییانەدایە ئاڕاستەی سیستمی سەرمایەداریی کردووە. من مارکسیم بەو مانایەی رازی نیم بەو دنیا نادادەی بەسەر مرۆڤدا سەپاوە، نەك بەو هۆیەی ئەندامێکم لە حزبێکی سیاسییدا.

خۆ خودی «مارکس»یش مرۆڤە، مەحکوومە بە هەڵە و کەموکوڕیی، هیچ کاتیش نەیوتووە ئەم فەلسەفەیە قفڵی لێدراوە وبۆکەسی ترنییە ئیزافەی بخاتە سەر، بە پێچەوانەوە بیری رەخنەیی مارکس دەرگای بیرکردنەوەوروانینی نوێ ئەخاتە سەرپشت. مارکس وایدانابوو لە شارێکی پیشەسازیی وەك «لەندەن»ەوە گڕکانی شۆڕش بتەقێتەوە وکەچی لە رووسیای کشتوکاڵییەوە تەقییەوە. مارکس لە یەکەم دێڕی مانیفێستدا ئەنووسێ «تارماییەك ئاسمانی ئەورووپای گرتووە، ئەو تارماییەش کۆمۆنیزمە». بەڵام درێدا لە کتێبەکەی خۆی لە ١٩٩٣ بەناوی «اگیاف مارکس» پێیوایە ئەوتارماییە مارکس ورەخنەکانێتی کە هێشتا ئاسمانی ئەورووپای بەرنەداوە.

٢٥-٤-٢٠٠٠

# -٢٧-

هەناسەم سواربووە، ناتوانم بە پێی پێویست لەم ژینگە پیسەدا هەناسەیەکی ئازاد هەڵمژم. ئەمە واتای ئەوە نییە تەندروستیم خراپە، نەخێر گیروگرفتی فەسڵەجیم نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ ئەو رۆحە یاخییەم لەهەرچوارلاوە لەلایەن سیخوڕەکانەوە گەمارۆ دراوە. هاوڕێیەکمان لە «یەکێتی خوێندکاران و لاوانی ئازاد» لە ئاسایش دەستگیر کرابوو. پرسیاریان لێکردبوو کێ بەرپرسی سلێمانییە لە رێکخراوەکەتان؟ ئەو هاوڕێیەش ناوی منی هێنا بوو، چوونکە من جێگری سکرتێرو بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی خوێندکارانم. ئەفسەرەکەش سەرێکی بادابوو، وتبووی کە بە من بڵێ ئەو سەرەی سەری خۆی نییە، رۆژێ وەك تەماتە بۆی ئەفلیقێنینەوە بە فیشەك.

دەزگای ئاسایش کە دەزگایەکی «ئانکیزیسیۆن»ییە و کاری پشکنینی بیروباوەڕی خەڵکە کە ئەو زاراوەش لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕ داتاشرا کە لقێکی سەرەکیی کەنیسەی کاسۆلیکی بوو. لەشکرێك سیخوڕیان خستۆتە کاربۆ چاودێریی بیروباوەڕی

خەڵك. من هیچ كێشەم نییە، رای خۆم بە دەنگێكی دلێربە هەموو كەس رادەگەیەنم، نەك بە شەرم و لەژێر لێوەوە قەناعەتەكانی خۆم بڵێم. ئەبێ ئەوان شەرم بكەن لە ئەجینداى رەشیان بۆ كۆمەڵگە نەك ئێمە كە خەونێكی جوانین و لە دەیجوری وڵاتدا وەك گوڵێك رسكاوین.

وەنەبێ زۆر خۆشەویست بم لە حزبەكەی خۆشمدا، چوونكە لەسەرهەموو شتێ قسەی خۆم هەیە، رای تایبەتی خۆم هەیە و تووتی نیم. بۆ وێنە پێرار لەسەر «فەرەیدون حسێن زادە» كردم بەو رۆژەی قەرەوەیسی تیا كوژرا، چوونكە «ئاسۆ كەمال»ی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەكرد كتێبی «ئەم بڵقە كەی دەتەقێ»ی كاك «عەبدوڵلا مهتەدی» ئەخوێندەوە. ئەمە هەر لە رەوتاری فاشیستەكان ئەچێ!! چۆن دەكرێ كۆمۆنیست بیت لە كتێب بترسی؟ ستالینستەكان لە كتێب ئەترسان و چەندان شاعیری وەك «پاسترناك»یان لە رووسیا دەربەدەركرد. فرانكۆ و فاشیستەكان لە كتێب ئەترسان كە شاعیرێكی وەك «لۆركا»یان گولەباران كرد. نازی و هیتلەر لە كتێب ئەترسان. ترس لە كتێبی نەریتی دەسەڵات و گروپە فاشیست و تۆتالیتارەكانە.

هەر ئەمەش بوو لەكاتی كۆنگرەی یەكەمی یەكێتی خوێندكاران و لاوان، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی و خودی

«تاهیر حەسەن» بە ئەندامانیان وتبوو دەنگ نەدەن بە من، تەنانەت تۆمەتی ئەوەشیان دابووە پاڵم لەگەڵ «مەلا بەختیار» پەیوەندیی ژێراوژێرم هەیە. کەچی خۆشبەختانە بە خواستی ئەوان نەبوو، من دەنگی یەکەمم هێنا، هەرچەند بەزۆر «پشتیوان»ی برای «رێبوار ئەحمەد»ی سکرتێری حزبیان سەپاند وەك سکرتێری رێکخراو و منیش بە دیفاکتۆ بە جێگر و بەرپرسی لقی سلێمانی رازی بووم. لەگەڵ ئەوەش من دەیان گەنجم کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی ئەندامی حزبی کۆمۆنیست بن، بەڵام چالاکانە بۆ یەکێتی خوێندکاران کار ئەکەن، ئەمڕۆش بۆ یەکی ئایار دوو سەد گەنجمان کۆکردۆتەوە بۆ ئەنجامدانی ماراسۆنێك لە تاسڵوجەوە تا بەردەم بارەگای رێکخراو.

کاتێ هاوڕێیەکمان بەناوی «فەلاح» لەلایەن خودی «کاردۆ محەمەد»ی سکرتێری «رێکخراوی ئازادی لاوان»ی سەر بە کۆسرەت رەسوڵ بە مستە دەمانچە لێیدرابوو، کێ چووە سەر بارەگای کاردۆ و داوای لێبوردنی پێکرد؟ ئەوە منم خۆم لەناو ئەو گەنجانە ئەبینمەوە، نەك پشتیوان کە وەك فەرمانبەر دێتە بارەگا. ئەوە منم کە لەناو خۆڵ و خاشاکی گەڕەکە میللییەکانی شاردا لەگەڵ ئەو گەنجانە دائەنیشم و قسەیان بۆ ئەکەم. چیرۆکی زۆرم هەیە بۆ باسکردن، مارکیز وتەنی «من بەبێ کۆمەکی

چیرۆك و حكایەتەكان ناتوانم باسی دونیا بكەم». راستە ئەم حكایەتانە رەنگە جگە لە خۆم هیچ كەسی تر نەیبینێ، بەڵام بۆبیست ساڵی تر ئەگەرنەمردین، جارێكی تر ئەمرۆی خۆمی پێ هەڵدەسەنگێنم. دووریش نییە بە پێكەنینێكی گریاناوییەوە ئەم لاپەڕانە هەڵدەمەوە.

٢٩-٤-٢٠٠٠

# -٢٨-

دەمێکە سەیرکردنی «تی ڤی»م بیر چۆتەوە، سەیری خاك تی ڤی دەکەم، دڵخۆشم بەوەی گوێ بۆ پارچە موزیکێکی کوردیی دەگرم، موزیکێك بە ئامێری پان فلووت. کاك «دیاری» ژەنیاری پان فلووت زۆر بە چێژەوە ئەو پارچە موزیکە پێشکەش دەکات. ئەم موزیکە بردمییەوە بۆ دنیای «نیتشە» و ئەووتەزایەی دەڵێ «تاکە شتێك وامان لێدەکات بەهۆی هەقیقەتەوە نەمرین، هونەرە» لەم رۆژانە هەمان ئەووتەیەم بۆ «کامەران لەتیف» نووسی کە پێشانگایەکی «میتافۆر»ی لە هۆڵی میدیا کردبووەوە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە. ئەمرۆ بە بەراوورد بە رۆژانی دی، ئاستی رەشبینییەکەم کەمتر و لاوازترە، رەنگە ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە بێت دوێنێ لەناو حەماسی یەکی ئایاردا بووم. لە هەوڵی ئەوەدام شاکارێکی ناوازەی وەك «فاوست»ی «گۆتێ» دەست بخەم و بیخوێنمەوە، زۆرم لە بارەی «فاوست»ەوە بیستووە و خوێندۆتەوە، هەست بە شەرم دەکەم هێشتا ئەو دەقەم نەخوێندۆتەوە. جیاواز لەمانە هۆگری دنیای «جاك لەندەن» و «فلوبێر» بووم. ماڵی مارکسییەت ئاوا بێ منێکی گوایە خوێندەوار تازە بە تازە بە «ئارسەررامبۆ» ئاشنا دەبم.

ئێمە هەر لە دنیای چیخۆڤ و گۆرکی و مارکیز و برێخت و کۆ و کێی تردا چەقیون، پێویستە شتی نوێ فێربین و سەیری دونیا بە چاویلکەیەکی تازەوە بکەین. خەمی قووڵم ئەوەیە هەزارەها مارکسی دۆگما لەم وڵاتەدا بەرگریی کوێرانە لە ئایدۆلۆجیاکەیان دەکەن کەچی ناتوانن دیراسەی «لوی ئاڵتوسێر» بکەن، ئاخر خۆ کەس نییە هێندەی ئەو داکۆکیی لە مارکس بکات بە فاکتی زانستی و تێزی ئەکادیمی نوێ کە فەلسەفەی هاوچەرخی ناچارکردووە دانی پێدا بنێن!!!.

ئێستا ئەم زۆربێژییە بەس دەکەم و نامەیەکی عاشقانە بۆ دلبەر دەنووسم، هیوادارم ئەویش ئەو قوفڵە گەورەیەی مێشکی بشکێنێت و دەرگای بیرکردنەوەی بکاتەوە.

نەفەسێکم لە جگەرەکەم داوە، هێندە تاڵە تامی ژیانمان ئەدا، خواردنەوە ئەلکهولییەکان نەبێ، هیچ خودایەك ناگاتە فریامان. شانۆگەریی «دەرگاکان»ی «یوسف سائیغ» ئەخوێنمەوە لەو پەرەگرافەدا چەقیوم، کە هۆڵی دادگایە و عاشقەکە لە قەفەزی تاواندا راگیراوە،! دادوەر پرسیاری لێ ئەکات بۆچی ئەو تاوانەت ئەنجامدا؟؟ عاشقەکە بە نەرمی و دەنگێکی نەوی وتی «جەنابی دادوەر، عەشق حاڵەتی سەراسیمەیی و سەوداسەرییەکی بەو چەشنەیە، کە نەدەزانی چی ئەکەی و نە بیرت دێتەوە چیت کردووە!».

هەستێکی سەیرم هەیە لەو کاتەوەی هەستم بەدڵی خۆم کردووە، ئاگری عەشق ئەیسووتێنێ، کەچی لە وڵاتێکدا بیر

لە عەشق ئەکەمەوە، پڕپەتی لە گۆڕی بە کۆمەڵی کۆترە عاشقەکان، پڕپەتی لە چۆلەکەی کوژراو!!.

هەستم ئەڵێی بایەقووشە، ئەیەوێ شتێکی ناخۆشم پێبڵێ، رمڵ لێنادەم، جادووگەریش نیم، نە خڵەفاویشم، ناتوانم بڵێم برێ لە شێتیم تیا نییە، بەڵام بۆنی خوێن ئەکەم، پێموایە ئەم کێشمەکێشەی نێوان حزب و یەکێتی ئەگاتە رووداوی دڵتەزێن. بە دەست من بێ لوولەی چەکەکان فرێ ئەدەمە زێرابەوە، خوێنی مرۆڤێك لە هەرچی ئایدۆلۆجیا و پۆلەتیکە پیرۆزترە. ئێستا لە ناو حزبدا ئەمە تەرح بکەم، نەك بە ئاژیتاتۆرێکی بۆرجوازی تاوانبار ئەکرێم، بەڵکو گومانی تابوری پێنجەم و سیخوریشم لێ ئەکرێ!!!. ئاخ چەند بێ چارەم. هەست بە دڵتەنگی زۆر ئەکەم، هەروەك ئەو رۆژە کە بە هاوڕێیەکم وت «ئاخ لەو قووڵپی گریانەی لە دەریای غەمگینی دڵمدا شەپۆل ئەدات». یان لە نامەیەکدا بۆ یار نووسیبووم «زۆر سەیرە هەمیشە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێم کەچی هەر لە دوای دواوەم». با دوا نەکەوم لە نووسینی نامەکە بۆیار، بۆیە لێرەدا بەم دێڕە کۆتایی بەم نووسینە دەهێنم: «ئەم گەردوونە زۆر لەوە بچووکترە رەشبینی و خەمەکانی منی تێدا جێگە بێتەوە».

٢-٥-٢٠٠٠

# -٢٩-

ئێستا کاتژمێر یانزە و بیست خولەکی شەوە. ئەمڕۆ پاش چوارهەفتە زیندانی لە ئاسایشی گشتیی بە کەفالەت ئازادکرام. ئەمە لەو کاتەدا دەستگیرکرام کە بەیاننامەیەکی حزبی کۆمۆنیستم بە تیراژی ٢٥٠ دانە کۆپی ئەکرد، لە دوکانەکەی کاك «فەهمی حاجی سدیق» بەرانبەر سینەما رەشید. هەر لە دوکانی چاپەمەنییەکە هاتمە دەرەوە دوو ئاسایشی جل مەدەنی قۆڵیان کرد بە قۆڵمدا و یەکێکیان لە ژێر چاکەتەکەیەوە دەمانچەی لە قەبرەغەم گیرکرد و وتی بە بێدەنگی لەگەڵمان وەرە بۆ «دائیرە». منیش زانیم تەنیا ئەو دووانە نین بۆیە هەوڵی راکردنم نەدا، کاتێکم زانی خستمیانە ناو بەرازیلییەکی سپی مۆلید هەشتا و حەوت تا ئاسایشی گشتی دایاننەبەزاندم. ئەو رۆژەی گیرام دروست پێنج شەمە بوو، دوای چوارهەفتەی خشت، ئەمڕۆ پێنجشەمە ئازادیان کردم.

بەشێوەیەکی گشتیی کەشی ناو ئاسایش وایە، بۆ هەواڵپرسین و پیرۆزبایی بڕۆ، بە شەق و کێبڵ وەڵامت

ئەدەنەوە. بەچاوی تاوانبارەوە سەیری هەموو خەڵك ئەكەن و بە فۆرمی توندوتیژیش مامەڵە لەگەڵ نەیارانیان ئەكەن. ئاسایش دەزگایەكە بۆ پاراستنی حزبێك نەك بۆ پاراستنی تێكڕای هاووڵاتیان بێ جیاوازیی سیاسیی. من هەرزان لەم زیندانە دەرچووم، چوونكە كۆمەڵێ لە هاوڕێیانم چەندێكە لە زیندانی «مەعەسكەر سەلام» حوكم دراون بە چوار مانگ بەندكردن. ئەمەش دوای ئەوەی «نەزەر عەلی ئەكبەر»ی جێگری وەزیری ناوخۆ داوای یاسایی لەسەر حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لە دادگا تۆمار كردبوو، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی حزب.

ناوەڕۆكی دەعوای یەكێتی لەسەر حزبی كۆمۆنیست كە ویستی «نەوشیروان مستەفا»یە لە ڕێگەی كاراكتەری «حاكم نەزەر»ەوە ئەجوڵێنرێ، كۆمەڵە بەهانەیەكی بەناو قانوونی تیایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزب كە هەم كۆمیدیایە و هەم تراجیدیا! ئەوان بە قانوونەكانی بەعس دادگایی حزبێكی سیاسیی ئەكەن! ئەمە عەریزەیەكی پڕ مجامەلەیە لە یەك كاتدا ئاڕاستەی ڕژێمی بەعس و كۆماری ئیسلامی ئێرانی ئەكەن. لەوێدا چەند خاڵێك ڤۆكەسیان لەسەركراوە وەكوو «حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی داوای سەربەخۆیی كوردستان ئەكات لە ڕێگەی گۆڤاری ریفراندۆم كە لەلایەن ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندی حزبەوە دەرئەچێ لە لەندەن، ئاكسیۆن و

پانێڵ و کەمپینی جۆراوجۆر ئەکەن». چەند تراجیدییە حزبی «رووباری خوێن» حزبێ لەسەرسەربەخۆیی بداتە دادگا.

جیا لەمەش چەند خاڵێکی تروەك «داوای یەکسانی ژن و پیاو.. بوونی ئێرانی لە ریزەکانی حزبدا.. داوای جیاکردنەوەی ئاین و کاروباری دەوڵەت» کۆمەڵە پاساوێکی ترن کە ئەیانەوێ حزبی پێهەڵوەشێننەوە. سەیر بکەن حزبێك کە ئیدعای سوسیال دیموکرات ئەکات بە چ پاساوێك خەریکی ئاپارتایدی سیاسیی حزبێکە کە ئەو دروشمە مەدەنی و ئازادیخوازانەی هەڵگرتووە. بڕوا ئەکەم دوای گەڕانەوەی «نەوشیروان» کە مێژووی تاریکە بە کوشتنی کۆمۆنیستەکان، ئەو پەنجەرە بچووکەی ئازادیی لە یەکێتیدا دابخرێ. نەوشیروان ژانی خوێنڕێژیی گرتوویەتی. ئەمە مانای ئەوە نییە سەرکردەکانی یەکێتی هەمان خواستیان نییە، بەڵام نەوشیروان کاریزمای لە هەموویان زیاترە، جگە لەوەش لە هەموویان دڵڕەقتر و تۆماری رەشترە.

بارودۆخەکە بەجۆرێکە بۆنی خوێنی لێدێ، هەموو شت رەنگی شەڕێکی نابەرابەرو پڕ قوربانی گرتووە. کاك «لیوا کەمال» سەرکردەی سەربازیی یەکێتی و هاوڕێی دێرینی باوکم، کە کەفیلیشمە، بە تەلەفۆن پێی وتم خۆت بپارێزە کوڕم. یەکێتی هێرشی عەسکەریی ئەکاتە سەرتان!. نازانم قسەکەی بۆ ئەوەیە بمترسێنێ یان بە راستی دۆخەکە ئەگاتە

پەلامارداني عەسكەریی؟. بەڵام من لە مەرگ ناترسم، هاوڕێكانم لەناو ئاگری بەتینا جێناهێڵم. من ئەو كەسە نیم بیروباوەڕو هاوڕێكانم لەنیوەی ڕێگە جێبهێڵم، هەرچەند لام روونە كەس لەسەرمن ناوەستێ.

٢٩-٦-٢٠٠٠

# -٣٠-

ئەمڕۆ یەکێك بوو لەو ڕۆژانەی زۆر ماندووبووم. کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی زەنگی تەلەفۆن لەخەو رایچڵەکاندم، وتیان تەشریف بهێنە بۆ چێشتخانە. هەرچی چۆنێك بوو خۆم خستەوە ژێر بەتانی و دوای ١٠ خولەك، هاوڕێ موحسین کەریم، تەلەفۆنی بۆ کردم بگەمە بارەگای حزب. وتم باشە، بەڵام کاتم دیاری نەکرد. دوای چەند خولەکی دی، ئەمجارە یارتەلەفۆنی کرد، بۆ ئەوەی بمبینیت، هەموو جارێك تەلەفۆنەکان لەلایەن خوشکەکەمەوە وەڵام دەدرانەوە، دواتر بانگی دەکردم بۆ وەڵامدانەوە. بەڵام ئەمجارە خوشکم وتی دەنگی ئەوکچە نامۆنەبوو بە من. دەی قسەکەشی راستە نامۆ نییە بەو، بەڵام منیش بە رۆڵ نواندنەوە وتم ئەمە چییە تۆ هەمیشە گوێت بە هەموو دەنگێك ئاشنا بووە.

کاتەکانم دابەشکرد کە سەعات ١١ -١ی نیوەڕۆ لە چێشتخانە بم، لە ١-٣ لەگەڵ یار بم، لە ٣ بەدواوە بێمە بارەگا. ئێستا ٧ی ئێوارەیە و من لە بارەگام. بۆنی خوێن دێت، هەست دەکەم یەکێتی خۆی بۆ پەلاماردانی ئێمە کۆ دەکاتەوە. هیوادارم بە هەڵەدا چووبم. لەوەش ناخۆشترخۆم

دەبینم چەکدارم، ئەوە شتێکی نامۆیە لەگەڵ سرووشتی ڕاستەقینەم، خۆمن لە ئەزەلەوە بۆ سیاسەت دروست نەکراوم، کەچی ئەم کرمەی سیاسەت هەناوی خواردووم. بیرمە سەرەتا کە عاشق بووم کوڵمەکانم وەك چرایەك شەوقیان دەدایەوە، ئێستا فشاری عەشق قووپاندوومی، تەنانەت کێشی بۆ ٦٢ کیلۆ دابەزاندووم کە بە قسەی دکتۆرەکان بێت پێویستم بە زیادکردنی دە کیلۆ گۆشتە لەسەر ئەم جەستەیەم.

ئەوەشم بیرە سەرەتا بە یارم وت ئەم عەشقەی من تێیدا ڕۆچووم لە کۆتاییدا لە گەنجێکی دەمڕووتەوە دەمکاتە پیرو شێخی عاشقان. دەزانم بە تەنیا دێمە ئەم مەیدانە سەختەی عەشقەوە وەلێ کاتێك دەزانم سەدان مورید بە یا شێخ یا شێخ بەدوامەوەن. دوێنێ میدیا، وتی لە شیعرێکی عەزرا پاوەند ئەچیت، منیش وتم تۆش وەك نۆتەیەکی عەزفنەکراو وایت. هەرچەند من ئەم وشەیەم بە هاکەزایی وت کەچی ئەو دوێنێ بیری لێکردبووە بە درێژایی ئەو شەوە لێکدانەوەی بۆ کردبوو. ئێستاش ئەڵێ ئەرێ ئەوە واتەی چی بوو؟. ئەوپێیوایە کە هیچ وشەیەك بە زیادە و بێ مەبەستێکی قووڵ ناڵێم، چوونکە هەمیشە بەو جۆرە ئەمناسێ کە نرخی وشەکانی خۆم ئەگرم، هیچ وشەیەك ناڵێم بێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ هەموو کاتێك هەرراست بێت.

ئێستا ڕۆمانێکی «عەبدولڕەحمان مونیف» بەناوی

«درەختەکان و تیرۆری مەرزوق» لە بەردەستمدایە هەرچەند دەکەم حەواسی خوێندنەوەیم نییە، بەڵام من لەم وشەی تیرۆرە زۆردەترسم. ئێمەی کۆمۆنیستەکان هەمیشە قوربانی ئەو پرۆسێسە نەفرەتییە بووین. لە ئێستاشدا کە دۆخەکە گرژ و ئاڵۆزە ئەو کردەوەیە لە هەموو کات زیاتر ئەگەری هەیە دژی ئێمە پیادە بکرێ. بەهەرحاڵ هیوادارم شتی وا روو نەدات. با ئەوەشم لە بیر نەچێت ئەمڕۆ راپۆرتێکم بینی لە ژووری هاوڕێ «محسن» دژی من، کە هاوڕێ «ئا» بە قەڵەم و کاغەزی خۆم لێی دابووم، بۆ ئەمە و بۆ ئەم رەنگ زەردی و لاوازییەی خۆم دوو دێڕم لە رۆمانی «نینا» دێتەوە یاد کە بەمشێوەیەیە:

لادۆ: وانۆڤ ئەوە چییە وا لەڕو لاواز بوویت؟ بێوەی بیت و لە دەرد و بەڵا بەدوور بیت.

وانۆڤ: مانەوەی شەو و رۆژ لە چاپخانە و کاری بەردەوامی ژێر فشاری پۆلیس و سیخوڕ، بڵێی ئەم لاوازییە نەخوازێ؟.

٢٠٠٠-٧-١١

# -٣١-

ئەمڕۆ ٢١-٧-٢٠٠٠ کە هاوکاتە لەگەڵ یادی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، بەهۆی داواکاریی هاوڕێیەکی دێرینی باوکمەوە، لە زیندانی ئاسایش ئازادکرام. سێ شەو پێش ئێستا، کاتێك لەگەڵ هاوڕێم «ئاراس عەلی» بووم لە سەهۆڵەکە و لەفەیەکی «گەس»م بەدەستەوە بیخۆم، بەڵام ئاسایشەکانی شارچوار دەوریاندام، پەلکێشیان کردم بۆ بنکەی ئاسایشی رزگاری. هاوڕێم «ئاراس» زۆر هەڵوێستێکی ئازایانەی نواند کە بەرگریی لێکردم و ویستی لە دەستی ئاسایشەکان رزگارم بکات، ئەوان هاواریانکرد «ئەمە کۆمۆنیستێکی بێ ئەخلاقە تۆ خۆت تێکەڵ مەکە». ئاراس زۆر جەریئانە هاواری کرد «خۆ منیش کۆمۆنیستم، دەی بمبەن لەگەڵی».

بەهەرحاڵ منیان بردە ئەودیو دەرگای بنکەکەوە و بە زۆر هاوڕێکەمیان ناردەوە ماڵەوە. بە حەوت ئاسایش بە کێبڵ و دارلێیان دام، تا کەوتمە سەرزەوی، دوایش لەناو «تەوالێت» زیندانیان کردم، ئەوە یەکێك لە ناخۆشترین شەوەکانی ژیانم بوو، تامی لە دەستدانی باوکی دەدا، دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوەدا لە من نائومێد بوون و بە تەواویی ئازاریان

دابووم، دوای سێ شەو و دوو ڕۆژ فەلاقەکردن، تەبریەیان کردم، دەستم لە جێ چووە و سەعاتێك پێش ئێستا لای «رزگاری جەراح» بووم، ماڵی ئاوابێت هەوڵی زۆری لەگەڵ دەستم دا. تاوانی من لەم سێ ڕۆژ زیندان و ئەشکەنجەیە ئەوەیە ڕێبازێکی سیاسیی جیاوازم هەیە و دەڵێم پێویستە کوردستان نەبێتە ئەفغانستان. دەڵێم بەڵێ بۆ یەکسانی ژن و پیاو. دەڵێم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان. دەڵێم بەڵێ بۆ قانوونی ئازادیخوازانە و نا بۆ یاساکانی بەعس. ئەوە هەموو تاوانەکانی منە.. ئەمڕۆ زۆر ئازاری جەستەیی و دەروونیم هەیە و بە نیازم بڕۆم بۆ ماڵی ئاراس، سۆراخێکی ئەو بکەم و سوپاسی بکەم.

ڕۆژانێکی سەختە بۆ ئێمە، چەند دیمەنێکی پڕ ئازارە، کاتێك جەلادەکان بە ناوی یاساوە، تاوانبارت ئەکەن؟!. «چاپلن»م بیردێتەوە کە چۆن دەربەدەریان کرد لە ئەمەریکا بە تۆمەتی کۆمۆنیستی، تەنیا لەبەرئەوەی وتبووی «دایکە کۆمۆنیستەکانیش وەك هەموو دایکانی تر فرمێسك بۆ کوڕەکانیان ئەڕژن». چەند شەرمە خێڵی یەکێتی نوێنەری باڵی بە حیساب مودێرنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی، «ماکارتی»ئاسا کون بە کون بە دوای کۆمۆنیستەکانەوەیە، لەولاشەوە ڕەوتە رادیکاڵ و فێندەمینتالیستە ئیسلامییەکان، وەك تەونی جاڵجاڵۆکەیی خەریکی ئیسلامیزەی کایەی کۆمەڵایەتین، چەند ساڵی تر بەهۆی ئەم مۆبیلیزەی

ئیسلامییەکان لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ئەو تەمەدونەی کەمەی بە رووخساری شارێکی وەك سلێمانییەوە هەیە، پاشەکشە ئەکات. ئەو کۆمەڵگەی بێدەنگە لە تیرۆری کۆمۆنیستەکان، باجی ئەو بێدەنگییەی پاش چەندان ساڵی تر ئەدات.

ئێستا شیعرەکەی «عەبدوڵلا گۆران» زۆر بە گونجاو ئەبینم، بۆ ئەو بەناو رووناکبیرە تاریکبیرانەی لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ»ەوە هێرشی نارەوا ئەکەنە سەر ئەو پرنسیپانەی ئێمەی کۆمۆنیستەکان خەباتمان بۆ ئەکرد.

پیرە مشکی دێرینەیە ماکارتی
عەقڵی شڕ، پینە پینەیە ماکارتی
چەوری لێسی مەکینەیە ماکارتی
دەرگای کونی گەنجینەیە ماکارتی
لە بیری نوێ بە کینەیە ماکارتی
کتێب لای ئەو پەڵپینەیە ماکارتی

٢١-٧-٢٠٠٠

# -٣٢-

پێڕێ گەیشتمە ئەنکەرا، لە داپڵۆسینی کوردستان رزگارم بوو، لە ماوەی ئەم چەندساڵەی پێشوو، مانگ نەبووە بۆ زیندان رامنەکێشن، ئێستا چاوەڕوانی رەحمی یوئێن ئێچ سی ئارِدەکەین، بزانین چارەنووس بەرەو کوێ هەڵماندەگرێت؟. ئەگەرچی ئەوروپا ئەو بەهەشتە نییە لە خەیاڵدانی تاکی کورددا وێنای کراوە، بەڵام بۆ ئێمە پەناگەیەکی ئارامە، هیچ نەبێت کە ئێستا کارگەیشتۆتە سەرکوشتنمان رێگەچارەیەکی ناچارییە و باشترین بژاردەیە. ئێستا لە تورکیای «نازم حیکمەت»م، بیرلەوە دەکەمەوە ئەو پیاوە لەم وڵاتە گەورەیەدا جێگەی نەبووەوە، لە تورکیای «عەزیز نەسین»م کە هەوڵیاندا تیرۆری بکەن.

لە تورکیای خاوەن بزووتنەوەیەکی چەپی بەهێزم کە هەمیشە سەرکوتکراون. لێرە دیمەنەکانی سروشت دڵڕفێنن، وڵاتەکە جوانە، بەڵام ژیان تێیدا سەختە و بۆ ئێمەی پەنابەر رەنگە سەختتر بێت. بیرلە هەموو شتێك دەکەمەوە، مرۆڤی بێکار هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لە بیرکردنەوە، ئەوەندە کاتم هەیە بۆ بیرکردنەوە کە تامی تێدا نەماوە، هەرچەندە وڵات

بە مانا نەتەوەپەرستییەکەی بۆ من مانایەکی نییە. کەچی هەست بە رۆحی «نالی» دەکەم، ئاخر کامەیە «سالم»ی من تا چامەیەکی بۆ بنێرم و هەواڵی ئەو وڵاتەی تێدا بپرسم کە تێیدا زۆر چارە گران بووم.؟.

بیر لە تێزەکانی کارڵ مارکس ئەکەمەوە، کاتێ گریمانەی خۆی بەستەوە بە پەیوەندییەکانی کار و بەرهەمهێنان. کتێبە ناوازەکەی «کاپیتاڵ» گەڕانێکە بەدووی ئەو هێزە دیالیکێتیکییەی مێژوو هەڵدەسوڕێنێ. ئەو بە سەرنجدان لە شارێکی پیشەسازیی وەك لەندەن، ئەو ململانێ چینایەتییە قووڵەی لەو قۆناغەدا هەستی پێ ئەکرا، کە زێدەبایی زیاتر لە هەر شتێك ئازاری هەستی «مارکس»ی ئەدا شێمانەی شۆڕشی کرد لە ئەوروپای دڵی سەرمایەداریەوە. ئێستا لەو تێزەش باشتر تێدەگەم کە هەندێ بیرمەند ژیانی مارکس دابەشی دوو قۆناغ ئەکەن «مارکسی لاو» و «مارکسی پیر» کە ئەدگار و سیمای ئەو دوو قۆناغەشە پڕە لە دابڕان لە یەکتر.

واز لەو جەدەلە فەلسەفییە دێنم، قەڵەم و کاغەز بەشی ئەم درێژدادڕییەی من ناکا، بەڵام ئەوەندە کاتم هەیە کە بە خۆڕایی بە فیڕۆ ئەڕوات هیچ شتێکی ترم هێندە نییە، بەهەرحاڵ لە رێی ئەو شیعرانەی رۆژانە ئەیاننووسم و دواتریش لاپەڕەکان ئەدڕێنم، خۆم لە ئێش وژانەکانی ناو سەرم رزگار ئەکەم. بیرلەوەش ئەکەمەوە، کێ دەیووت کوڕی ماڵێکی وردە بۆرجوا و ناسیۆنالیست لەسەر

کۆمۆنیەرم دەربەدەر ئەبێ؟. کە چاوەڕێی بەزەیی یوئێن ئێچ سی ئارین، بمانگەیەننە دۆزەخی راستەقینە کە وڵاتانی رۆژئاوایی کاپیتاڵییە!!!. سەیرە هیچم لە پێشووی خۆم ناچێ، تەنانەت رووخساریشم، لەوەتی لێرەم ناسکتر بوومەتەوە و رەنگە چەند مانگێکی تر نەبا ببمە شاعیر «چوونکە پێشتر شیعرنووس بووم نەك شاعیر»، ئیدی تێدەگەم شیعر کاتێك دێت کە مرۆڤ بگاتە لوتکەی دڵناسکی و خۆ خواردنەوە.

دڵم جوگرافیایەکی بێ ناونیشانە
تەنیا تۆی تاکە هاووڵاتی ئەو نیشتمانە
***
زمانی شیعرم لە گۆ کەوتووە
کەچی دڵم لە جاران عاشقترە

٢٤-٨-٢٠٠٠

**ئەنکەرا**

# -٣٣-

چیرۆکەکانی «سۆمەرست مۆم» لای من دڵگیرن. ئێستاش کە غەریبی جەرگی کون کردووم، هەست بەوە دەکەم پاڵەوانێکی «سۆمەرست مۆم»م. کەس نییە هەواڵێك بپرسێت لێم، لە کونجی ئەم تەنیاییەدا نامەیەك نییە ئاهێك بە بەرڕۆحی بریندارمدا بکاتەوە. ئەم دۆخە ڕۆمانی «کەس نییە نامە بۆ کۆلۆنێل»ی «گارسیا مارکیز» دەخاتەوە یادم. لەو کاتەوەی لە دایکبووم هەر خەون دەبینم، بۆیە ڕێگە بدەن بڵێم یۆتۆپیترین پیاوم. دوێنێ شەو بە خەون لە کۆڵانەکانی عەقاری بووم، ئەو کۆڵانانەی زۆرترین بیرەوەرییەکانی منیان لە شانی خۆیان ناوە. بەدەم گاڵتە و شۆخییەوە بەرەو کۆلانەکانی «شێخ محێدین» دەڕۆیشتم. سەرەتاتکێی کچە ئەسمەرە جوانەکەم بینی کە هەرکات بە کۆڵانەکەیاندا بڕۆیشتبام، سۆندە ئاوی دەهێنایە دەرەوە و بەردەرگای ماڵی دەشۆرد.

«کازم»م بینی، ئەوگەنجە نەخوێندەوارە لادێیەی هۆگری ئێمە ببوو، دەیویست لە ئێمەوە شتێك فێربێت. چیرۆکی «کازم» یەکێکە لە داستانەکانی ناو «الف لیلە ولیلە». نوکتەیەکی خۆشمان لەسەری هەبوو. وەختێك داوای لە

من کرد نامەیەکی بۆ بنووسم، بۆ کچێکی نازداری عەقاری. بەڵام ئەم نامەیە هەر نەگەیشت. ئەو نامەیە هەر لە گیرفانی یادەوەریی «کازم»دا مایەوە کە گۆڵچی تیپەکەشمان بوو. رۆژێك دوای دوو مانگ بە هەڵەداوان کازم، هانای بۆ هێنام و وتی تکایە بەرواری نامەکەم بۆ بگۆڕە هێشتا پێم نەداوە، منیش بە تەوسەوە پێمووت ئەزیزم من عەریزە و ئەرزوحاڵم بۆ نەنووسیووی، بەرواری چی بگۆڕم، بڕۆ نامەکەتی بدەریێ، ئەمە عەشقە هیچ مێژوویەك ناناسێ، ئێستا چوار ساڵ و نیو تێپەڕیوە و هێشتاش کازم نامەکەی نەداوە بە کچە نازداری عەقاری.

دوێنێ شەو لە خەونەکەمدا، بە بەردەم یاریگای «هونەر»دا تێپەڕیم، ئای کە سەیر بوو، مامۆستا «سەلاح باڵابەرز» لە هەواڵی دەپرسیم ووتی دوێنێ لەسەر گۆڕی باوکت بووم «گۆڕی باوکم»!، هاوڕێی بەوەفام بۆی!، شتێکی نامۆ بوو، تەزوویەکی سەیر بە لەشمدا هات. بە خەندەیەکەوە وتی ئیدی «شووت»ی وا بەرز لێمەدە، رۆژی سەد تۆپ دەکەوێتە حەوشەکەمانەوە. دواتر بەرەو کۆڵانەکانی خوارتر کشام، هاوڕێم «یوسف ئابڵاخی» کۆمەڵێك کتێب و وەرەقەی شڕی پێبوو. بە تەوسەوە چرپاندی بە گوێمدا: زۆر زوو هەڵهاتی، خۆ بڕیار بوو ئێمە شان بدەینە بەر ئەرکێکی قورس. هەستم بە تەریقی و شەرمەزاریی دەکرد، وەك ئەو ژەنەراڵەی بە بەزیویی لە جەنگ دەگەڕێتەوە، تك تك ئارەقی

شەرمەزاریم دەسڕی. لەم وەختە رسواییە بە ئاگا هاتمەوە و سەیر دەکەم لە سەرمای ئەم زستانە سەختەدا لەشم وەك كوكوختییەكی لانە شێواو دەلەرزێ.

بڕوام وایە، ئەم رۆژانە لە سەختترین رۆژەكانی ناو ژیانی منن، تەنیایی گەمارۆی داوم، غەم وەك ئەختەبووت كۆتی كردووم، ئەژدیهای تووڕەیی ناخی خواردووم. هیچ هیچ لەخۆم تێناگەم، نازانم چی دەكەم و ئامانجم چییە و بەرەو كوێ مل دەنێم؟. ئەمە كارەساتەكەیە!! هەروەك محەمەد عەبدلوەهاب لە گۆرانییەكەیدا وتبووی:

نازانین لەبەرچی هاتووینەتە دونیاوە
نازانین بەرەوكوێ مل دەنێین
نازانین چ شتێكمان مەبەستە

لە دۆخێكی كافكایدام، ئەرێ خەڵكینە ئێوە ماركسییەكتان بینیوە، نیتشە و كافكا و نهێلیزم دەورەی دابێت؟.

**٢٠٠١-١-١١**

**ئەستەمبۆڵ - ئاكسەرای**

# -٣٤-

ئەمڕۆ هەواڵی تیرۆرکردنی «فرانسۆ حەریری» پارێزگاری شاری هەولێر بڵاوبووەوە. ئەو تیرۆریزمەی ئێمە زووتر تارماییەکەیمان ئەبینی و لە نووسەرو چالاکە بەرهەڵستکارانەوە دەستیپێکرد، ئەمڕۆ گەیشتۆتە قوچەکی دەسەڵاتداران. هەندێ ئەیانەوێ پێشوەختە یەکێتی تاوانبار بکەن، هەندێکی تر تاوانەکە ئەدەنە پەنا دەزگای هەواڵگری بەعس، بەڵام هەردوو ئەگەرەکە زۆر لاوازن، پێموایە ئیسلامییەکان لە پشتی ئەو کردەوەیەن چوونکە هەولێر بە ئیزنی پارتی بووە بە ئەفغانستانێکی تر. دیاردەی ریش و سیواك و شەرواڵی کورت لە هەموو شتێك زیاتر سیمای هەولێری ناشرین کردووە، لە بەرانبەردا چەند جار ئاگر بەردرا لە بازاڕی لەنگە کە پۆشاکی لەنگەی ئەوروپی تیا ئەفرۆشرێ؟ چەند ژن قاچ و دەستیان تێزابرڕژێن کرا؟ چەند دوکانی مەی فرۆشی و ئارایشتگای ژنان تەقێنرانەوە؟ چەندانی وەك شاپور و قابیل لە ناو جەرگی شار و بە رۆژی رووناك تیرۆرکران؟.

سێ ساڵێك بەر لە ئەمڕۆ لە کاتی ئامادەکاریی مەراسیمی

یەکی ئایار لە شاری هەولێر بووم، لەو ساتانەی لای شێخەڵلا سەرقاڵی پۆستەرهەڵواسین بووین، لە هەموو لایەکەوە کەوتینە بەر پەلاماری ریشدارەکان بۆ ئەوەی یەك پۆلیس دەنگ هەڵبڕێ، ئێمە چوارکەس بووین، من و هاوڕێ کوێستان، کە لە سلێمانییەوە هاتبووین بێدەنگ نەبووین و کەوتینە دیفاع، بەڵام ئەوان لەشکرێك بوون دەرەقەتیان نەهاتین، بۆیە داوامان کرد پۆلیس بە هانامانەوە بێ کەچی نەهاتن. هەرچی چۆن بوو بە شەڕەبۆکز و دوای فەلاقەکردنمان بە زیندوویی دەربازمان بوو. کەچی ئەبینم هاوڕێ «کاروخ» ئەڵێ خۆمن دەمانچەیەکی سمسم پێیە!! وتم دیارە تۆش وەك کابرا خەنجەرەکەت هەڵگرتووە بۆ رۆژی تەنگانە، ئیتر لەو ساتەوە نازناوی ئەو هاوڕێیە بووە بە «کاروخی سمس».

دواتر بۆ وەرگرتنی مۆڵەت کە لە باخچەی گڵکەند مەراسیمی یەکی ئایاربکەین، چووین بۆ بینای پارێزگای هەولێر، منیش لەگەڵ وەفدەکە بووم، چوونکە باوکم و فرانسۆ حەریری لە هەفتاکانەوە ئاشنای یەکتربووبوون. سەرەتا گلەیی ئەوەمان کرد جڵەویان بۆ ئیسلامییەکان شل کردووە، هەڵبەتە ئەویش وەك مەسیحییەك نیگەران بوو، بەڵام زانیمان سیاسەتی حزبەکەیەتی. وتمان ئەمانەوێ مۆڵەت وەربگرین بۆ مەراسیمی یەکی ئایار، بە پێچەوانەی هەموو بەرپرسانی ترەوە، وتی برۆن ئازاد بن چی دەکەن و چی

دەڵێن!!. یەك قسەی خۆشیشی كرد وتی «جەماعەتی رەوتی كۆمۆنیست، بە خودای بەو دەمە قەرەباڵغەتان ئەتوانن هەموو دنیا بكەنە كۆمۆنیست، بەڵام بە گۆڕی بارزانی ئەبێ ئەم هەولێرە بە تۆپ و ئاربیجی بگرن». مەبەستی لەوە بوو كەلتووری مەزهەبی و ئاینی ریشەیەكی كۆمەڵایەتی و دێرینی هەیە لە هەست وویژدانی خەڵكی هەولێردا.

بەهەرحاڵ هێشتا چەند سەعاتێكە فرانسۆ حەریری تیرۆركراوە، بەڵام بە رای من ئەم كارە لەژێر سەری گروپە تیرۆریستییە ئیسلامییەكاندایە، بۆ ئەوان ئاسان نییە شارەكەیان بە دەستی مەسیحییەكەوە بێ، كە وەك هەندێ لە مەلا توندڕەوەكانیان ئەڵێن «فرانسۆ حەریری ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و بنەماڵەی بارزانییە».! ئیسلامی توندڕەو چەندانی وەك «دكتۆر فەرەج فۆدە»یان تیرۆركرد، بەتایبەت كە ئەو بە ئاشكرا باوەڕی خۆی بە ئاینی ئیسلام رادەگەیاند، یان چەندانی وەك «نەسر حامید ئەبوزەید» دەربەدەركران و ئەزهەریش وتی ئەگەر «دكتۆرە ئیبتهال یونس»ی هاوسەری ئەبوزەید جیابوونەوە رانەگەیەنێت ئەوە بە زیناكار حسابی بۆ ئەكرێ چوونكە بە پێی یاساكانی شەریعەت، دكتۆر ئەبوزەید تەلاقی كەوتووە. ئینجا نموونەكەشیان رژێمی تاڵیبانە لە ئەفغانستان.

وەنەبێ لە سلێمانی، یەكێتی نیشتمانی لە پارتی باشتر هەڵسوكەوت بكا، بەڵكو بەپێی رێكەوتنی تاران هەموو

هەورامان و شارەزوور خراوەتە ژێر ركێفی ئیسلامییەكانەوە، هاوزەمان لە حكوومەتەكەی یەكێتی وەزیر و وەزارەتیان هەیە، هەر دوێنێ بوو كە یەكێ لەو توندڕەوانە بە تەكبیرو ئەڵاهوئەكبەرەوە لە فلكەی نالی سلێمانی دەستڕێژی كرد بە ناو خەڵكی سڤیلدا كە چەندان قوربانی لێكەوتەوە لە كوژراو و بریندار. لەولاشەوە بۆ شاباشێكی ئێران، یەكێتی كۆمۆنیستەكانی قەتڵوعام كرد بە رۆژی رووناك لە ناوەڕاستی شاری سلێمانیدا. كە رۆژنامەی «كەیهان»ی زمانحاڵی كۆماری ئیسلامی ئێران بە ستایشەوە سوپاسی قەتڵوعامی كۆمۆنیستەكانی لە یەكێتی و ئاغای نەوشیروانی كرد.

۱۸-۲-۲۰۰۱

**توركیا**

# -٣٥-

ئەمڕۆ هەست بە شێتبوونی خۆم ئەکەم. ڕەنجەکەمان با بردی. کارمان کرد بۆ ئەم کۆتاییە تاڵە. سەرم خستۆتە ناو کۆشم و فرمێسك بۆ ئەو هەموو ماندووبوونە بێ ئەنجامە ئەڕژم، ئەوەی پێی دەوترا کارکردن بۆ شۆڕش گەمەیەکی دۆنکیشۆتانە بوو، پڕبوو لە گاڵتەجاڕی هەرزەکارانە، ئەو هەموو کارو هەڵسوڕانەی کردمان تەنیا یارییەکی سیزیفی بوو، چەند قێزەونە بە ناوی کۆمۆنیزمەوە، بە ناوی هیومانیستی و موبارەزەوە بێیتە مەیدان، کەچی هەموو ئامانج کورت بێتەوە، بۆ مافی پەنابەریی لە بەهەشتی سەرمایەداریی «ئەمەریکا و کەنەدا و ئەوروپا»!؟ هەرچەند لە ڕوانگەی فەلسەفییەکەوە، کۆمۆنیزمم تەلاق نەداوە، بەڵام ئیتر هیچ کات ناتوانم لەگەڵ هیچ حزب و ڕەوت و دەستەیەك، کاری سیاسیی و ڕێکخستن بکەم، ئیدی خۆم بە تەنیام لە گۆڕەپانەکەدا. قەڵەمەکەم ئەخەمە کارو بە هێزی وشە مامەڵە لەگەڵ دنیا وواقیع ئەکەم. مارکس جارێك وتی «چەکی دەستم قەڵەمەکەمە».

زیاتر لە دوو مانگە لەسەر فۆرمی «زەردەشت وەهای گوت»ی نیتشە، سەرقاڵی نووسینی چەند پرتە و بۆڵەیەکم، کە لە وڕێنەی شێتەکانی شارئەچێ و چەند جار بۆ هاوڕێیەکم

خوێندەوە هیچ لێی تێنەگەیشت. یان ئەوەتا ئاستی نووسینم چۆتە سەریان شێت بووم و ئەبزڕکێنم، بەهەرحاڵ لەو دوو مانگەدا ئەمانەم نووسیوە:

*بێدەنگیم پڕە لە هاوار، هاوارەکانم پڕن لە بێدەنگی، من هەم هاوارو هەم بێدەنگیم.

*لە دەریا دەچم، ناتوانم تووڕەیی خۆم بشارمەوە، بەڵام تووڕەییەکەشم تابلۆیەکی جوانە.

*پێم خۆشبوو فێری بیرکردنەوە نەبم، چوونکە ئەوسا ئەم جیهانە بۆگەنەم نەدەناسی.

*هەموو رۆژهەڵاتییەکان تەنیا خەون دەبینن، ئیدی خەونیش هەرچی بێت واقیع نییە.

*زۆربەمان لاسایی فیزی جەلادەکان دەکەینەوە، لە کاتێکدا ئێمە خۆمان قوربانین.

*ئێمە بە چەندان شێوە فێری مردن کراوین، تەنیا جارێك نەمانتوانیوە فێری ژیان بین.

*کاتێك سەرەو خوارهەڵمدەواسن، دڵنیام هاوڕێکەم دەستدەکاتە گیرفانم بۆپارەیەکی ئاسن.

*ئەگەر پێتوایە مرۆڤێکی پاکژیت، بیرلەوە بکەرەوە پێت نەخستبێتە سەرشارە مێروویەك.

*لە کۆتاییدا ژیان دەڕوات و مەرگ دێت، کەواتە لە ئێستاوە لە دێوەزمەی مەرگ تێبگە.

*خەون بە دەوڵەمەندییەوە مەبینە، دەوڵەمەندەکانیش خەون بە بەختەوەرییەوە دەبینن.

*کەوتوومەتە دژاوریەکەوە، بۆم دەرکەوت هاوڕێ نزیکەکانم هەموویان کەمتیاربوون.

جیا لەمەش، رۆژانە لەگەڵ خۆم ئەدوێم، تەنیا پێك و جگەرەکەم هاوڕێمن، دوورم لە هەموو کەس، جارجارلە رێی ئیمەیلەوە هەواڵی هەندێ برادەرئەپرسم، بەڵام دیمەنەکە ئەڵێی رۆژی حەشرە، کەس لەسەرکەس ناوەستێ وکەس ئاوڕ لە کەس ناداتەوە. دوێنێ من و خۆم گفتۆگۆمان بوو کە بەمشێوەیە دایەلۆگمان ئەکرد:

خۆم: تۆ چۆن خۆت خستە گێژاوی سیاسەت و حزبایەتی. کە لە ئەزەلەوە بۆ عەشق و شیعر دروست ببوویت؟.

من: هەڵەیەك لە ئارادایە، ئێمە سیاسەت هەڵنابژێرین، بەڵکوئەوئێمە هەڵدەبژێرێ. دوو رێگە هەبوو، یان ببمە بەشێك لەومێگەلەی رۆژانە دەسەڵات ملهوڕانە ئەیچەوسێنێتەوە یان ببمە ئەنتی دەسەڵات. تەنیا ئەو شتە بە دەست خۆم بوو، کە کامیان هەڵدەبژێرم! بە ناچاریی دووەمم هەڵبژارد، بەڵام دانی پێدا ئەنێم فاشیل بووم.

خۆم: رێگەی سێهەم لەبەردەمتا بوو، لە نێوان کۆیلە و ئەنتی دەسەڵات، کە لایەنگریکردن بوو لە دەسەڵات.

من: جا کێشەکە لێرەدا دروست بوو، کە میتاڵەکەم بە کەڵکی ئەوکارە نایەت کە وەك رێگەی سێهەم باست کرد،

ئەومۆراڵەی تائێستا هەمە ئەوەیە دژی هەرچەشنە چەوساندنەوەیەکم، نەخاسمە خۆم ببمە پشکداری چەوسێنەرەکان.

خۆم: هەست ناکەیت تۆ زۆر کەسێکی میسالیت؟ بڕوا ئەکەم لە بیرکاریدا قوتابییەکی باش نەبووبی!!.

من: شەڕی زاراوەم لەگەڵ مەکە، ئەوە منم و بەو جۆرەم، ئیتر میسالیم یان نا، ئێوە بڕیاری لەسەربدەن. ئەگەرمەبەستت لەوە بێ تا ئێستا بیرم لە سامان و پارە نەکردۆتەوە، زۆر راستە زۆر کۆڵم لە بیرکاری و ژمێرەدا، چوون لەززەت لە ژماردنی پارە نابینم، هەرچەند تا ئێستا بەهۆی خانەوادەکەمەوە گیرفانم خاڵی نییە لەو کاغەزە نەفرەتییە.

خۆم: ئەکرێ پێمان بڵێی پڕۆژەی ئایندەت چییە؟ وەك خۆت ئەتەوێ چی کارێك بکەیت و چۆنیش؟.

من: پڕۆژەی ئایندەم ئەوەیە هیچ پڕۆژەیەکم نییە. بێ پڕۆژەییش خۆی پڕۆژەیەکە. چۆن بێلایەنی لە سیاسەت بۆ خۆی جۆرێکە لە سیاسەت، بێ پڕۆژەیش خۆی پڕۆژەیەکە بۆ هیچ شتێك.

خۆم: سەرم گێژ ئەخوات، سندانت لێ بدات، جا کێ سەر لەم بەیت و بالۆرە و بێنە و بەردەیەت دەرئەکات؟.

من: ئەوە کارێکی باشە کە تێناگەی. تۆش بڕۆ بە لای ئیشتەوە. سەرقاڵی پڕۆژەکەمم واتە پڕۆژەی بێ پڕۆژەیی.

٢٠٠١-٤-٥

# -٣٦-

هیچ کاتم بە فیڕۆ نەداوە، دوو مانگ و نۆ ڕۆژە، هەمووی شەش جارلە ماڵ چوومەتە دەرەوە. تەنیا ئەخوێنمەوە، هەر کتێبێکیش ئەخوێنمەوە تێبینی خۆمی لەسەر ئەنووسم، زۆر خۆشحاڵم لەم کەشە بێدەنگەدا کارم تەنها گەڕانە بەناو جیهانی پڕ فەنتازیای کتێبەکان، هەرچی بێتە بەردەستم ئەیخوێنمەوە، لەبەریشەوە شت ئەنووسم، بەڵام دوایی لێی پەشیمان ئەبمەوە، لە ماوەی دوو هەفتەدا، دوو نووسینی کورتم نووسی، دیسان لە ژێر کاریگەریی «زەردەشت وەهای گوت»ی نیتشە، یەکەمیان بە ناوی «مەنەلۆج» کە بەمشێوەیە نووسیوومە:

*زۆر دەمێکە دەزانم هەموو بەهاکان جگە لە وەهم شتێکی زیاتر نین، بەڵام تازە دانیپێدادەنێم.

*لە نێوان ئەوومندا، خۆم ون کردووە، ئیدی دۆزینەوەی خۆم بووە بە ئەرکێکی زۆر مەحاڵ.

*رقم لە هیچ مرۆڤێك نییە، چوونکە هیچ شتێك ئەوەندە بە گرنگ نابینم بەهۆیەوە رقم لە مرۆڤ بێت.

*ئازاری من لەبەرئەوە نییە ناگەم بە خۆزگەکانم، ئازاری

من لەبەرئەوەیە خۆزگەم نەماوە.

*شەو بە دۆستی خۆم دەزانم، چوونکە یارمەتیم دەدات تێرتێر بە بیرۆکە ساکارەکانم پێبکەنم.

*یەکەمجار کە خۆم بۆ هەمیشە بزر کرد، ئەو چرکەساتە بوو پێیانووتم ئیدی خۆت بناسە.

*لە نێوان نیتشە و مارکس دا، هیچ خاڵێکی هاوبەش بەدی ناکەم، جگە لە خودی خۆم.

*لە بەرزایی دەترسم، ئەمە گرێیەکی سایکۆلۆجی نییە، بەڵکو ترسێکە لە کوشندەیی هەقیقەت.

*وەختێك کتێب دەخوێنمەوە، دوو دیمەن بە چارەنووسم دەزانم، مەرگێکی لۆرکایی یان ژیانێکی دۆنکیشۆتی.

*یەکەمجار بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز ئەوم خۆشویست، پاشتر بە تراجیدیا دەستبەرداری بووم.

دووەم نووسینیش لە ژێر ناونیشانی «رازەکانی شێتی»یە کە ئەویشم بەمجۆرە لە چەند دێڕێکدا دارِشتۆتەوە:

*یاخیبوون لە ناو خوێنمدا هاتوچۆ دەکات، خوێنم لە ناو یاخیبووندا هاتوچۆ دەکات.

*ئەگەرمنت بینی و فرمێسکت لەسەررووخسارم نەبینی، گوومان لە چاوەکانت بکە.

*مردن قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیان، ژیان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مردن.

*تاراوگە ئەو شوێنەیە تۆی لێ نیت، نیشتمان ئەو

شوێنەیە کە منی لێم.

*کزەی با، جوانترین قەسیدەم بۆ دەخوێنێتەوە وەختێك گەمە بە تاڵە قژەکانت دەکا.

*فەلسەفە درۆیەکی جوان و قەشەنگە، منیش ئارەزووی درۆکردنم زۆرە.

*لە رەشایی چاوەکانتدا چارەنووسم دەبینم، لە سەوزایی چاومدا بەهاری خۆت ببینە.

*عەشق پاسپۆرتێکی جیهانییە، عاشقیش شێتێکی نێودەوڵەتی.

*بەوە پێدەکەنم گشت پێکەنینەکانم درۆ بوون، چوونکە من نەوەی فرمێسکم.

رۆژانە لەگەڵ خوێندنەوە، ئەلکهول و جگەرەشم زیاد کردووە، ژیان خۆی کورتە، من یارمەتی ئەدەم زیاتر کورت بێتەوە. خەریکە لە حزبایەتی و سیاسەت دێمە دەرەوە، ئەزانم راکردن لە سیاسەت باش نییە، بەڵام لەگەڵ سروشتی کەسێکی وەك من یەکناگرێتەوە. ئاخر من و سیاسەت زۆر بە یەکتر نامۆین، ئەگەرچی چەندان ساڵ لە تەمەنی خۆم لە سیاسەت بەفیڕۆ داوە، ژ بەرئەوەی لای من دوالیزمی ئەخلاق و سیاسەت دوو پێدراوی جیاواز نەبوون بەڵکو پێکەوە بەسترابوون، تەنیا ناکامبوونم بۆ ماوەتەوە!. نازانم من راستم کرد یان دوای نیکۆڵۆ مەکیاڤیللی و کتێبی میر، سیاسەت لەهەرجۆرە ئاکارێك دارنراوە؟!. من هەنووکە

سەرقاڵی ئەوەم وەڵامێکم بۆ ئەو پرسیارە چنگ بکەوێت.

ئەگەرچی هیچ کەسێك لە ژیانمدا نییە، کچگەلێکی زۆریش بە چواردەورمەوەن، بەڵام تێکشکانم لە عەشقی یەکەم رۆحی کردووم بە خەرابستان، هەست ئەکەم زەمەنی دێوانەکان گوزەشت، ئەوەی ئێستا تەحەکوم بە جیهانەوە ئەکات قەحپەیەکی وەك پارەیە. لەو رۆژانەش کچێکی هاوڕێم بە ئیمەیل بۆی نوسیبووم «خۆشم ئەوێی» بەداخەوە هەستیم ورد و خاش کرد، بەڵام نەمویست درۆی لەگەڵ بکەم، لەوەڵامدا دوو تراکت شیعری خۆم بۆ نوسیبوو:

هاوڕێ نازدارەکەم، رۆژگارێکە
عەشق بەرماوەی سۆزانیخانەکان و
عاشقیش دۆڕاوێکی گەدای بێ ناونیشانە
***

ئەمەیە قەدەری ئەشق:
هیچ کات و هیچ رێگەیەك
ئاشق و مەعشووق بە یەکتر ناگەیەنێ ***

٢٠٠١-٦-١٥

# -٣٧-

رقم لێتە مارکس.. چوونکە رۆژە خۆشەکانت شێواندم، بە بیرۆکەیەکی نەفرەتی، واتلێکردم بۆ شکانەوەی لقی درەختێك بگریم. واتلێکردم باجی خۆشویستنی مرۆڤ بدەم، واتلێکردم لە پێناوی خوشویستنی مرۆڤدا، دوا کەس خۆمم بیر بکەوێتەوە. رقم لێتە مارکس نەتهێشت وەك ئەو خەڵکە بە گەمژەیی بەڵام خۆشبەختانە بژیم، تۆ خوێنی یاخیبوونت ختستە رۆحمەوە. چەند شیرینە ئازاری ئەم یاخیبوونە تاڵە!!. ئەگەرهەڵە نەبم پێموایە فیساگۆرس وتوویەتی «ئەم جیهانە بریتییە لە ژمارە و ئاواز» منیش چەند بیرلە مرۆڤ ئەکەمەوە تەنیا ژمارەیەکە لە ژیاندا ئەگەر ئاوازێکی پێچەوانە نەژەنێ، ئەگەرپێچەوانەی شەپۆلەکان مەلە نەکات. بۆیە یاخی بە و گوومان بکە و هیچ پیرۆزییەك مەناسە، ئەوسا ئەبیتە ژمارەیەکی جاویدانی.

سێ بارە لە ١٢ رۆژی رابردوودا، دوو پارچەی تر نووسینم لەسەرشێوازی «زەردەشت وەهای گوت» نوسیوە، یەکەمیان بە ناوی «وشەی یەکتربڕ» کە لای خۆم زۆردڵگیرە وبەم شێوەیە تەوزیفم کردووە:

*گەررۆژێك لە ناكاوون بووم، لە هیچ شوێنێك بۆم مەگەڕێ، لە كۆلانەكانی قەسیدەیەكدا بمدۆزەرەوە.

*بۆئەوە دروستكراوم گوومان بكەم و یاخی بم، هیچ پیرۆزییەكم نییە و هیچ دەسەلاتێكیش ناناسم.

*لەپێناوی نەمریدا هەوڵ مەدە، هەموو ماندووبوونێكت لە پێناوی ژیاندا چڕبكەرەوە.

*هیچ تێزێكی فەلسەفی، هێندەی گریانی منداڵێك كاریگەریی لەسەرم نییە.

*لە هیچ شتێك ناترسم، تەنانەت لە مەرگیش، تەنیا لە ململانێ لەگەڵ گێلەكان دەترسم.

*جاران دڵتەنگ بووم خەونەكانم نایەنەدی، ئێستا دڵتەنگی ئەوەم خەونیش نابینم.

*نازانم بۆچی هەمیشە لە سەرەتای رۆژێكی نوێدا، هەست بە كۆتاییەكی حەزین دەكەم؟.

*ئەگەرفەلسەفە سوودێكی هەبوایە، دەمێك بوو بەهەشت هاتبووە سەرگۆی زەوی.

*جارێك تووڕە بووم لە بەرانبەرئاوێنەیەكدا، زانیم مرۆڤ لەكاتی تووڕەییدا زۆرناشرینە.

*پێشووتر هەوڵمدا فێربم بخوێنمەوە، هەنووكە هەوڵدەدەم بۆنووسەرەكان بگریم.

دووەمیشیان لە ژێرناوی «هاوڕێكانم» كە مامەڵەیەكی رەمزییە لەگەڵ دنیای نووسەرو فەیلەسووفەكان، بەڵام جێگەیەك نییە كە لە رۆحی ئەم نووسینانە تێبگات تا بڵاوی بكەمەوە، رۆژنامەكان هەمووی ئینشای سیاسین،

کە ناردیشم بۆ رۆژنامەی «هاوڵاتی» وتیان لە چ زمانێکەوە وەرتگێڕاوە؟! لە کاتێکدا ئەمانە نووسینی خۆمن!! ئەم کورتە نووسینەم لە ژێرناوی «هاوڕێکانم» نادەم بە هەموو ناوەندی رۆژنامەگەریی کوردیی، کە ئەمەیە:

*کارڵ مارکس: لە مرۆڤبوون حاڵی کردم و پێیوتم گرنگ چۆن ژیانە نەك بۆچی ژیان، بەڵام هاوکات کردمی بە هاوڕێی ستالین و پۆل پۆت و ئەنوەر خۆجە.

*نیتشە: گوومانی بەرانبەر بە مارکس خستە دڵمەوە، فێری لە خۆبایبوونێکی شاعیرانەی کردم.

*سارتەر: لە خەونی کۆیلایەتی رایچڵەکاندم، سەرکەشی فێرکردم و هەموو رێگاکانی یاخیبوونی نیشاندام.

*رۆسۆ: یەك وانەی فێرکردم، زوو دان بەراستییەکاندا بنێم، بۆیە منیش رۆژێك دانپیانانەکانی خۆم دژی خۆم دەنووسمەوە.

*هیگڵ: هیچی فێرنەکردم، بە زمانێك قسەی لەگەڵ دەکردم لێی تێنەدەگەیشتم، بەڵام تەعاروفی لەگەڵ مارکس پێکردم.

*مەکسیم گۆرکی: سەری زمانی و بنی زمانی باسی دایکێکی ئازا بوو، لەم سۆنگەوە دەڵێم ئەو پەیوەستی کردم بە دایکمەوە.

*نزار قەبانی: ئێوارەیەکی پایز بوو ناسیم، کەچی هەموو ژیانمی پڕکرد لەبەهارو لە عەشقی ژندا تواندمییەوە.

*لوی ئاڵتوسێر: زۆرزوو سەرنجی بەلای خۆیدا راکێشام، کردوومی بە دوژمنی بیروباوەڕە دۆگمەکانی هاوڕێ نزیکەکانی

ترم.

*ئاراگۆن: زوو زوو ئەو پەنجەرە تەڵخەم لێدادەخا کە سەیری ژیانی لێوە دەکەم، بەڵام تائێستا رەنج بەخەسار بووە.

*فۆکۆ: هەوڵدەدات بۆم بسەلمێنێت لەناو شێتییەکانی مندا جوانی هەیە، ئەرێ ئەو پیاوە بۆ وازم لێناهێنی؟ دیارە دەیەوێ منیش شێت بکات و بمکاتە بابەتی توێژینەوە؟.

جگە لەمەش شیعرێکی تازەم نووسیووە ئەم ئێوارە، ئەگەر بتوانین بەمە بڵێین شیعر، بەڵام تازە نووسیوومە و ناویشم لێناوە شیعر، ئەگەر شیعر هەستی تاکە کەسێك بێت، ئەمەش هەستی ئەمێستای منە:

ئەی رەشبینی تۆ لە کوێی؟
پێکەنین کوشتمی
ئەی بێهودەیی تۆ لە کوێی؟
ئومێدەواریی کوشتمی

سەرنجێك: هێندەی حەشاماتێك پێدەکەنم، چوونکە ژیان بە پووچ و مایەی پێکەنین دەبینم. شیعرەکە بە ئیحای شیعرێکی «شاملۆ» نووسراوە «ئەی مەرگ تۆ لە کوێی ژیان کوشتمی؟».

٢٠٠١-٧-٢

# -٣٨-

ئەمڕۆ چوارشەممە، کاتژمێر چواری و نیوی دوانیوەڕۆ، بە دیپۆرتکراوی گەڕاومەتەوە سلێمانی. ئێستا لە هۆڵی میدیای پێشووم کە ئێستا بووەتە ناوەندی چالاکی لاوان، لە ژوورەکەی «ئەرکان عەلی» دانیشتووم، ئەو پیانۆ ئەژەنێ، منیش ئەم دێڕانە یادداشت ئەکەم. «نیازعومەر» گوێی گرتووە. باسی سنووورداشی خۆمم بۆ کردن، چۆن دەریا لە شەوێکی هێمندا لێمان شێت بوو، یەکەمجارم بوو بچمە ناو دەریا، کەچی شەپۆلەکان زۆر تووڕە بوون، ئاسمانیش لە شەپۆل تووڕەتر و تاوە تەرزەیەك خەریکبوو زەورەقەکەمان ژێراوژووربکا. بەهەزارحاڵ گەیشتینە کەنارێك، بەڵام پۆلیس نیوەی وەجبەکەی ئێمەیان دەستگیر کرد، کە من و «ئاسۆ عوسمان» لەناو دەستگیرکراوەکاندا بووین، دوای چوار رۆژ لە زیندان پۆلیسی تورکی رادەستی زاخۆیان کردینەوە و ئێستاش لە سلێمانیم. ئەوەی بەسەرمان هات ماددەی خاوی رۆمانێکە یان فیلمێکی سینەمایی.

لەگەڵ گەیشتنم بە شار، ئاسایشی یەکێتی

دەستگیرکردیان کردم بۆ ماوەی سێ رۆژ، پاشتر بەکەفالەت ئازادیان کردم، مەرجی ئەوەشیان بۆداناوم کە هەموو رۆژانی «دووشەممە و پێنجشەمە» لە هۆبەی رامیاریی ئیمزا بکەم، سێ رۆژیشە هەموو رۆژێك کەرتی ئاسایشی رزگاری ئەنێرن بە شوێنما ولێکۆڵینەوەم لەگەڵ ئەکەن. ژیانم لە ژێر کۆنترۆڵە، کەس ناوێرێ نزیکم بێتەوە، رۆژانە کاتەکانم لەگەڵ «هاوژین مەلا ئەمین» و«ئاسۆ عوسمان» ئەبەمە سەر. هاوژین ئێستا ناوبانگێکی باشی هەیە بە تایبەت پاش ئەوەی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بریندار کرا لەسەر نووسینەکانی و یەکێتی پاسەوانی ئەکەن، ئەوەش بۆ ئەم دۆخەی من باشە. جیا لەوەش دوێنێ ئێوارە «محەمەد عەدنان»م بینی کزۆڵە ببوو لە سەهۆڵەکە، سەمون و چای ئەخوارد، بە دەنگێکی نووساوەوە وتی لەوانەیە رۆژێ ئەم سەموونە وشکەش نەمێنێ. «قسەکەی حەمە، ئاسۆی تووشی تاسان کردووە».

نیوەڕۆش کاتێك «ئەرکان» لێی پرسیم سەعات چەندە؟ کاتژمێرەکەی دەستم داکەند وکێشام بە زەویدا و شکاندم. وتم کێ پێوەری بۆکات داناوە؟ بۆ ئەبێ ئێستا سەعات دوو بێت بۆ سەعات شەش نییە؟. کات بۆ ئێمە هەریەك شتە. ئەوە کات نییە ئەڕوا وتێدەپەڕێ، ئەوە ئێمەین ئەڕۆین وتێدەپەڕین!. زەمەن شتێکی وەستاوە، مرۆڤە وەهمیانە ساڵەکان ووەرزەکان ئەژمێرێ، ئەگەرنا هیچ تێناپەڕێ جگە لە تەمەنی خۆی. ئەرکان وتی: ئەمەی کردت شتێکی ناماقووڵە،

بەڵام شێتییەکی جوانت تیایە. منیش بە تووڕەییەوە لەبەردەم دەرگای ناوەندی لاوان، هاوارم کرد: دژی هەرلۆژیکێکم. دژی عەقڵانییەتم. دژی رایگشتیی و ئەکادیمیام. دژی هەر شتێکم زۆرینە پێیان راست بێ، کێشەم لەگەڵ خودی خۆشم هەیە ئەو کاتەی ناکەومە پارادۆکسەوە.

هەوڵ ئەدەم جارێکی تر لەم وڵاتە دەربازم بێت، خەریکە تووشی پارۆنیا ئەبم! هەست ئەکەم لە هەموو لایەکەوە چوار دەورم بە سیخوڕەکان تەنراوە. هەروەك چۆن «رۆسۆ» هەستی ئەکرد تارماییەکان شوێنی کەوتوون، منیش هەمان هەستم هەیە. ژیانم کۆنترۆڵ کراوە، بچمە دەرەوەی شەستی ئەبێ ئاسایش ئاگادار بکەم و رەزامەند بن. پێرێ لەگەڵ گروپێك گەنج لە باخی گشتیی دانیشتبووین و باسی فەلسەفە و مودێرنێتە و رۆشنگەریمان ئەکرد، زوو زانیم چوار دەورمان پڕبووە لە سیخوڕ، بۆیە دانیشتنەکەم جێهێشت، دواتر هاوڕێکانم دەستگیر کرابوون. ئێوارەکەشی لەگەڵ «رێباز حەمەجەزا» یەك لیتر «جنی ئەبوشەبقە»مان بردە چەقچەق، بەڵام سیخوڕەکان نەیانهێشت بە دڵمانەوە بنووسێ، چەند ئەلکهولمان خواردەوە سەرمان مێرووڵەشی نەکرد. ئاخ.

بەرنامەم هەیە، لە هەرکوێیەك بم، دەست بکەم بە نووسینی کتێبێك بە ناوی «گۆران و نوێکردنەی شیعری کوردیی». ئەگەرچی «گۆران» شاعیری بەهار و سروشتە،

فۆرمی کارکردنی لە شیعردا سەر بە قوتابخانەی ریالیزمە، بەڵام رۆڵی ئەولە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا قابیلی فەرامۆشکردن نییە. وەڵێ ئێستا من رەشبینی باڵی بەسەررۆح ودەروونما کێشاوە، کە هەرپێرێ بە «رێباز»م وت «گەشبینی تلیاکی گەلانە.. هیوا، وەهمی گەمژەکانە ژیان تەنیا بریتییە لە تاریکی ئەوەی پێشان وجودییەکان دەیانووت لە تاریکی زگی دایکمانەوە بۆتاریکی ژیان پاشان بۆتاریکی گۆڕ». یان وتم «ئەڵێن ژیان بریتییە لە چرکەساتی خۆش وناخۆش. بە زمانە میللییەکەی ئەڵێن ژیان خۆشی و ناخۆشییە. من ئەتوانم گەواهی بدەم لەسەرهەزارناخۆشی ژیان، هەرچی خۆشییەکەشە من نەمبینیوە وەڵێ زۆرم بیستووە».

هەرئێستاش بەم چەند دێڕە کۆتایی بەم درێژدادرپیە ئەهێنم، قفڵکردنی بابەتێك ئەبێ بەجۆرێك بێ دەرگا بۆ بیرکردنەوە بکاتەوە:

یەکەمجارکە من خۆم کوشت، هەموویان سەرقاڵی ژیان بوون

هەموو لە منەوە فێری خۆکوشتن بوون

بەڵام کەسیان وەك من نەیانزانی بۆچی خۆیان دەکوژن

٢٩-٨-٢٠٠١

# -٣٩-

لەوانەیە رۆژێك بێت، دەست لە نووسین هەڵگرم، هەرچەند زیاتر بۆ خودی خۆم ئەنووسم, وەك فلوبێر ئەڵێ «نووسین بە ئەندازەی جگەرەكێشان زاتییە». بەڵام هیچ كات ناتوانم دەست لە بەڵای خوێندنەوە هەڵگرم. خوێندنەوە كوشندەیە و جارێك لە نامەیەكدا بۆ هاوڕێیەك نووسیبووم «هەرچی نووسینی دنیا هەیە گەمەكردنە لەگەڵ وەهم، كتێبەكان هەبن یان نا مرۆڤ لە دڕندایەتی خۆی ناكەوێ، ئیدی سوودی چییە نووسین؟». كەڕەتێكی تریش بە «ئاسۆ»ی نزیكترین هاوڕێم وت «خراپترین خوو، كتێب خوێندنەوەیە چوونكە ئاشنامان دەكات بە جیهانێك كە هیچ پەیوەندییەكی بەو جیهانەوە نییە تێیدا دەژین، ئاشنامان دەكات بەجۆرە مرۆڤێك كە لەم سەرزەمینەدا بوونی نییە، ئەمەش رای منە و تۆش هەرچی دەڵێی بیڵێ».

رۆژانە لاپەڕە رەش ئەكەمەوە، بە رارابییەوە دوو سێ جار ئەیخوێنمەوە و پاشتر ئەیدڕێنم، ئەم بەیانییەش ئەلبومی وێنەكان و چەندان نووسینی خۆم پێش ئەوەی بڵاوبكرێنەوە سووتاند. جاری وا هەیە مرۆ نازانێ چ كارێكی شێتانە ئەكات، بەڵام كۆمەڵگەی ئێمە نووسین بە ساوایی ئەخنكێنێ، ئاخر

ئەو کۆمەڵگەیەی نەفرەت لە کتێب بکا و نووسەرەکانیش بە ئاسانی تیایدا لە رووی مەعنەویی و بەرجەستەوە تیرۆر بکرێن ئەمیش بێدەنگ بێ، ئیدی کۆمەڵگەیەکە لەبارە بۆ ستەمکاریی و چەوساندنەوە، کۆمەڵگەیەکیشە خۆی زەمینە ئامادە ئەکا تاکو جەلاد فەرمانڕەوایی بکا. کۆمەڵگەیەکمان هەیە کە ناتوانیت خەونیشی تێدا ببینیت، چوونکە داری هەموو ئومێدێك زڕە، هەرفڕینێك یەکسانە بە مەرگ، هەزاربیرۆکەت هەبێ، هەزارداهێنانت هەبێ، کۆمەڵگە و سیاسەت زۆر دڵڕەقانە وشکت ئەکاتەوە، ناهەقم نییە لە ژوورەکەی خۆمدا ئەم دێڕەی خۆمم وەك پۆستەرێك هەڵواسیوە «کەس نییە ئازارەکانم حنجە بکات، کەس نییە لە خەمەکانم تێبگات».

هەرئەمڕۆش بیرم لە ئەشقێکی بابردوو ئەکردەوە، چەند سەختە دابڕان بۆ ئاشقێك لەوکاتەی مەست مەستە بە ئەوینێکی قووڵ؟! هەربۆیە ئەلبوومی وێنەکان و شیعرەکانم کرد بە خۆراکی ئاگر. رەنگە ئەوە من بم لە گۆڕانی زەمەن تێنەگەم، یان دانی پێدانەنێم، بەڵام زەمەن زۆرگۆڕاوە، ئەشێ هەرواش بووبێ من هەڵە تێگەیشتبم. ئای لەو رۆژەش کە دەستم لەناو دەستی یاربوو لە گەڕەکی رعایە، وتی شیعرێکی خۆتم بۆبڵێ بەڵام بەرهەمی ئەم چرکەیە بێت کە پێکەوەین، منیش بۆ قسەکردن خراپم، وتم قەڵەمێکم بدەرێ و لەسەربەرگی رۆمانەکەی «بەختیارعەلی» ئەمەم

بۆ نووسی:

هەرکات بیرت کردم دڵ و شیعرەکانم لەلاتن

بۆنی هەناسە و گەرمی رۆحی منیان پێوە بکە

هەرکات بیرم کردی لە شیعرێکی نوێدا

هەست بە ئەوین و لوتکەی جوانی خۆت بکە

زۆر سەرسام بوو، ئێستا شیعرەکانم تەنها لای ئەون دڵیشم لە تراویلکە، بیری ئەکەم و لەم شیعرەدا بۆنی ئەکەم:

حەزم ئەکرد بمتوانتیبا زەمەن بگێڕمەوە دواوە

ئەوسا لە بری ئازاری دڵ

تۆوی ماچم لەسەرلێوت ئەڕواند

***

ئامێزت بکەرەوە

بە خەرمانێك وشەی گەرمەوە

بە باوەشێك ماچی تەڕەوە

بە دڵێکی پڕئازارو هەلا هەلاوە

بەرەو قووڵایی چارەنووست بەرێوەم

***

وای لە من. چەند جار ئەقڵم ئامۆژگاریی دڵی کردم، ئەگەر بۆ یەکجاریش بە قسەی ئەقڵم بکردایە حاڵم بەم رۆژە نەدەگەیشت. دڵم هەمیشە رایکێشاوم بۆ ناو گەمە دۆڕاوەکانی عەشق و ئەقڵیشم هەمیشە هۆشداریی داوە پێم. تاکو ئێستاش بۆ یەکجار بە قسەی ئەقڵمم نەکردووە و دڵ

هەمیشە دۆزەخی عەشقی بۆ داخستووم. ئێستا پێویستم بە پشووە، چەرخێکی سپڵە تێکەوتووین، سەدەی بیست و یەك سەدەی کوژانەوەی هەموو رووناکییەکە. ئەوەش ئەزانم کە خودا منی بۆ ئازارچەشتن ئافراندووە، بیۆگرافیای من تەنیا زنجیرەیەك ئازاری پێکەوە بەستراوە.

چ زەمانێکە
وا لە خونچە دەکەن دڕك دەربدات
وا لە بێدەنگی دەکەن هاواربکات
وا لە خەندە دەکەن ئەسرین دەربدات
ئای لەم چەرخە!!!!

٢٠٠١-٩-١

## - ٤٥ -

رقم لە قەرەباڵغییە، ڕێگە بدەن تەنها بم و لەگەڵ وەسوەسەکانی خۆما بژیم، ئەو وەسوەسانەی مێشکیان خواردوم. رقم لە ژیان نییە، بەڵام مەرگیش نابوغزێنم، هەندێ لە هاوڕێیان سڵ لە بۆچوونە پووچگەراکانم ئەکەنەوە، بەڵام بۆراگرتنی دڵی هیچ کەس دەستکاریی سروشت و روانینی خۆم ناکەم. ئێستا دێن رەخنەم لێ ئەگرن و ئەڵێن بە هەموو هێزت داکۆکیت لە کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیست ئەکرد، ئێستاش کەوتوویتە رەخنە و ئاستێکیش لە دژایەتی, جا ئەوە کەی نەنگییە بۆ من؟. بەڵکو نیشانەی ئەوەیە هێشتا زیندووم، مرۆڤ بۆ ئەوە نەهاتووە وەك مانگا بلوەڕێ، مرۆڤی زیندوو ئەو کائینەیە گومان ئەکات و یاخی ئەبێت. هەڵە ئەکات بەڵام کۆڵ نادا، هیچ شتێك هەقیقەت نییە، وەك زاناکانی فیزیا ئەڵێن هەموو ماددەیەك لە دۆخی ئاساییدا هاوبەرگەیە. واتە تێکەڵەیەکە لە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ. خەتەرترین جۆری ئینسان ئەوانە بە ناوی هەقیقەتەوە قسە ئەکەن.

هۆشیاریی ترسناکە، چوونکە واتلێدەکات شۆخی بە هەقیقەتە وەهمییەکان بکەیت. فەرموو کابرایەکی

مانگاپەرست لە هیندستان تێبگەیەنە، کە مانگاکەی ئەو نەك خودا نییە، بەڵکو خولەی قەساب رۆژی سەد دانە لەو مانگایانە سەرئەبڕێ و «عەباس ئەبوشوارب»یش بە کەباب و تکە دەرخواردمان ئەدا. بە پێی میتۆلۆجییە ئاینییەکانیش یەکەمین تاوانی مرۆڤ خواردنی سێوی مەعریفەی بەهەشت بوو، چوونکە لەگەڵ بە ئاگاهاتنەوەیدا بە ژیانی سەرزەوی سزادرا، کەوابوو هۆشیاریی و ئاگایی بەڵاگەورەکەی مرۆڤن. خوداکان و پیاوانی ئاین، هێندەی هەموو شت لە مرۆڤی هۆشیار ئەترسن. ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری هەقیقەت ئەزانن هەمیشە سڵ لە کەسانی وەك «سپینۆزا» ئەکەنەوە. لگاوچییەکانی لگاوخانەی سیاسەت هەمیشە لە تاکی هۆشیار ئەترسن. ئەوەی پرسیار و گوومان نەکات، پێی خۆش بێ یان نا، بەشێکە لە مێگەل. ئەو مێگەلەی «سۆن تزۆ» لە پەڕاوی «شەڕ»دا بەرلە چەندین سەدە، بە پێویستی ئەزانێ شوانێکیان هەبێ و بەدڵی خۆی لێیانخوڕێ!.

کاری من، خوێندنەوەیە بۆ کەشفی دنیا، لە ڕێگەی ئەو گوومان و پرسیارانەی لە کتێبەکانەوە سەرمایەگوزاری لەسەر ئەکەم. لەو رۆژانەش بۆ هاوڕێیەکم نووسیبوو «بەو چاوە ماندووانەمەوە نیهلیزمی ژیان ئەبینم، بە کاسە سەرێکی پڕ ئازارەوە جیهان بەو پووچییە هەڵدەسەنگێنم، من بۆ ئەوە خوڵقاوم گوومان بخەمە سەرهەموو پیرۆزییەك، هاتووم بۆ ئەوەی چیلکە رادەم لە شارە زەردەواڵەی کۆنەستی گشتی».

ئەمڕۆ لە کاتی گەڕان بەناو کتێبەکانما، پارچەیەك نووسینی خۆم دۆزییەوە کە پێموایە دوو ساڵێکە نووسیوومە بۆ یار، لە نامەیەکیشدا بۆم ناردبوو، ئەگەرچی لە حاڵەتی تووڕەییدا یادگارەکانی نێوانمانم لەناوبرد، بەڵام هەنووکە دووبارە لە کۆکردنەوەیاندام، لێرە ئەینووسمەوە بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاربێ.

«من رقم لە گەشبینییە، رووبەری تاریکیی زیاتر لە رووناکییە دەستکردەکان دەبینم، بەڵام شتێك لای من کە مانایەکی دابێت بە ژیانم، وجودی تۆیە. ئەوە لە هەموو سەرمایەیەکی دیکە بۆ من گرنگترە. عەشق هیچ یاسا و رێسایەکی نییە، بەپێچەوانەوە عەشق شکێنەری یاسا و رێساکانە. عەشق بناغەیەکی ئەقڵانی نییە، خۆ هەرکات ئەقڵانییەت هاتە ناو پرۆسێسەکەوە ئیدی دوا بزمار بدە لە تابووتی عەشقەکەت. باوەڕێکی ئەزموونکراو هەیە کە دەڵێ یەکەم عەشق و یەکەم مەعشوق بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. کەوایە تۆ بۆ هەمیشە دەمێنیتەوە. من لە دەرەوەی تۆ بایەخ بە شتێکی تر نادەم، هەرچەندە سەروکاریم لەگەڵ خوێندنەوە وسیاسەت، کاتی منیان بە فیڕۆداوە کە هەقوایە تەرخانی بکەم بۆتۆ. لەگەڵ ئەوەشدا خۆشم دەوێی بۆ ئەبەد تەنانەت لەنێوان عەشقی تۆ و مەرگی خۆمدا، رێگەی سێهەم شك نابەم، بۆیە لە دوای عەشقی تۆ، مردن بۆ من شەربەتە و خەڵاتێکی شاهانەیە».

ئێستا وازلە ئەشقبازیی ئەهێنم، ئەگەڕێمەوە ناو دنیای مامۆستا هەمیشەییەکەم، ئەویش جیهانی فریدریك نیتشەیە. خۆم سەرقاڵ ئەکەم بە خوێندنەوەی کتێبێکی بە ناوی «ما وراو الخیر والشر». هەفتەی پێشتریش کتێبی «ژینۆلۆژیای رەوشت»ەکەیم خوێندەوە. بۆ ئەوەی فێری گوومان و یاخیبوون بیت، فەرموو وەرە لە رۆحی شێتانەی «نیتشە» تێبگە، ئەو شکێنەری بتەکانە، مامۆستای راسان و خەباتکردنە دژی «مەیموونەکەی ناخمان». هەر بۆیە لە ستایشی ئەودا ئێستا ئەم دێڕانە ئەنووسم:

سڵاو مامۆستا نیتشە

دوو شتت وەك وانەی هەموو ژیانم فێرکردم:

یەکەم: لوتبەرز بم لە ئاست گەلۆر و جاهیلەکاندا

دووەم: شانازیی بە رۆحی سەرکەشی خۆمەوە بکەم

سوپاس بۆ تۆ مامۆستا نیتشە

٦-٩-٢٠٠١